PDF4Kurd

تینسی ولیامزو

# ئاڕاستە نوێیەکانی شانۆ

ناوی کتێب: تینسی ولیامزو ئاراسته نوێیەکانی شانۆ
وەرگێرانی: کامەران سوبحانو عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە
بابەت: لێکۆڵینەوەی شانۆیی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: خالید محەمەد
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: ١٠٠٠
ژمارەی سپاردن:        ی ٢٠٠٧
نرخ: ١٥٠٠ دینار
دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

# تینسی ولیامزو
# ئاڕاسته نوێیەكانی شانۆ

نووسینی
د. شاكر ئەلحاج

وەرگێڕانی
كامەران سوبحان
عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

سلێمانی ٢٠٠٧

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٣٨٧ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# بۆچی تینسی ولیامز؟..

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە جۆرێك لە تەمومژاوی بێت، بەتایبەتیش بۆ ئێمەی خاوەنی ئەم بەرهەمە، بەڵام ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەوڵدەدەین چیرۆکی لەدایکبوونی ئەم پڕۆژەیە وەك خۆی بگێڕینەوە، بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە ببێتە پێشەکی و دەروازەیەك بۆ ئەم کتێبەی بەردەستتان..

ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ هاوڕێی زۆر ئازیزم (عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە) ڕۆژێك باسی شانۆو ئەزموون و کتێبخانەی شانۆییمان دەکرد، ئەو بە حوکمی تەمەن و ئەزموونی خۆی ئاگایەکی باشی لە شانۆ و ئەدەبیاتی کوردی هەبوو لە هەشتاکاندا، پێیوتم بۆ نایەیت پێکەوە چەند کتێبێکی دانسقە لەسەر شانۆ و ئەدەبیاتی شانۆیی وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی؟.. منیش ڕازی بووم، ئەوکاتە نە ئینتەرنێت هێندە لە کوردستاندا بە بەرفراوانی هەبوو، نە سەرچاوەی کتێبی شانۆییش ئەمەندە بە ئاسانی دەستدەکەوت، مەگەر لەڕێی هەندێ کەسەوە چەند کتێبێکی شانۆییمان لە سوریاو ئەردەنەوە پێبگەیشتایە، ئەو کتێبانەش چەندین دەستاو دەستی دەکرد، بەڵام هەرگیز وەك ئێستا سەرچاوەکان بە زمانە زیندووەکانی دونیا لە وڵاتی خۆماندا فراوان نەبوون، ئەوکات نەدەتوانرا لە ڕێی ئینتەرنێتەوە

و بە چەند خولەکێك چەندین کتێب و سەرچاوەی نوێ لە سایتە هونەری و شانۆییەکاندا وەربگیرێت..

بەهەرحاڵ.. هەوڵماندا ئەم بیرۆکەیە بکەینە واقیع، سەرەتا بە کتێبی (ئەزمونی شانۆی مایرهۆڵد) دەستمان کرد بە پرۆژەکەو دووەم هەوڵمان کتێبی (تینسی ولیامز و ئاراستە نوێیەکانی شانۆی هاوچەرخ) بوو، کە (شاکر الحاج) نووسویەتی، بۆ ئەم کتێبەیان ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم زیاتر لە دوو ساڵە تەواوبووەو بەهۆی هەندێ گرفتەوە نەمانتوانی چاپیبکەین، دیارترین گرفتیش گەڕانەوەی کاك عەبدوڵڵا بوو بۆ شاری کەرکوك و دوورکەوتنەوەمان لە یەکتری...

بۆ ئێمە ئەم هەوڵە ڕەنگە جێگەی دڵخۆشی بێت، چونکە چ کتێبەکەی مایرهۆڵد و چ ئەم کتێبە، دوو کتێبن لە مێژووی کتێبی کوردیدا یەکەم کتێبن بە زمانی کوردی، لەسەر (مایرهۆڵد و تینسی ولیامز)، جگە لەوەیش (مایرهۆڵدو تینسی ولیامز) دوو کارەکتەری گەورەی مێژووی شانۆن و بەداخەوە تا هەنووکە خوێنەری ئێمە کەمترین زانیارییان لەسەر ئەم دوو کەسە هەیە بە زمانی کوردی، مەگەر خوێنەرێك پەنای بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بردبێت بۆ ئەوەی دەقێکی ولیامز یان شێوازو ئیشکردنەکانی مایرهۆڵد بزانێت..

سەبارەت بە وەرگێڕانی هەندێ زاراوەو ناوی شانۆییەکانی تینسی ولیامز تووشی چەند گرفتێك بووین، یەکێك لەو گرفتانە ئەوە بوو کە ئایا ئێمە ناوی شانۆییەکان بە عەرەبی وەك ئەوەی (شاکر الحاج) وەریگێڕاوە دابنێین یان بیگۆڕین بۆ سەر زمانی کوردی؟.. تا کاتی نەخشەسازییش

بڕیارمان وابوو بە عەرەبی بێت، بەڵام دواتر بڕیاری ئەوەمان دا پێویستە بیانکەین بە کوردی، هەرچەندە ئەو دەقانەی کە پێشتر کراونەتە کوردی بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەو شانۆییانەشی بە چەند ناوێك هاتوون، بەتایبەتی لەلای وەرگێڕە عەرەبەکان، هەرچۆنێك بێت هەوڵمان دا بەپێی چەند وەرگێڕێکی عەرەبی کە دەقەکانی ولیامزیان وەرگێڕاوە سەرجەم ئەو شانۆییانەی لەم کتێبەدا ناویان هاتووە بکەینە کوردی، بەهیوای ئەوەی نەکەوتبینە هەڵەوە..

بەدەر لەمانەش پێویستە ئێمە لە ئاماژەدان بە هەوڵ و سەرەتای ئیشکردنەکانی خۆمان قسەیەك لەسەر کرۆکی کتێبەکەی (شاكر الحاج) بکەین. ئەم کتێبە بینینێکی قوڵ و شیکاریانەی بەرفراوانی بۆ دەقە شانۆییەکان و ژیانی ولیامز هەیە، ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستەیەکی زۆر لەسەر ولیامزو ئەو پایانە دەکاتەوە، کە ئەو بە شانۆی ئەمەریکییەوە دەبەستێتەوە، پاشتر کاریگەرییەکانی (فرۆیدو نیچە) وەك ڕەهەندی فیکریو فەلسەفی لەسەر گۆشەنیگاو بیرکردنەوەی ولیامز دەخاتە ڕوو، لە کاریگەرییەکانی نوسەرانی شانۆشدا هێما بۆ هنریك ئیپسن و برێخت دەکات وەك دوو ڕیتم و فۆناغی جیاواز، کاریگەرییەکی دیاریان لەسەر ولیامز هەبووە..

بەدەر لە هەموو ئەمانەش، پێویستە بڵێین تینسی ولیامز یەکێکە لە دیارترین نووسەرەکانی سەدەی بیستەم لە ئەدەبیاتی شانۆی ئەمەریکیدا، کە کاریگەرییەکانی ئەو تەنها لە شانۆی ئەمەریکیدانییە، بەڵکو لە شانۆی ئەوروپاو زۆرێك لە وڵاتانی تریشدا دەردەکەوێت، بۆیە بە بڕوای ئێمە چ

خوێنەری کوردو چ کتێبخانەی کوردی پێویستیی زۆری بەم کتێبە سەنگینە دەبێت..

لەبەر ئەم هۆکارانەو سەنگینیی کتێبەکە لە بواری لێکۆڵینەوەی شانۆییدا، ئەم کتێبەمان وەرگێڕا. جێگەی خۆشحاڵیشمانە چاپکردنی کتێبەکەمان هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی شانۆی جیهانیدا، بە هیوای ئەوەی هەوڵێکی بچوکی ئێمە بێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فراوانەی ئەمڕۆ لە شانۆی کوردیدا هەستی پێدەکرێت...

**کامەران سوبحان**

**٢٠٠٧/٣/١**



**تینسی ولیامز..**

**ئەو شانۆنووسەی رۆڵی هەبوو لە پێشکەوتنی شانۆی ئەمەریکیدا**

# تینسی ولیامزو
# ئاڕاسته نوێکان له شانۆی جیهانیدا

دوای مردنی (تینسی ولیامز)ی شانۆنووسی ناوداری ئەمریکی له ساڵی ١٩٨٣دا، شانۆ جیهانییەکان بەگشتی و هەندێك له شانۆ ئەکادیمییەکانی جیهان بایەخێکی زۆریان دا به نمایشکردنی شانۆییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش زۆریان لەبارەیەوە نووسی، گەرچی ئەو نووسینانەش بەشێکی کەمبوون لەبارەی شانۆنووسێکی گەورەو ناودارەوە نووسرابێت، که شانبەشانی (یوجین ئۆنێل) بوو به ناودارترین شانۆنووسی هاوچەرخی ئەمریکی، ڕەخنەگران له ئەمریکاو

دەرەوەی ئەو وڵاتەشدا رای جیاوازیان هەبوو سەبارەت بە بایەخ و بەهای درامیی شانۆی (تنسی ولیامز)، ئەم نووسراوەیش هەوڵێکە لە جیهانی عەرەبیدا بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی لەبارو بەرفراوان سەبارەت بە شانۆی (تینسی ولیامز)، شیکارێکیشە بۆ زۆربەی شانۆییەکانی، بەجۆرێك ببێتە سەرچاوەی کۆی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەی کە ئاڕاستەیەکی جیاوازی بۆ شانۆکەی گرتەبەرو پەنجەرەیەکی نوێیشی بەڕووی شانۆی ئەمریکیدا کردەوە، کە تێیدا بەپێی تیۆرەکانی زانستی هاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵ غەم و ئاواتەکانی مرۆڤدا کردووە.

# تینسی ولیامز له شانۆی ئەمریکیدا

سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کە لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا هات، ئەوا زیاترین بەشی ڕێزو نەوازش لەنێوان شانۆنووسانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم بەر (تێنسی ولیامز) کەوت، کە لەڕێی شانۆییە نووسراوەکانی سالانی بەر لەجەنگەوە یەکەمین هەنگاوەکانی سەرکەوتنی گرتەبەر. شانۆییەکانی بەناوداترین شانۆییەکان دادەنرێت لەئەمریکادا، کە لەمیانەی سالانی گەشەسەندنیدا ژمارەیەکی زۆر شانۆیی بەرهەمهێنا و بەیەکێك لەو شانۆنووسانە دادەنرێت، کە ئیشەکانیان بۆتە فێرگەی هونەری شانۆنووسین و تێگەیشتن لە گەشەسەندنی مێژووی بزاڤی

شانۆی ئەمریکی و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە درامای ئەمریکی نەبۆتە خاوەن بابەتێکی ئەمریکی تەنها لە چل ساڵی رابردوودا نەبێت و ئەوپەڕی پێگەیشتنی خۆی لەشانۆییەکانی (یوجین ئونێل)و (رۆبەرت شیرۆد) و (ئالمێر رایس)و (سیدنی هوارد) و (تنسی ولیامز)دا تەواوکرد. هەرچەندە درامای ئەمریکی هەر لەسەرەتایەوە ڕەنگدانەوەی شێوازە ئەوروپی و بەریتانییەکانی بەشێوەیەکی تایبەتی پێوە دیاربوو، کە لەو دەمەدا باویان هەبوو، چەندەها نووسەری ناوداریش بەهۆشێکی تیژو ئەزموونێکی گەورەوە لەبواری درامای شانۆییدا نووسییان بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەریت و هەڵوێست و مەینەتی و قەیرانەکانی جەماوەر لە دارشتنێکی واقیعی و پڕ لەهەستی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو شانۆییانە بەجۆرێکی ئەوتۆ لەئاستی مەحەکی زەمەندا خۆیان ڕانەگرت، کە نەمری و ژیانیان بۆ دەستەبەربکات، چونکە دوای جەنگ گۆڕانێکی زۆر بەسەر نەریت و مۆرك و دابی ئەمریکیدا هات، ئەو شانۆییانەی کە لە قۆناغی سەرهەڵدانی شانۆی ئەمریکیدا نووسران جۆرێك لە سەیرو سەمەرەیی و نامۆییان بەسەرداهات، کاتێك لەسەر تەختەی شانۆ نمایشدەکران، چونکە سادەیی بیرۆکەکان و کەم ئەزموونییان دەخستەڕوو لەبارەی شانۆنووسینەوە لەچاو ئەو گەشەسەندنانەدا، کە بەسەر شانۆی نوێدا هاتبوون. لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی ئەمریکیدا بابەتی خۆشەویستی و سەربەخۆیی و شۆڕش بەسەر زۆردارانددا باویبوو، ئەو شانۆییانەش لەڕووی پێکهاتەی دراميیەوە

سادەبوون، نیمچە (ئێرتیجال)یش بوون و ناوەڕۆکەکانیشیان پشتبەستووبوو بە چیرۆك و حەکایەتی میللی و پاڵەوانێتییەکان لە مێژووی نیشتمانی مرۆڤایەتیدا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەو مێرخاسییە تاکەکەسییانەی کە لە ڕووداوە رابردووەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، هەروەك نمایشی شانۆیی (سپارتاکۆس)، کاتێکیش پێویستی هاتە ئاراوە بۆ پێشکەشکردنی ئیشی دیکەی خودان شێوازی چارەسەرکردنی کاروباری مرۆڤایەتی و نزیکبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەو هەوڵەکانی ئامادەکردنی شانۆیی لە ڕۆمانی خاوەن کاریگەریی میللی دەستیپێکرد، وەك ئامادەکردنی رۆمانی (کۆلیتەی مام تۆم). شەڕی ناوخۆش رەنگدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر درامای ئەمریکی، کە تیایدا لە چەندەها شانۆییدا باسکران، کە رەنگدانەوەی ئارەزووەکان دەرکەوت بۆ لەبیرخۆبردنەوەی مەینەتییەکانی جەنگ و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بیرکردنەوە لە وێنەی داهاتوو بانگەوازی بەهێز بۆ جەختکردنەوە لە چەمکەکانی یەکڕیزی و یەکێتیی ئەمریکاو نزیکبوونەوە لە دۆزی خۆشەویستی و ئازادیی تاکەکەسی، کە هۆکارێك بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیێتی و ڕوانین بۆ چاککردنی هەلومەرجە ئابوورییەکان و ئەو بانگەوازەش بوو بە هۆکاری بنچینەیی بۆ گەیشتنی شەپۆلە بەرفراوانەکانی کۆچبەران و بوونیشیان رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر حاڵەتی گەشەسەندنی زۆرێك لە بوارەکان و دەرچوون لە چوارچێوەی بەرتەسکی بواری راوبۆچوونە ئاینی و

سیاسییەکان و ڕەخساندنی بوار لەبەردەم تاکەکاندا بۆ نەشونماپێکردنی توانا مادییەکانیان و گەشەپێدانیان و وەبەرهێنانی سامانەکانیان لەپرۆژەکانی بونیادو گەشەپێداندا، بەوەش تەنگەژەی نویّ لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا سەریانهەڵدا.

لە شانۆی ئەمریکیدا چەند نموونەیەك سەریانهەڵدا، کە شایستەی چارەسەرو پەردە لەسەرهەڵدانەوە بوون و ئەو شانۆییانەش نمایشکران کە لەشێوە درامایەکی میللیدا ئەو دەڵاڵ و گەندەڵکارانە وێنادەکران کە سەرنجی جۆرەها چینوتوێژیان رادەکێشا بە چاوپۆشی لە ئاستی شانۆییەکان کە زۆر جار مۆرکی کۆمیدیاو گەورەکردنی ساکارانەی ئەو گرفتەیان لەخۆدەگرت، کە دەخوازرا باسیان لێوەبکرێت، بەو جۆرەش شانۆی ئەمریکی لە قۆناغی وتووێژکردن لە هەلومەرجە نوێکاندا جێی بایەخێکی جەماوەریی بەرفراوانی بەدەستهێنا. هەوڵە یەککگرتووەکانی شانۆ، کە بۆ نەخشەدانان بۆ ئایندەی شانۆی ئەمریکی دامەزرێنرا، هەر لەسەرەتاوە هەماهەنگ بوو..

لەگەڵ سەرەتای دەستپێکی شانۆی نوێی ئەمریکی لەگەڕانیدا بەدوای سەرچاوەکانی بواری شانۆنووسین و دەرهێنان تاکو خوێنی نویّ ببەخشێت بە بزاڤی شانۆیی. هەر بۆ ئەوەش هەوڵە یەککگرتووەکانی شانۆ هەر لە سەرەتاوە بیری لە ڕاکێشانی پردی پەیوەندی کردووە بە شانۆی ئەوروپییەوە، وەکو ئەو دەمەو ئەو قۆناغە لە شانۆی ئەمریکی پێشکەوتووتربوو، بیرکردنەوەش لە نمایشکردنی ئەو شانۆییانەوە دەستپێیکرد، کە ناوبانگی زۆریان دەرکردبوو لەبەر

لێدوانیان لە غەمەکانی سەردەم و گرفتەکانی مرۆڤ و لەبەر ئەوەش کە بەشێکبوون لە فێرگەو ئاراستە گرنگەکانی شانۆی جیهانیی نوێ، هەندێك لەو نموونە شانۆییانە هەڵبژێردران کە بانگەشەیان بۆ ئازادی و بەرخوردان دەکرد لە دژی زاراوەی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوو، ملنەدان بە بەهاو ڕەوشتە میراتی و کولتوورییەکان و بایەخدان بە درامای بیرۆکەکان، واتە ئەو شانۆییانەی کە ئامانجیان بریتی نەبوو لەچێژوەرگرتن و کات بەسەربردن، بەڵکو ئامانجداربوون بە مشتومڕ لەسەر ئەو بیرۆکانەی کە لەهەندێك باردا پەیوەستبوون بە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هاوچەرخەکان، شانۆییەکانی (بەرنادشۆ) پشکی گەورەیان لەوەدا هەبوو، هەروەها پێشکەشکردنی نموونە لە شانۆییە هێماکارییە گرنگەکانی (هنریك ئەپسن) و (فرانز بروفیل) و (جۆرج کیزر). مێژووی شانۆی ئەمریکیش بایەخی زۆر تۆمارکردووە بە نمایشکردنی نموونە لە شانۆنووسە ئەمریکییە داهێنەرەکانی وەك: (یوجین ئۆنێل) و (ئالمێر رایس) و (روبرت شرود) و (ماکسویل ئەندرسۆن) و (فیلیب باری). هەوڵی زۆری کۆمەڵەو شانۆییەکانی تریش دەخرێنە سەر هەوڵەکانی یەکگرتووی شانۆ بۆ دروستکردنی شانۆی نوێی بەها بوژاوە، کە هەموویان بەشێك بوون لە بزاڤێکی شانۆیی بەرفراوان لەشارە گەورەکاندا.

گرنگیی ئەو هەولانەش لەوەدایە کە کراوەبوون بەڕووی ئاراستەکانی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا، زیاتر لەوەی کە بایەخداربن تەنها بەڕووی هەوڵە هەرێمایەتییەکانی شانۆی ئەمریکیدا، ئەوەش بوو

بە مایەی گەشەسەندنی ئەو ئەزموونانەو سەرکەوتنی ڕەوتی شانۆی ئەمریکی و پێگەیشتنی ئەو ناوەڕۆك و فۆرمانەی کە شانۆنووسە ناودارەکانی وەك (یوجین ئۆنیل) و (ئارسەر میلەر) و (تینسی ولیامز) و کەسانی تری وەبەریانگرتبوو.

(ماڵکۆڵم گوڵنشتاین) شانۆنووسانی قۆناغی سییەکانی ئەمریکا بە کەسانێکی کەم ناودەبات لە ئەهلی فیکر، بەڵام بەتواناییان ناودەبات لە خوڵقاندنی درامایەکی ئامانجداری نوێ و چالاك و کارا بۆ بزاڤی شانۆ. ڕەهەندێکی گرنگیش هاوکاربوو لە گەشەسەندنی تواناکانی ئەو شانۆنووسانەدا، کە بریتبوو لە زیاتربوونی ناڕەزایی کۆمەڵایەتی لە ئاسۆی واقیعی ئەمریکیدا. ئەو کاتەی کە دۆزەکانی مرۆڤ و غەمەکانی بووبوونە تەوەرەی بنەڕەتیی فیکری شانۆیی و هەموو وەرزێکیش هەڵگری بڕێکی نوێبوو لە ئاڕاستەو بۆچوونی داڕێژراو لە بۆنەی شانۆییدا، کە هەڵگری شۆڕشبوون بەسەر مادییەت و ستەم و وێناکەری زیاتر لە نیشانەیەکی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی نوێبوون و نوێخوازی. با لەسەر سێ شانۆنووسی ئەو سەردەمە هەڵوێستە بگرین، کە ئەوانیش (ماکسویل ئەندرسۆن) و (ئێس ئێن بیرمان) و (روبرت شیرۆد)ن، کە زۆر بە جوانی لە شانۆدا گوزارشتیان لە ئاڕاستە تەقلیدی و سونەتییەکانی چینی ناوەڕاستکرد، شانۆییەکانیان بە چێژو تامێکی مەرگەسات و تراژیدیئامێزو مۆرکی جدییەت ناسران، زۆرینەی پاڵەوانەکانیشیان کەسایەتییە هەڵبژێردراوەکان بوون لە چینی ناوەنداو ئەو شانۆییانەش بە گەشەسەندنێکی تراژیدیاکانی خێزان

دادەنران، کە لە هەردوو سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا بەربڵاوبوون، کەسایەتییەکانی چینی ناوەندیش بە چاك دادەنران بۆ جێگرتنەوەی چینی پیاوماقوڵان، کە ئەو شانۆییانەیان پیێ ناسرابوون. (ئەندرسۆن) شانۆیی زۆری کۆمیدی و تراژیدی و لیریکی و میلۆدرامای نووسی، لە نووسیندا گەیشتە ئاستی هەڵبژاردنی یاخود پەیڕەوکردنی شێوازی توندوتیژی لە شانۆدا، کاتێك شانۆیی (هەردوو خانووەکە بۆتۆ)ی نووسی، کە تیایدا هێرش دەکاتە سەر سیاسەتەکانی کۆنگرێس و دواتریش زنجیرەیەك شانۆیی نووسی، کە تیایاندا هەوڵی نمایشکردنی گرفتە هاوچەرخەکانی دا، وەك شانۆیی (گالیسکەیەکی نایاب) کە (بێرمان)یش زیاتر لە ئاڕاستەی کۆمیدی نزیکدەبێتەوە، ئەمیان لە شانۆییەکانیدا هەوڵی ئەوەی دا، کە پەردە لەسەر دژە خودەکانی نێوان سامانداره گەورەکان و کرێگرتەکاندا هەڵبداتەوە، وێڕای ئەویش لە چەند شکڵێکی کاریکاتێریی تۆقێنەردا ئیشی لەسەر سلوك و نەریتەکان کردووە. ڕەنگە شانۆیی (کاتم نییە بۆ گاڵتەجاڕی) لە گرنگترین ئیشەکانی بێت، کە تیایدا لایەنێك لە ژیانی خۆی و ئەزموونەکانی تۆمارکردووە، (ڕۆبەرت شیرۆد)یش ئەو شانۆنووسە دیارەیە، کە توانیی لە کۆمیدیای ئاستبەرزەوە بچێتە سەر درامای کاریگەر، کە گرفتێکی مرۆڤایەتی چارەسەردەکات. لە ساڵی ١٩٣١دا چەند کۆمیدیایەکی نووسی، کە بە باسکردنی لە تیۆرەکانی شیکاریی دەروونی بوو بە جێی بایەخێکی زۆری جەماوەر، چوار ساڵ دواتریش (شیرۆد) بەدیدێکی ڕەشبینانەوە بابەتی قەیرانە ئابوورییەکانی ئەو

دەمەی ئەمریکای خستبووە بەر باس و لێکۆڵینەوە، وەك شانۆیی: (دارستانە ڕەقەڵاتوەکە) کە بە باشترینی ئەو شانۆییانە دادەنرێت سەبارەت بە قەیرانە ئابوورییەکان نووسرابێت و هەموو لێکۆڵینەوەو بۆچوونەکان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە (ئەندرسۆن) و (بیرمان) و (شیرۆد) باشترینی شانۆنووسە کۆمەڵایەتییەکان و خاوەن پیشەبوون لە بواری شانۆنووسیندا، درامای کۆمەڵایەتیش لەسەر دەستی شانۆنووسەکاندا پەرەی سەند لە قۆناغی سییەکاندا، کە شانۆیی زۆری بەخۆوە دی، لەوانەی چارەسەری دۆزی کرێکاران و ڕەتاندنیانی دەکرد، وەك شانۆیی (لە چاوەڕوانیی لیفتی)ی (کلیفۆرد ئۆدتیس) کە لەڕێی بەرگرتن لە چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانەوە سەرنجی جەماوەری ڕاکێشا، هەروەك بەردەوامبوو لە ئیشکردن لەسەر ئەو بیرۆکانە لەشانۆییەکانی..

لە دواتریشیدا، وەك شانۆیی (ڕابن و گۆرانی بڵێن) و (کوڕە زێڕینەکە)و (موشەکێك بەرەومانگ)ی (لیلیان هیلمان)ی کچە نووسەریش واقیعیتربوو لەو شانۆییانەیدا، کە باسیان لە هیوا بەرفراوانەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکرد، کە لەسایەی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیدا ئەگەری گۆڕانیان لێدەکرێت. لە هەردوو شانۆیی (کاتژمێری منداڵان) و (ڕێوییە بچوکەکان)دا، کە بە جوانترین ئیشەکانی دادەنرێت و باس لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئەو سەردەمە دەکات دوای گوزەراندنی قۆناغی جەنگی دووەمی جیهانی و دەرکەوتنی پەرەسەندنە زۆرەکان لە ژیانی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا. ئەو

ڕێژە زۆرەی کە بەر ئیشی شانۆنووسانی ناوداری وەك (یۆجین ئۆنێل) و (ئارسەر میلەر) و (تنسی ولیامز) و (ئەدوارد ئەلبی) کەوتو هەموویانی خستە ریزی داهێنەرە دیارەکان. (ئۆنێل) بەر لە جەنگ وەك شانۆنووسێکی جیهانی نەناسرابوو، بەڵام لە ئەمریکادا بە شانۆنووسی پلە یەکەم ناسرا و لە دەرەوەی ئەمریکاش جێی رەزامەندیبوو، بۆیە سێ جار خەڵاتی (بولتیندر)ی سەبارەت بە باشترین شانۆیی ئەمریکی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٦یشدا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا، هەرچی (ئارسەر میللەر)یشە بە میلۆدرامایەکی واقیعی بەناوی (هەمویان ڕۆڵەی منن) دەستپێکردو دوو ساڵ دوایی شانۆیی (مردنی دێوەریەك)ی پێشکەشکرد، کە بینەرانی سەرسامکرد، وێڕای شانۆیی (تاقیکردنەوەیەکی سەخت) و (دیمەنێك لەپردەکە).


(تینسی ولیامز)یش ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسۆی شانۆی ئەمریکییەو رەنگە شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان)ی گرنگترین شانۆیی ئەم سەردەمە نوێیە بێت.

# تینسی ولیامزو سەرەتاکانی دەرکەوتن

(تۆماس لاینەر ولیامز) لە ساڵی١٩١٤دا لە (کۆڵۆمبوس)ی ویلایەتی (میسوری)دا لە خێزانێکی هەژار لەدایکبووە. باوکی کەسێکی توندوتیژو مامەڵەی وشك بووە لەگەڵ خێزانەکەیدا، باوکی (تینسی ولیامز) لە کۆگایەکی پێڵاوفرۆشتندا بژێویی ژیانی پەیدادەکردو دایکیشی کچی قەشەیەکی باشووربوو، کە زۆرێك لە چیرۆکە میللی و فۆلکلۆر و ئاینییەکانی لە بیرەوەریی (ولیامز)ی گچکەدا چاند. لە ساڵی ١٩٣١دا چووە زانکۆی میسوری، بەڵام دوای سێ ساڵ و لەبەر نەدانی خەرجیی خوێندن لەو زانکۆیە دەردەکرێت، بۆیە لەهەمان کۆگای پێڵاوفرۆشتنی لەگەڵ باوکیدا وەك نووسەرێك

دەکەوێتە کار. دوای بینینی شانۆیی (تارماییەکان)ی (هنریك ئەپسن) زیاتر ئارەزووی دەچێتە سەر شانۆ، دواتریش تیۆرەکانی فرۆید و نووسینەکانی (د. هـ لورنس) کاریتێدەکەن و زۆریش لە جیهانەکانی (فۆکنەر)دا ڕۆدەچێت، لەوێ کە گرێکوێرەو کەشوهەوایەکی شاعیرانەی هێماکاری هەن ئیدی لێرەوە بیرۆکەی نووسین بۆ شانۆ کەوتە زیهنی ولیامزەوە. وێڕای هەلومەرجی بەردەوامی ناهەمواری ئابووری، چونکە بە ڕۆژ کاریدەکردو شەوانیش دەیخوێندەوەو دەینووسی. دوای ئاڵۆزتربوونی قەیرانی ئابووریی کارگە بچووك و گەورەکان دەستبەرداری کرێکارەکانیان بوون و لە ئاکامی ئەوەشدا بێکاری تەشەنەی کردو ولیامزیش یەکێك بوو لەوانە کە سەفەری لەگەڵ تارمایی هەژاریدا دەستیپێکرد. هەمیشە لەپێناوی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا لە سۆراخی ئیشوکاردابوو، لەو پێناوەشدا بوو بە دەرگاوانی سینەما، هەوڵی زۆری دا بۆ نووسینی سیناریۆی سینەمایی بۆ کۆمپانیای (میترو گوڵدین مایر) دوای ئەوەی یەکەمین سیناریۆی تەواوکرد، کە بریتیبوو لە بیرۆکەیەکی ئاسانکراوی شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان) کڕی، کۆمپانیاکە سیناریۆکەی قبوڵنەکردو ئامادەنەبوو مامەڵەی لەتەکدا بکات. دوای ئەو شکستە جەرگبڕە "تینسی ولیامز" زۆر ئیشی دیکەی لەئەستۆ گرت، وەك نووسەری برووسکەنامە لە فەرمانگەیەکی پۆستەو (بۆی) لە یانەیەکی شەوانەو گۆرانیبێژێك لە کۆمەڵەیەکی چینی خواپێداواندا. بیرەوەریی (تینسی ولیامز) هەموو شتێکی بە وردەکارییەکانەوە تۆماردەکرد،

بەڵام دووچاری لادانێکی مەترسیدار هات، کاتێك کەوتە مەیخواردنەوەیەکی زۆرو دەربەدەری و لانەوازیی سەرشەقامەکان تا ئەودەمەی تووشی تێکشکانێکی زۆر هات و خرایە نەخۆشخانەیەکی نەخۆشییە عەقڵی و دەروونییەکان، کاتێکیش لە ساڵی ١٩٣٦دا ئەو نەخۆشخانەیە بەجێدەهێڵێت و دەچێتە زانکۆ خۆی ئەو کاتەی ژیانی بە قۆناغێکی ئێجگار دژوار دادەنێت، چونکە هەمیشە بیری لەنێوان دووبارە یادکردنەوەی یاداشتەکان و هەوڵەکانی تۆمارکردنیاندا بوو لە کاری ئەدەبیدا بەتایبەتیش لە بواری "چیرۆك و شانۆ"دا، سەرەتا سەرگەرمی شانۆییە یەك پەردەییەکانبوو، کە فۆڕمێکی دیاری شانۆو ئەدەبی ئەمەریکی بوو لەو قۆناغەدا، هاوشێوەی (یوجین ئونێل) لە ساڵی ١٩٣٩دا، کە یەکەمین شانۆیی (جەنگی فریشتەکان) خەڵاتێکی مادیی وەرگرت. ئەندامانی دەزگا (روکفلر)ی ئەدەبی پێشنیاری بەئەندامبوونی "تینسی ولیامز"یان کردو دواتر دەستکەوتێکی زانستیی وەرگرت، کە بواری خوێندنی هونەری شانۆنامەنووسینی بە شێوەیەکی دیار بۆ ڕەخساند. لە بواری خوێندن و لێکۆڵینەوەدا (جۆن جاسنر) و (تیریزا هلبیرن)ی رەخنەگرانی ناسی و هەندێك لە نووسینەکانی خستە بەردەستیان، ئەوانیش رەزامەندیی خۆیان سەبارەت بە رەشنووسی شانۆییە درێژەکەی (جەنگی فریشتەکان) دەربڕی. تینسی ولیامز ئەوکاتە لە ژیانی هونەرییدا وادەبینێ، کە ئەوە هەنگاوی بەرایی و سەرەتایی بوو لە جیهانی نووسیندا ..



**هینریك ئیپسن..**

**ئەو نووسەرە نەرویجییەی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر (ولیامز) بەجێهێشت**

کاتێکیش لە ژیانی (تنسی ولیامز)ی نووسەر رادەمێنین دەبینین ئەزموونەکەی بە سێ قۆناغدا گوزەریکردووە، یەکەمیان کە خۆی سوورە لەسەر ناونانی بە (قۆناغی ئەزموونگەریی)، کە بریتیبوو لە بیرۆکەی شیعری و لیریکییەکان لە دارشتنی شانۆییدا، دووهەمیش

دەرکەوتنی وەك توێژەرو داهێنەرو کاریگەر لە بواری بەهرەوەرگرتن لە کولتووره میللی و داستانە یۆتۆپیەکاندا، کە تیایدا کاریگەریی ئاینی و کارتێکردنی بە میسۆلۆژیای یۆنانی دەرکەوت، هەروەها باوەڕهێنان بە بیرۆکەکانی فرۆید..

سێهەمیش کە تیایدا تینسی ولیامز هەوڵی دا شێوازو بیرۆکەی نوێ بۆ شانۆ دابهێنێت لەڕێی چیرۆکە مەئلوفە ئاڕاستە نوێکان و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەشکەنجەی مرۆڤایەتی کۆتایی نایەت تەنها لەڕێی پەرەپێدانی ئەزموونەکانی مرۆڤەوە نەبێت، بە ئاقاری فەراهەمهێنانی هەلومەرجێکی نوێدا، کە هەموو فۆرمەکانی دواکەوتوویی و موعانات هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەك هەوڵیشی دا بۆ گرێدانی بۆچوون و ئاڕاستەگیرییەکانی مرۆڤ بەرەو شکۆمەندیی ئاینی لەڕێی ئامۆژگاریی نادیارو جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە پەروەردگار چارەسەری هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی لەئەستۆ دەگرێت و چارەی ئەبەدی بۆ ئەشکەنجەو ئازارەکانی مرۆڤایەتی دابیندەکات. (تینسی ولیامز) چەند کورتە شانۆییەکی نووسی لەژێر ناونیشانی (خەونی ئەمەریکییەکان)دا، کە لەدوای سەرکەوتنی هەردوو شانۆی (پێشانگەی ئاژەڵە شوشەییەکان) و (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) بڵاوکرایەوە. بیرۆکەی ئەو کۆمەڵە شانۆییە خێراو پوخت و کورت بوون، بەڵام شێوازی تازەو داهێنەرانەیان لەخۆگرتبوو لە چارەسەری درامییانەدا، لە شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)دا، کە ساڵی ١٩٤٠ نووسرا، ولیامز بۆ جاری دووهەم رووداوەکانی لانەوازبوونی ژیانی خۆی بەکارهێنایەوە،

شانۆییەکەش وەك بیرۆکەیەکی پیرۆز کۆنترۆڵی زیهنی نووسەری کردبوو، چونکە لە زۆر شانۆییدا بەکاریهێنابوو. ولیامز لەبارەی شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)وە دەڵێت "شانۆییەکە ئەو شانۆییەیە کە بتوانین لە میانەیەوە بچێتە جیهانی (هۆلیود)ەوە لە فراوانترین دەروازەکانییەوە، هەرچەند شانۆییەکە ژینگەیەکی دیاریکراوی هەبوو، کە کاریگەرییەکەی لە سنوری شاری (بۆستن) تێنەدەپەڕی."

لە یاداشتەکانیدا بەمجۆرە باسی دەکات (شانۆییەك بوو، کە گێڕانەوەی زۆری لەخۆگرتبوو، زۆر بە قووڵی بەسەر رووداوەکاندا گوزەری دەکردو دەبووە مایەی سەرهەڵدانی ئازاری دەروون و هەستکردن بە بێئوقرەیی، گرێچنی شانۆییەکەش لەسەر بابەتێکی سەرنجڕاکێشی سێکسی چڕدەبووەوە، کە ڕێگەی خۆی بەرەو شارێکی شێوە دێرین دەبڕی لە یەکێك لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمریکاداو بەوەش هەراو زەنایەکی گەورە بەرزدەبووەوە، کە پانتاییەکی زۆری لە شانۆییەکەدا داگیردەکرد.

رەخنەگران پێیان وابوو کە ولیامز تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی شێوازی (فۆکنەر)ی لەسەر بووە، لە وێناکردنی کارەکتەرەکانی لە میانەی دیاریکردنی ئاستە جیاجیاکانی رۆشنبیریان لە شانۆییەکەدا. رایەکی دیکەش هەیە کە تینسی ولیامز کاریگەریی نووسینەکانی "د.ه. لۆرانس"ی لەسەر بووبێت لە میانەی بابەتی ناوەڕۆکی مژدەدەرانەی شانۆییەکەوە. (هینری بوبکین)ی رەخنەگر لە کتێبەکەیدا (شانۆی تنسی ولیامز) پێیوایە کە (نووسەر داڕشتنێکی هێماکاریی بۆ

شپرزەیی شانۆییەکە زیاد کردووە، کە هێڵەکانی لە میانەی ناوەڕۆك و بیری کارەکتەرەکان و گرێچنە ناسەرەتاییەکانەوە بەیەکدا ئالاًون، کە دەکرێت بوترێت هەموو ئەوانە لە تەورات یاخود میسۆلۆژیای یۆنانەوە وەرگیرابن).



**دیمەنی شانۆیەکی (تینسی ولیامز) کە کراوە بە فیلمی سینەمایی**

کاریگەریی ڕۆژانی مەینەتی و دەردەسەریی چارەنووسی نادیار لەسەر ئیشەکانی ولیامز بەردەوامبوو، چ لە شانۆیی یاخود چیرۆکەکانیدا و ئەو بیرۆکانەش هەمیشە لە دیالۆگی شانۆییەکانیدا دووپاتدەکرانەوە، هەروەها بیرۆکەی هاوچەشنی بیرۆکەکانی (د. هـ. لۆرانس)ی هەڵگرتبوو. تینسی ولیامز بەهۆی شانۆیی (جەنگی

فریشتەکان)ەوە خەڵاتی (روکفلر)ی وەرگرت و (جۆن جاسنر) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە شکستی ئەو شانۆییە داوە، ولیامز خۆیشی لە پێشەکیی شانۆییەکیدا ئەو ئاماژەیەی بە ڕاشکاوی داوە، ئەو ئیشانەی کە بیرۆکەکانیان لە مشتومڕی قەیرانە سێکسییەکان نزیکدەبوونەوە سەرکەوتوونەبوون و بگرە جەماوەریان لێتەکییەوە، سەرەڕای بوونی بیرۆکەی گرنگ و فۆرمی نوێی نووسین بۆ شانۆ لە میانەیاندا تینسی ولیامز هەوڵیدەدا راڤەی بۆچوونەکانی (د.هـ. لۆرانس) بکات، کە کاری تێکردبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٥١دا شانۆیەکی نووسی، کە یەکێکە لە شانۆییە یەك پەردەییەکانی، ئەم شانۆییەش بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە بانگەشەبوو بۆ چەند راوبۆچوونێکی راشکاوانەی (لۆرانس) و لە زۆرێك لە شانۆییەکانی ولیامزیشدا دووپات دەکرانەوە. ئەوەی کە بە نوێش دادەنرا لەو شانۆییەدا ئەو فۆرمە دراماییەبوو، کە ولیامز لە ئەفراندنی کارەکتەرەکانیدا بەکاریدەهێنا، وەك شێوازی ئەدیبێك کە لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا بەداخبێت بۆ ئەوەی ژیانی لە نووسیندا بەسەربردبێت و لە کۆنەکانی واقیعی تاڵ سەرفراز نەبووبێت، هەرچەندە ئاواتی ئەوەبوو لە جیهانێکدا بژی کە بەپێی خواستی خۆی خۆی بسەلمێنێت، ئەمجۆرە بیرۆکانەش لە هەموو شانۆییە سەرەتاییەکانیدا هەبوون و کارەکتەری سەرەکیی شانۆییەکەش لەسەر شێوازی کەسێتیی (لۆرانس) نووسرابوو، کە بایەخی تینسی ولیامز زیاتر لە وێناکردنی (لۆرانس)دا مۆڵی خواردبوو، کە ئەو لە ڕۆمانەکەیدا بە کارامەیی توانیی وێناوی دژایەتیی نێوان هەردوو

رەگەز بکات لەڕووی پەیوەندییانەوە، بەشێوەیەك رۆشنایی خستۆتە سەر سێکس، کە پاڵنەرێکی بنەڕەتی بێت بۆ ژیان. دوای سەرکەوتنی شانۆی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان) شانۆییەکی نووسی، کە میتۆدی تایبەتیی خۆیی هەبوو لە شانۆی ولیامزدا، ئەویش شانۆیی (سۆزی منت وروژاند)بوو، لەسەر شانۆی (کلیفلاند) نمایشکرا، ئەم شانۆییەش هەروەك زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە یەکێك لە کورتە چیرۆکەکانی (لۆرانس)ەوە وەرگیراوەو شێوازی بونیادی درامایش لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆك و بیرۆکەکانییەوە تاڕادەیەك جیاوازیی خۆی هەیەو لە سێ تەوەر پێکدێت، کە لەنێوان کۆمێدیاو نمایشی بابەتە فیکرییە جدییەکان و مشتومڕی تانە ئامێزی گرفتە گرنگەکانی ژیاندا دابەشبووبوون، ئەوەش هاوڕای زۆرێك لە ڕەخنەگرانی ئەودەمەی شانۆی ئەمریکی بوو، کە ئەنجامدرابوو لە بونیادنانی شانۆی ئیستعرازی لەگەڵ ئاماژەیەکی گرنگدا بەوەی کە شانۆی (سۆزی منت وروژاند) زۆرێك نەنگیی نووسینی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، وێڕای هەوڵە زۆرەکانی نووسەر بۆ ئەوەی ئاماژەو بیرۆکەی زۆری هێماکاری لەخۆبگرێت، ئەوەش تاقیکردنەوەیەك بوو لە بواری نووسینی هاوبەشدا بۆ شانۆ، چونکە ئەم دەقە بە هاوبەشی لەگەڵ (داڤید ونیدهام)دا نووسرابوو، ئەویش دوای دەرکەوتنی هەوڵی زۆری هاوبەش، وەك نووسینەکانی (پوپر، بۆلتۆن، هاریڤ فۆرد، ولیام سدیمیل، راسل کرۆز).

یەکێك لە خەسڵەتەکانی نووسینی هاوبەش ئەو خواستەیە کە کاری هاوبەشی دوو نووسەر بەرهەمدێت، کە یەکێکیان خۆبەخشدەبێت بۆ داهێنانی گرێچنە شانۆییەکان و ئەفراندنی ناوەڕۆك، ئەوی دیکەشیان بە بونیادی دیالۆگەکان، کە دەبێ یەکەمیان هۆشێکی تیۆری هەبێت لە هونەری نووسیندا، دیارە نووسینی هاوبەش بەدەرنابێت لە مەترسی و هەڵەو نادروستی، چونکە لەو میانەیەدا دژواریی بەدیهاتنی هاومۆرکی و هاوبۆچوونی دێتە ئاراوە، وێڕای ئەفراندنی کارەکتەرەکان و دەستەبەرکردنی کەشوهەواو زەوقی پێویست، هەروەها ئەگەری جیاوازیی بۆچوونەکان لە بیرۆکەکەدا لە ئارادەبێت، چونکە مەترسیی زیاتر لە نادیاری تەواوی ئەو بیرۆکەیەدا دەبێت، کە دەخوازرێت بخرێتە بەر باس و خواس لێکردن، زۆرجاریش شانۆییەکە بۆخۆی کارێکی ناکامڵ دەبێ و هۆکاری سەرکەوتنی شانۆیی (سۆزی منت وروژاند) بۆ ئەم هۆیە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوەش یەکەمین ئەزموونی (تینسی ولیامز)ە لە بواری نووسینی هاوبەشدا.

گرنگیی ئەو شانۆییە لەوەدایە کە نووسەر زۆر هەوڵیداوە بە تیۆری سێکس بۆچوونەکانی وێنا بکات، کە ئەوەش بیروباوەڕی (لۆرانس) بوو لە نووسیندا، ئەو شانۆییەش لە چیرۆکە سەرەتاییەکانی (لۆرانس)ەوە وەرگیراوە. بەوجۆرە ولیامز هەوڵی دا بەختی خۆی لە زۆر فۆرمی نووسیندا تاقیبکاتەوە، بەر لەوەی بە هەنگاوی چەسپاوەوە رێگا بگرێتەبەر و وەك شانۆنووسێکی داهێنەر سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. زۆر لە رەخنەگران لەو بڕوایەدان، کە ولیامز دوای

شانۆییە ئەزموونگەرییەکانی سەرەتای شتێکی ئەوتۆی نوێی پێشکەش نەکردووە، بەڵکو ژیرانە بیری لەوانە کردۆتەوە، کە بە نووسیونی هەوڵیداوە بۆ گۆڕینی، ئەو شانۆییانەو زیادکردنی بیرۆکەی نویٚ لەمیانەیاندا، هەروەها دووبارە وێنای کارەکتەرەکانی بە قووڵی و شێوازێك کردۆتەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو کامڵبوونە فیکری و هونەرییەی کە پێگەیشتبوو، بەوجۆرەش کەوتە سەر رێگەی بونیادنانی ناوەکیی ئەو بیرۆکە گرنگانەی کە پێشتر لە کاری نووسیندا تاقییکردبوونەوە بەو خواستەی سوودی هەبێت لە نۆژەنکردنەوەی شانۆییەکانی (نهێنییەکان لە کەنیسە) کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناسراوبوون، بابەتەکانیان لە زانیارییەکانی کتێبی پیرۆز وەرگیرابوو.



شکسپیر

له ئەمریکاش هەندێك له تیپە شانۆییەکان شانۆییەکانی (شکسپیر)و (دریدان)یان نمایشدەکردەوەو بەوەش ژیانیان بۆ شانۆیی شیعری گێڕایەوەو دەروازەی فراوانیان لەبەردەم ئەزموونی نووسەرانی لاوی نەوەی (ولیامز) والآکردەوە تاکو شانۆی شیعری بنووسن.

(شانۆیی شیعری) فۆرمێکی تایبەتییە له فۆرمەکانی شانۆی جیهانی، که واقیع دەخاتەڕوو لەڕێی ڕەنگدانەوەی هەست و هۆشی شاعیرو دووبارە ئەفراندنی ڕاستەوخۆیانەی ئەو دیاردانەی که دەوری مرۆڤیان داوە. (گۆتە) شاعیری ئەڵمانی داهێنانی شاعیر له شانۆدا باسدەکات و پێیوایە که ئەو له شێوەی خۆشی و غەمناکیدا ئەو حاڵەتانە بەرجەستە دەکات، که سەرقاڵیکردوون له چەند پێکهاتەیەکیشدا که بەهۆیانەوە لەگەڵ خۆیدا مەسەلەکان یەکلایی دەکاتەوە. دواتر کۆمەڵە چیرۆکی (پیاوە یەك قۆڵەکە) دێت و گەشەسەندنی نووسەرێك دەسەلمێنێت، که لەنێوان جیهانەکانی شیعرو چیرۆك و شانۆییدا ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، له هەموو ئەم چیرۆکانەدا خوێنەر هەستدەکات، که نووسەر زۆر وردەکاربووە له هەڵبژاردنی ئەو وشەو ڕستانەدا که له میانەیانەوە کەشوهەوای گشتی بە جۆرێك وێنا دەکات، که ببێتە تۆڕێك و چنراوێکی درامیی ناوازە، ئەو چیرۆکانە چەند بیرۆکەیەك لەخۆدەگرن سەبارەت بە لادانەکان (انحرافات) لەگەڵ پێدانی هەندێك له تەمومژ بە هەندێك له کەشوهەوای ئەو ڕۆمانانە.

دوای سەرکەوتنی کۆمەڵە کورتە شانۆییەکانی (خەونی ئەمەریکییەکان) بە خەلاتێکی ناوخۆیی، سەرکەوتنی ولیامز وەك نووسەرێکی دراما گەشەی سەندو دوای هەر چیرۆکێك یاخود شانۆییەك دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە، کە بە ئاڕاستەی نووسەرێکی کاریگەردا دەڕوات لە پێکهێنانی شانۆی ئەمریکیدا، هەموو شانۆیەکانیش لەسەر شانۆ نمایشکران.. لەوانەش شانۆیی (کچی مۆن..مەگری، ژوورە تاریکەکە، کێشەی درەختە...پەرتەکە)، هەموو شانۆییەکان کەشوهەوای جیاوازیان هەیەو بابەتی جۆراوجۆر دەوروژێنن، بەڵام جیهانێکی بەرفراونن لە ململانێی فیکرو تیۆرەکان.. جارێك لەجاران (تینسی ولیامز) دانی بەوەدا نا کە شانۆییە درێژخایەنەکانی، کە لە چەند قۆناغێکدا نووسراون، هەموو لە شانۆییە یەك پەردەییەکان و لە کورتە چیرۆکەکانی بەر لە شانۆنووسینەوە سەریانهەڵگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو شانۆیی و چیرۆکانە کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو و گرنگیش نەبوون، دووبارە نووسینەوەشیان جەختکردنەوەی گەڕانی بەردەوامی ولیامز بوو لەنێو ئەو بیرۆکانەدا، کە پێشتر تاقیکرابوونەوەو تا بە شێوەیەکی نوێتر مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، کە زیاتر ببنە مایەی سەرنجڕاکێشان و قەناعەتهێنەربن و زیاتریش لە ناوەڕۆکی سەردەم و فەلسەفەی گەشەسەندنی دراماوە نزیکببنەوە، ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵە کورتە شانۆییەکانی (بیست و حەوت فارگۆنی پڕ لە لۆکە)دا دەسەلمێنرێت، کە دوای یەکەمین ئیشەکانی بڵاوکرانەوە. ئەو شانۆییانەش بە

سەرەتای چوونە ژوورەوەی تینسی ولیامز دادەنرێت بۆ جیهانەکانی ئەزموونگەریی واقیعی لە شانۆدا، تەنانەت رەخنەگرانیش مژدەیان دایە بە دەرکەوتنی ئاڕاستەیەکی نوێ لە شانۆی ئەمریکیدا، کە خەسڵەتی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەو شانۆییانە بە کلیلی ناسینی لێهاتوویی و بەهرەی ئەو نووسەرە داندران، کە توانیی دوای کۆچی دوایی (یوجین ئۆنێل) پێگەیەکی پێشکەوتوو دەستەبەر بکات، چونکە بەوپەڕی هێزو جورئەتەوە ئەو بیرانەی خستەڕوو، کە گوزارشتیان لە بەها شانۆییە دێرینەکان دەکرد.

زۆرینەی شانۆییەکانی ولیامز کە لەسەرەتاوە نووسیونی کۆمەڵێك دیمەن لەخۆدەگرن، کە بە ژیری و لێهاتوویی نووسیونی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان ئەمەندە بە وردی نووسراون، کە ئاماژەن بۆ شارەزاییەکی بەرفراوان بە بونیادی درامی، هەرچەند فۆرمی ئەوتۆشیان لەخۆگرتبوو، کە فێڵ و دروستکردنی هەندێك چارەسەری ئامادەیان دەخستەڕوو.

شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان) تینسی ولیامزی خستە ریزی پێشەوەی شانۆنووسان و ئەوەش شانۆی حەوتەمی بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٥دا لەسەر تەختەی شانۆ لە شیکاگۆ سەرکەوتنی بەدەستهێناو لە ساڵی ١٩٥٦یشدا لە شاری نیویۆرك خەڵاتی بازنە ئەدەبییەکانی درامای وەرگرت. ئەم شانۆییە یاداشتییەو لە حەوت دیمەندا نووسراوە، کە بوونەتە سیمای تایبەتی شانۆی تینسی

ولیامزو لە شانۆییەکانی دیکەی جیاوازە، سەرەڕای ریتمێکی هێمن لە سەرتاپای شانۆییەکەدا، بەڵام ژەهری رابردووی دەکردە ئێستاوەو یاداشتەکانیش وەك خەونە وەنەوەشییەکان هەڵدەوەرین یاخود وەك چیلکە رەقەکان، کە بە یادەوەریدا چەقێنرابوون بەمەبەستی گەڕان بەدوای خەون و راستەقینەدا. رووداو لەم شانۆییەدا زیاتر لەسەر کارلێکی نێوان سێ کارەکتەری سەرەکیدا چڕدەبێتەوە، چونکە هەریەك لەو کارەکتەرانە تراژیدیای خودی خۆیان هەیە، کە لەسەر زەمینەی نێگەتیڤ و تاڵی واقیعدا بە تۆکمەیی و یەکگرتوویی وەستاون، هەر کارەکتەرێك لە هەوڵی هەڵاتندایە لە قەیرانەکەیەوە بەرەو هەلومەرجێك کە لە زیندەخەو بچێت و دەستگرتن بەو وێنە میسالییەی کە هەریەك لەو سێ کارەکتەرە بۆ خۆیان کێشاوە.

ولیامز لە پێشەکیی کتێبی (پێنج شاعیری ئەمەریکی لە تاڤ لاویدا) باس لەوە دەکات، کە لە ساڵانی کارکردنیدا لە کۆگای پێڵاوفرۆشتنەکەدا هەمیشە لە ناوەڕاستی بەشی پیاواندا شیعری قافیەداری نووسیوەتەوە، کاتێکیش خاوەنی کارەکەی بەوە دەزانێت لەسەر کار دەریدەکات. پاڵەوانی ئەو شانۆییەش سەر بە گروپێك لەو پیاوانەیە کە سەرگەرمی بازرگانی و دەسەڵاتبوون و بایەخیان بە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی نەداوەو ساتەوەختێکیش بیریان لە خۆشەویستی نەکردۆتەوەو هەموو سەرکەوتنەکانیان لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانیدابووە، بەڵام تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتیشدا شکستیانهێناوە. کاتێك ولیامز باس لەوە دەکات کە شانۆییەکە واقیعی

نییە، ئەوا ئەو مۆرکی ئاماژەمان دەداتێ وا لە بینەر یا خوێنەر دەکات کە لە ڕەهەندی دووەمەوە بیر لە بابەتی شانۆییەکە بکاتەوە..

تواناکانی تینسی ولیامز وەك شانۆنووس زیاتر لە شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شوشەییەکان)دا دەرکەوت، کە جوانترین دیالۆگی لەخۆگرتبوو، کە هزری هەر نووسەرێکی درامایی ئەمریکی بگریت بە داهێنانی دیمەنی سۆزداری و کارەکتەرەکانی کاریگەرن.



دیمەنێك لە شانۆی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان)

# گالیسکەی ئارەزوو.. گالیسکەی شێتی

لە پێشەکیی شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان)دا ولیامز دەڵێت: (ئەم تێبینییانەی دەیاننووسم بە مەبەستی ئەوە نییە کە ئامادەکارییەك بێت بۆ ئەم شانۆییە، بەقەدەر ئەوەی پەیوەستە بە بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆییەکی نوێوە، کە لەسەر پاشماوەی شانۆی دابونەریت و چیرۆکە واقیعییە بەسەرچووەکاندا بونیادبنرێت، من دەخوازم شانۆ وەك بەشێك لە ڕۆشنبیریی مرۆڤایەتی چالاکی و بوژانەوەی خۆی دەستپێبکاتەوە).

شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان) لە هەموو شانۆییەکانی دیکەی کەمتر هەڵگری مۆرکی توندوتیژی بوو، لە هەمووشیان زیاتر

نزیکبوو له وێناکردنی جیهانێکی درامی، وێڕای وێناکردنی چەند کارەکتەرێکی بوژاوەی بەرجەستەکاری واقیع لە میانەی چنراوێکی هونەریی ناسکەوە. هەرچەندە زۆرێك لە ڕەخنەگرانی شانۆ ڕووداوەکانیان بە بابەتی سادەو ئاسان ناوزەدکرد، بەڵام چیرۆکی زۆریش هەن کە پاڵەوانەکانیان بەر رەقیی واقیع دەکەوت و خەونە بەرفراوانەکانیان هەڕرون بەهەڕرون دەبن. پێدەچێت ئەو دژایەتییە بەهێزەی کە کێشەی نێو شانۆییەکە دێنێتەبوون لە دژواریی سەرکەوتنی پاڵەوانەکانەوە بێت بەسەر بیرۆکەی خەونە جوانەکانداو دژواریی گۆڕینی واقیعی تاڵ و ناهەمواریشدا. کاتێکیش شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) هاتە ئاراوە، رەخنەگران پێیانوابوو کە دەبێتە کۆپییەکی دووبارەبووی شانۆیی (**پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان**)، بەڵام ولیامز لەڕاستیدا سەراسیمەی کردن، چونکە شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) بابەتێکی زیاتر جەربەزەدارانەی لەخۆگرتبوو، لەو بارەیەشەوە (والکوت جنینز) دوای نمایشی یەکەمی شانۆییەکە بەوجۆرە وەسفی دەکات، کە شانۆییەکی بێهاوتایەو چارەسەری شیبوونەوەی ئافرەتێك دەکات، کە لە ڕاستیدا باس لە شیبوونەوەی تەواوی کۆمەڵگەیەك دەکات، یان وەك (ئالن دوانر) دەڵێت: کە شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) لە جیهانەکەیدا جیاوازی نییە لەگەڵ دوورگەیەکدا کە خەڵکانێکی تێدا دەژین هەست بە تەنیایی دەکەن، دەریای خنکێنەریش چواردەورەی لێگرتوون. دیارە ئەم راوبۆچوونانەو گۆشەنیگای دیکەش بێت وای لە (جان کۆکتۆ)ی

نووسەری فەرەنسی کرد ئەم شانۆییە ئامادە بکاتەوەو لە چەندەها شاری فەرەنسادا نمایشی بکات، ئەوەش یەکەمین شانۆیی ولیامز بوو، کە لە شارەکانی وڵاتانی ئەوروپادا ناوبانگ دەربکات، دوای ئەوەی گەڕانێکی بە شارەکانی ئەمریکادا کردو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

ولیامز توانیی بەهۆی تواناو وزەی بێسنووری ئەدای شانۆییەکانییەوە ئەکتەری لێهاتوو بەرەو لای خۆی رابکێشێت، وێڕای ئەوەیش هەلومەرجەکانی ئەدای شانۆییەکانی بەلای ئەکتەری شانۆوە تا ڕاددەیەکی زۆر دەخوازرا، چونکە ولیامز پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شانۆکاراندا هەبوو، ئەوەش رەنگدانەوەی خۆی هەبوو، ناوبانگی وەك شانۆنووس و هونەرمەندێك کە بەهۆیەوە نازناوی شانۆنووسی میللیی لێ رەوابینرا. ئەو مشتومڕەی کە دەوری ژیان و میتۆدەکەی دابوو بە پلەیەکی زۆر دەگەڕایەوە بۆ هەوڵە گەرمەکانی بەوەی کە دراما بکاتە فۆرمێکی دیار، کە ئەرکی پێشکەوتووی خۆی بۆ بگێڕێتەوە لە میانەی وێناکردنی کولتووری میللییەوە بە شێوازی درامیی نزیك بە واقیع، بەوەش وێڕای مەرجە بازرگانییەکان بەسەر بەرهەمە شانۆییەکاندا سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا. تنسی ولیامز جێی بایەخی زۆرێك لە شانۆنووسە هاوچەرخەکان بوو، شانۆکەیشی خودانی تایبەتمەندێتی و بابەتی خۆی بوو، بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستانەی کە بنەماکانیان لەلایەن شانۆنووسانی وەك (بیراندیللو، برێخت، سارتەر،...)ەوە دامەزرێنرا. ئەو لەمیانەی کۆمەڵێك لە شانۆییەکانییەوە

**هەوڵیدەدا فۆرم و ناوەڕۆکێکی پێشکەوتووتر لە شانۆی ئەورووپی بۆ درامای ئەمریکی ئامادەبکات، بەوەش بەردەوام لە سۆارخدابووەو ئەو فۆرمانەشی تاقیدەکردەوە تاکو بگاتە بنەمایەك، کە لەمیانەیەوە دەستەواژە بگوزەرێنێت بۆ بۆنەیەکی درامی، کە لەژێر باری ئەو ئاستە عەقڵی و لۆژیکییانەدا خۆڕابگرێت، کە لە دەرەنجامدا دەمانگەیەنێتە راڤەی پەیوەندیی شتەکان بە گەردوونەوەو سیمای ئەزموونی مرۆڤایەتیمان بۆ وێنابکات. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیشی لە شانۆنووسیندا زمانێکی ئاسانی بەکارهێنا، کە هەموو جۆرەکانی بینەر لێیتێبگەن و بابەتەکانیشی لە کەشێکی ماددی و عاتیفییەکانەوە وەردەگرت، تاکو لەمیانەی کێشەیەکی نادیارەوە لایەنەکانی رووخان و هەرەسهێنانە ترسناکەکانی جەستەی دابونەریت و بیرۆکە پارێزکارەکان بەرجەستە بکات. ولیامز لە بیرۆکەکانی نێو شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)دا دەخوازێت هەستی خۆی سەبارەت بە (مردن) بخاتەڕوو، هەروەك (روجیە ئەسلینۆ)ی رەخنەگر پێیوایە، کە ولیامز لە کاتی نووسینی شانۆییەکەدا وایزانیوە دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە هاتووەو هاوڕێیەتیی باشی لەگەڵ (کارلسۆن هوکولارز)ی کچە رۆماننووسی هاوکاریدا بووە، لە ڕزگاربوونی لەو وەهمە، ئیدی شتێکی نامۆ نابێت، کە شانۆییەکە تا ئەو رادەیە بارگاوییبێت بە بیرۆکە سەیرەکان سەبارەت بە (مەرگ).**



ەنگەنە



سارتەر　　　　　　　　　　برێخت

ڕووداوەکانی شانۆییەکە بەردەوامدەبن لە نزیکبوونەوە لە لێوارەکانی هەرەسهێنانی تەواو، کارەکتەرەکانیش بە ورەوە بەردەوامدەبن لە وێناکردنی وردەکارانەی سیمای قۆناغی بیرکردنەوەی قووڵ لە زیهنی ولیامزی شانۆنووسدا، کە سەرگەرمی مشتومڕە لەگەڵ چەندەها بیرۆکەی زۆر هەستیاردا.

تنسی ولیامز کاریگەریی فرۆیدو دەروونناسیی لەسەر بووە لەبارەی کاریگەرییەکانی لەسەر پاڵنەرەکانی ڕەفتاری سێکسی بە چاوگێڕانەوە بە کەسێتی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا. ئەو بیرۆکانەی کە فێرگەی دەروونناسیی نوێی هێنایە ئاراوەو بەوەش ئەو بێدەنگییەی ڕەواندەوە کە ئابڵووقەی چارەسەری بابەتە سێکسییەکانی دابوو لە هونەردا و بەوەش کارە داهێنانکارییەکانی گەیاندە نێو هەموو بوارە نوێکان و لەمیانەشیەوە نەریتە بۆماوەییەکانی تێکشکاند، بەتایبەتی لە بواری درامای شانۆییدا.

# تینسی ولیامز له نێو دەقەکانیدا

کۆتاییەکی پڕ ئازار له شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)دا دەبینرێت، که له دواچارەنووسی (بلانش دیپوا)دایه، که به زۆر دەیبەنه نەخۆشخانەی نەخۆشییه ژیرییەکان. (ستانلی) رۆڵی گەورە دەبینێت له وێناکردنی ئەو کۆتاییه غەمناکەدا. سەرکەوتنی فۆرمی تراژیدیی ولیامز له بوونیادی شانۆییەکەدایه، که بووه جێی سەرنجی جەماوەرو رەخنەگرانیش، بەوەش چووه ریزی پێشەوەی شانۆییه جیهانییه نوێکان، چونکه له درامای نوێدا لەوە قەباعەتتر نییه شانۆنووس مردن بکاته کۆتایی کارەکتەره گرنگەکانی شانۆییەکەی. بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەگەر کارەکتەری رەقیب به دەرەنجامی

ناحەزەکەی خۆی بزانێت. کارەکتەری (ستانلی) رەقیبی سەرسەختی نێو شانۆییەکەیە، چونکە سۆزو بەزەیی لەدڵدانییە، ئەودەمەی بڕیاری هێرشبردن دەدات بۆ سەر بلانش و هەموو هێزو تەکبیرەکانی لە ئاستدا چڕدەکاتەوە، ولیامزیش بە جوانترین فۆرمە شانۆییەکان ململانێی نێوانیان بەڕێوەدەبات، چونکە بەرامبەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردووە، کە لە ئاژەڵێکی سەرەتایی دەچێت لە شێوەی مرۆڤێکدا، کە هەست و هۆشی شەختەبەند بووبێت و بە پشتبەستن بەو راستییانەی سەبارەت بە بلانشی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی خێزانداریی یەك لەدوای یەك هەنگاو دەنێت، بۆیە بەرەو ئاراستەی ئەگەر بۆکراو یاخود حەتمییەت بۆکراو هەنگاو دەنێت، کە لە کۆتایی شانۆییەکەدا تەواو دەبێت، ئەم هەڵوێستەش بریتییە لە لووتکەی گاڵتەجاڕی و داڕووخان و گەمەکردن بە چارەنووسی مرۆڤ. ولیامز هەوڵیداوە کە حەزو ئاواتە زۆرەکانی ناخ و عەقڵی ئافرەت دەربهێنێ و بیکاتە تەوەری ململانێی دەروونی، کە ئەمیش تەوەرەی سەرەکیی کێشەکە پێکدەهێنێت لەگەڵ کۆمەڵگەدا.

ولیامز بەر لەوەی دەستبکات بە نووسینی شانۆییەکەی، زۆر بە وردی پاڵەوانەکەی ناسی و قەناعەتی پێویستیشی بەوەهێنا، کە بگاتە حاڵەتی داڕووخانێکی گەورە لە بونیادی دەروونیدا و بەپێی خۆی بچێتە جیهانێکی پڕ لە لیتەو (شزوز)ەوە. ولیامز ژیان بە تاقیکردنەوەیەکی ترسناك دەناسێنێت و لە کتێبی (دراما لە شانۆ)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو لە بواری نووسینی درامادا دان بە بوونی پەیامێکی پۆزەتیڤدا دەنێت و دەڵێت (پێویستیی زۆرو تالوکە

تاپادەیەك بریتییە لە ڕوانین بۆ تەقەلاْیەكی گەورەی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستێكی جیهانی لەپێناوی ناسینی خۆمان و باشتر ناسینی یەكتری، بە پلەیەك كە بەسبێت بۆ ملدان بە ڕاستییەك، كە ناوەڕۆكەكەی بریتییە لەوەی كە هیچ مرۆڤێك نییە قۆرخی راستی و چاكەخوازی بكات، زیاتر لەوەی كە هەر مرۆڤێك گۆشەیەكی هەبێت لە تەفرەدان و شەڕەنگێزی و..هتد).

ئەگەر خەڵك و رەگەزەكان و نەتەوەكان لەگەڵ ئەو راستییە خود تەجەلییەدا هاوڕابن، ئەوا من پێموایە كە جیهان دەتوانێت بەركەناربێت لەو جۆری گەندەڵییەی كە من بەبێ خواستی خۆم هەڵمبژاردووە، وەك بابەتێكی مەجازیی شانۆییەكانم.

ولیامز لەمیانەی جیهانەكانی (بلانش)ەوە دەخوازێت وێنەیەكی بچوككراوەی جیهانێكی گەورە بكێشێت، كە تیایدا بە بیرۆكەی ئەو شانۆییە دیاریكراوەوە بەرەو ئاسۆكانی جیهانێكی زۆر فراوان هەنگاوی ناو بەراوردیش گەیاندییە بۆچوونێكی فراوانگیر. تراژیدیاكە لەم شانۆییەدا كۆتاییەكی غەمناكی هەیە، مردنێكی تێدا روودەدات و بیرۆكەو كردەوەكانی چارەسەری جدی لەخۆدەگرن لەمیانەی ڕێزگرتن لە كەسێتیی مرۆڤانەو بەرزكردنەوەی شكۆداری، كارەكتەری سەرەكیش لەم تراژیدیایەدا بەشێوەیەكی ئاسایی كەسێكی رەوشتبەرزە، كە بەهۆی خاڵێكی لاوازی لە كەسێتییەوە وەك سەرەڕۆیی (ئۆدیب) یا تموحی ماكبێس، نیازپاكیی ئۆتێللۆ و خۆشباوەڕییەوە دووچاری چەندەها دەردەسەری و كارەسات دەبێت.


دیمەنێك لە شانۆیی
(گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)

یەکێکی تر لە خەسڵەتە گرنگ و راستگۆییانە ئەسڵییەکەی ئەم تراژیدیایە ئەوەیە کە هەستێك بە گەورەیی مرۆڤ و زەحمەت و موعاناتی ژیانی مرۆڤایەتی لەناخی ئادەمیزاددا بەجێدەهێڵێت، ئەوکاتەی کە گرفتە مرۆڤایەتییەکە دەبێتە هەلومەرجێکی دژوار بە چارەسەرکردن دوای قەیرانێك لە قەیرانەکان و هاوکاتیش گەڕانەوەو پاشەکشێ و هەڵبژاردنی دەرەنجامێکی ئاسان و بەختەوەرانە کارێکی مەحاڵ دەبێت. شێوازەکانی کێشە عاتیفییەکان لە شانۆییە تراژیدییەکاندا هێندە قووڵن، کە مرۆڤ خۆیانی لەبەردا ناگرێت و رەنگە وەسفەکەی (مۆلێر) بۆ ئەو تراژیدیایە زیاتر پڕ بەپێستی خۆی بێت، کە دەڵێت (تراژیدیا بەشێوەیەکی جدی باس لە ژیان دەکات و هەستێك بە گرنگیی ژیان و کێشەکانی دەبەخشێت، ئەویش لەمیانەی وێناکردنی ململانێ و ئازارەکانی مرۆڤەوە). تراژیدیای شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) بە یەکێك لەو تراژیدیا نوێیانە دادەنرێت، کە لە مێژووی تراژیدیا کۆنەکانی ئەدەبی شانۆییدا هەمان گرنگیی هەیە، وەك شانۆییەکانی (ماکبێس)، (ئۆتێللۆ)، (شالیر) کە تیایاندا بەڕوونی هەوڵی نووسەر بەدیدەکرێت، بۆ گەیشتن بە خاڵی تەرکیزکردن لەسەر بەدیهێنانی یەکێتیی (کردە–الفعل) و خێرایی جووڵەیدا. یەکێتیی (کردە–الفعل) پاڵنەری بەهێزە لە دروستکردنی تراژیدیایەکی کەم وێنە لە کاریگەرێتییدا، وەك ئەرستۆ دەڵێت (تراژیدیا بەهۆی سۆزو خۆشەویستییەوە رۆحمان پاکدەکاتەوە). تراژیدیای نوێ هەوڵیداوە سوود لە فۆرم و ئەزموونە تراژیدیاییەکانی داستانەکانی یۆنان و

تراژیدیا کۆنەکانی سەردەمی کلاسیکی وەربگرێت و بەشێوەیەکی زۆریش کاریگەر بووە، بە نموونە پاڵەوانێتییەکانی تراژیدیای سەدەی هەژدەهەم، تا گەیشتە نموونەی توێی تراژیدیا بە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش لەمیانەی بەرجەستەکردنی تراژیدیاکانی ماڵ و خێزانییەکان، کە بەڕوونی وەسفی دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ دەکەن لە چارەنووسی نادیاری. پەیامی پۆزەتیڤی (ولیامز)یش لە شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)دا بۆ نیهادی مرۆڤایەتی و لە سلوکی زێدەڕۆ لە هەستداریی کارەکتەرەکانیدا بەرجەستەبووە، کە هەندێکیان لە هەندێ باردا ناوازەشن، لەو کەموکورتیانەش کە لە دژی شانۆییەکانی ولیامز تۆمارکراون، ئەوەیە کە ئەو نموونانە هێندە توانای ژیانیان نییە تاکو ئەو بەهایانە بەرجەستەبکەن و بسەلمێنن، کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی.

هەندێك لە ڕەخنەگران لە دژی ئەو رایەی (ولیامز)ن کە پێیوایە جەماوەر تێگەیشتنێکی خۆیان هەیە لە ئاستی ئەو ئەکتەرانەدا و کۆمەڵگەش بەو شێوەیە نییە کە ئەو وێنایکردووە، چونکە مەسەلەی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی مرۆڤانە باشترە لە میانەی ئاگادارکردنەوەی توندوتیژانەی گەندەڵیی زادەی ئەسڵی چارەسەری درامی بە فۆرم و ناوەڕۆکەوە، کە بەڕاستی ئەوە لە عەقڵیەتی جەماوەرێکدا مەسەلەیەکی گرانە، کە ئەوان زیاتر سەرقاڵن بە بابەتی گرنگترو زیاتر پەیوەست بە ژیانی رۆژانەیانەوە، چەشنی بابەتە سیاسی و ئابووری و چەرمەسەریی جەنگە تراژیدییەکانی ئەوروپا. زیلسنکی دەڵێت (ولیامز بەبێ ویستی خۆی گەندەڵییەکانی کردۆتە بابەتێکی مەجازی و

بنەڕەتی، ئەو لە شانۆکانیدا هەوڵدەدات پرۆگرامێکی میسالی و پۆزەتیڤ بۆ ژیان پێشنیاربکات، کە دەرەنجامی رۆشنگەریی کۆمەڵایەتیی تراژیدیاییە).

ولیامز (بلانش)ی وەك کارەکتەرێکی خاوەن سیفەتێك وێناکردووە، کە ناخی مرۆڤایەتیی لاواز بکات، دەخوازێت پەردە لەسەر فیکرەیەکی جەوهەری هەڵبداتەوە، کە مەودای دەروونیی بەرجەستە بکات، ئەویش ئەوەیە کە هەستیاریی زیادەڕەوانەی بلانش زۆر ئاسان دەبێت، کە ستەم و شەڕەنگێزی و سلوکی مرۆڤی سەرەتایی بەڕوودا بتەقێتەوە، کەچی لە کارەکتەرەکانی دیکەدا پێچەوانەی ئەوە وێنا دەکات، کە تەواو دژێکی سەرسەختن، چەند کارەکتەرێکی بێهەست دێنە سەر واقیعی رۆژانە، دوای بەرگەگرتنیان لە هەموو رووداوو شۆکە مەترسیدارەکان و بەوەش شکڵێکی ئیسفنجی لەخۆدەگرن و بەپێی پێویست مامەڵە لەگەڵ ژیاندا دەکەن، چونکە گرنگ ئەوەیە ژیان بەبێ ژیان بەردەوامبێت. (ولیامز) لە کۆتایی شانۆییەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دۆزەخی راستەقینە لە پشتگوێخستنی خەڵکییەوە سەرچاوە دەگرێت، پشتگوێخستنێکی تەواو کە وا لە شێت بکات بەرەو لێواری هەستکردنی پاڵپێوەبنێت و لە نێوەندی بڕیارەکانی مرۆڤدا جۆرێك لە شڵەژانی توندو بەهێز دروستبکات. زۆرێك لە رەخنەگرانیش پێیانوایە ولیامز دەیتوانی لەو خەڵکانەی کە لە زۆرێك لە شانۆییەکانیدا پێشکەشیکردوون درامایەکی مەزن فەراهەم بێنێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە بەسەرهاتەکانیان بەهایەکی ئەوتۆیان نەبووە لە بونیادی تراژیدیایەکدا.

بەسەرهاتی (بلانش) لە شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە)دا بەپێی بیرۆکەکانی دەقەکە بریتیبوو لە ئەشکێك، کە باریوە بەسەر چارەنووسی مرۆڤی هاوچەرخداو دژ بە چەمکی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو مرۆڤەی، کە لە ناخیدا شکڵێك لە شکڵەکانی ئاژەڵی سەرەتایی شێواوی هەڵگرتووە، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی رۆشنگەرایی و دەستکەوتە زانستییە مەزنەکاندا دەژی، هێرشیش لە ناخی مرۆڤدا ئامادەیە بۆ داکۆکیکردن لە سوودە خودییەکان و ئیدی گرنگیش نییە زیان وەبەر کێ دەکەوێت. نموونەیەکی وەك (ستانلی) کارەساتێکی کۆمەڵایەتیی گەورەیە بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەو چەشنی کوللە وایە بەسەر کێڵگەوە. شانۆش بەلای ولیامزەوە بە سێ قۆناغی گرنگی پەرەسەندندا گوزەریکردووە، قۆناغی یەکەم بە قۆناغی شاعیری لیریکی کەسێتی ناوزەد دەکرێت، لە قۆناغی دووهەمیشدا توانیی چوارچێوەی مانای لەمەڕ گەڕانی شاعیرانییەی لەدوای راستیدا بەرفراوانبکات، وەك لە شانۆیی (پشیلەیەك لەسەر رووی تەنەکەیەکی گەرم) و (هاوینو دووکەڵ)دایە. هەرچی هەوڵەکانیشە کە بەڕاستی لای ولیامز دەرکەوتووە زیاتر لە بواری بونیادی داستانەکەدایە، کە تیایدا بونیادی داستانی بۆ روونکردنەوەی رووەکانی لەیەکچوونی کێشەکانی سەدەی بیست و یەکەم گرفتەکانی مرۆڤایەتی بە درێژایی سەدەکان بەکارهێنراو.

# پەرەسەندنی چەمکی تراژیدیا لە شانۆیی تینسی ولیامزدا

شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) و (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان) بریتین لە پانۆرامای لیریکیی توند بۆ ئافرەتێك، کە ژیانێکی نائومێدانەی کپکراو یاخود ژیانێکی خەونئامێز بەسەردەبات، چونکە هەستەکانی لەوە ناسکترن کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ جیهانی زبری دەورووبەردا بکات، لە شانۆی (پێشانگەی ئاژەڵە

شووشەییەکان)دا ئەو هەستە ناسکەیان کەفالەتی شکستی بەردەوامییان دەکات و لە کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتیدا، کە تێیدا لە بەرامبەر دڵڕەقیدا بازرگانی بە دڵنەرمی و ناسکییەوە دەکرێت، لەمبارەیەوە وتەیەکی ولیامز خۆیمان دێتەوە یاد سەبارەت بە شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) کە دەڵێت: (بابەتی شانۆییەکە دەخوازێت بە بینەر بڵێت کە مەیموونەکان دەبنە میراتگری زەوی)، ئەم چۆنیەتی و جۆرێتییەش گوزارشتەکەی (ئەندرۆسن) دووپات دەکاتەوە سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤایەتی، واتە سیفاتی ئاژەڵییەت و رۆچوونی بێزارو بەنێو چێژەکاندا، کە ئەم دوو حاڵەتە عەقڵ و بەزەیی و ئاکار دەتاسێنن، (پاڵەوانە هەستیارەکانی ولیامز ناتوانن لەگەڵ ئەم ڕیتمە لە گرفتەکانی ژیاندا خۆبگونجێنن بەبێ ئەوەی خۆیان نەبنە ئاژەڵ و کاتێکیش ئەمەیان لەدەست دەچێت دەبنە وێرانکار، هەروەك چۆن ئەم سیفەتە دیارترین سیماکانی مرۆڤی مۆدێرنەن)..

ولیامز گەر هاتە سەر ئەو ڕایەی زۆرینەی پیاوەکان وشك و دڵڕەقن، ئەو کات لەگەڵ کەسێتییەکی ناسکدا مامەڵە دەکات، کە رۆحی لە پووچەڵیی زۆری ژیان قێزی دەبێتەوە، ئەوانەی کە هەستیارنین باڵادەکەن و پەرە دەسێنن، چونکە هەستیارنین و هەر بە زیندوویی دەمێننەوەو نەوەیان زیاتر دەبێت و هەر بەوەش بۆچوونەکانی جوانیی ژیان خاپوور دەکەن.

شانۆیی (گالیسکەیەك ناوی ئارەزووە) وەك زۆرێك لە شانۆییەکانی ولیامز شانۆییەکی "خودیی"یە، واتە "حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی

کارەکتەر پێگەو پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، بەجۆرێك خودو سایکۆلۆژییەت بوونێکی فیزیکیی هەیە لە شانۆییەکەدا". تینسی ولیامز لە ئۆرلیانز ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە کەرەستەی شانۆییەکەی دەبێ لە تۆڕە چنراوەکانی ژیانی تایبەتی خۆیەوە سەرهەڵبگرێت، هەر بەوجۆرەش بۆخۆی وێنای کارەکتەرە گرنگەکانی شانۆییەکانی کێشاوە، وەك: (ئەلما، لۆرا، بلانش، ئۆلزنۆتۆ،) هەمووشیان دەرەنجامی تێبینییە تایبەتەکانی خۆین سەبارەت بە ئەندامانی خێزانەکەی و هاوڕێ خۆشەویستەکانی.

ڕەنگە ئەو وتەیەی ولیامز لێرەدا سوودی هەبێت، کە لە دیمانەیەکی نێو کتێبی (دراما لەسەر شانۆ)دا بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت: (من لە میانەی گرژی و شپرزەیی خودی خۆمەوە ئاگاداری شپرزەیی و گرژیی زیاتربووم و هەستم زیاتر بە توندوتیژیی جیهان و ئەم سەردەمەم کردووە، کە خۆمی تێدا دەژیم، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە یەکەمجار مرۆڤم و دواتریش نووسەرم و پێموایە ئیشەکەم جۆرێك بێت لە چارەسەری دەروونی).

# تراژیدیاو ژیاننامەی نووسەر

جیاوازیی نێوان تراژیدیای کۆن و نویێ لەوەدایە کە ئەمەی دوایی بە تۆماری ڕەوتی خودی نووسەر دادەنرێت، کە هەوڵدەدات لەو میانەیەوە دووبارە دۆزەخە خودییەکەی ژیانی بخولقێنێتەوە، وەك خۆی تاقییکردۆتەوە. بەکورتی، ئەم بۆچوونە بەلایەنی لۆژیکییەوە نابێتە هۆی پێکهاتنی بۆچوونێکی تایبەت بە دۆزەخی تراژیدیای هەر مرۆڤێك، ئەگەر نووسەر بە جۆرێك خودی خۆی نەگوزەرێنێت، کە مێژوویەك بۆ حاڵەتی تاکەکەسێك دروست نەکات لەگەڵ هێنانەوەی بەڵگە بەوەی کە ئەو حاڵەتە دەبێت فراوانگیر بێت و ببێتە نموونەیەکی تاك.

بۆ نموونە شانۆیی (گەشتی ڕۆژێك لەنێو جەرگەی تاریکیدا)ی (یوجین ئۆنێل) دەکرێت بکرێتە مەخابنێکی کەسێتی بۆ ژیانی نووسەر ڕاڤەکاریی چیرۆکی خێزانەکەی و هاوسەرەکەی بە جۆرێك وەسفی ئەم حاڵەتەی کردووە، کە دەلالەتی خۆی هەیە کە باس لە شێوازی نووسین و تەقەللاکانی دەکات لە تەواوکردنی ئەو شانۆییە ناوازەیەدا: (ئۆنێل پێیووتم، کە دەبێ شانۆیی (گەشتی ڕۆژێك لەنێو جەرگەی تاریکیدا) لە یاداشتەکانی لاوێتی و خەمەکانی خێزانەکەیەوە بنووسێت، ئەو بیرۆکەیە هەمیشە بە بیریدا دەهات و بە شێوەیەك دەستی بەسەردا گرتبوو، کە دەتووت شتێك لە هەناویدایەو دەبێت دەریبهێنێت و دەبێ لە هەموو ئەوەش خۆشبێت کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو تراژیدیایەی کە لەنێوان ئەو و دایك و باوکیدا، کاتێکیش دەستیکرد بە نووسینی شانۆیی (گەشتی ڕۆژێك لەنێو جەرگەی تاریکیدا) سەیرترین ئەزموون لەوەدا بوو، کە بڕوانێتە ئەم مرۆڤە نووسەرە کە چۆن هەموو ڕۆژێك بەر لە نووسین خۆی ئازارو عەزێت دەدات. لە کۆتایی ڕۆژەکەشدا لاوازو هەندێجاریش بە گریانەوە لە نووسینگەکەی دەهاتە دەرەوەو هەردوو چاوەکانی سوورهەڵدەگەڕان وەك بڵێی لەچاو سەرلەبەیانیدا دە ساڵ لە تەمەنی گوزەری کردبێت، بەوەی دەساڵ چووبێتە سەر تەمەنی و پیربووبێت، پێموایە هەستی بە ئازادیی زیاتر کردووە کاتێك ئەو بیرۆکەیەی بەدیهێناوە، ئەوەش شێوازی ئەو بووە لە ئەنجامدانی چاکسازی چ لەگەڵ خێزان و چ لەگەڵ خودی خۆیدا.



فرۆید
رەهەندێكی نوێی بەكارەكانی
ولیامز بەخشی

نزیكبوونەوەی لەوجۆرەی شانۆنووسێك لە تراژیدیای خۆی، ئەوەمان دەخاتە بەرچاو، كە بایەخی زۆری داوە بە نووسینی درامای خودی و سایكۆلۆژی، لەوێدا لە نەخۆشەكان گوناهەكانی خۆیان بەئومێدێكی تەمومژاوییەوە دەنوێنن تاكو لەگەڵیاندا هەڵبكەن، ئەوەش هەوڵێكی پڕ لەخۆ پاككردنەوەیەو هەر ئەوەشە كە لەگەڵ بیرۆكەی نوسیندا دەگونجێت، كە( تینسی ولیامز) زۆری لێراماوەوجێگەی

سەرنجی تایبەتی ئەو بووە، بەگوزارشتێکی تراژیدیایی ورد دایڕشتووە..

تۆقینێك لە شتەکاندا هەیە، ژیان مانای هەیە ئەگەر رووەو ئاسمان بالا بکات، بەلام ئەگەر ئاسمان ئەندێشە بێت ئەوا ئێمە هەموومان لەنێو دارستانێکداین (لەگەڵ ئەوەشدا کە دەتوانین چی لەپێناوی خۆماندا بکەین پێمواپە کە لاپەڕەکانی ئەم یارییە لەدژی ئێمە بەنهێنی رێکخراون).

زۆرترین یاخود زۆرینەی تیۆرە نوێکان لە جەوهەردا بایەخیان داوە بە بنەمای گۆڕینی بیرۆکەکانی مرۆڤ و پوختەکردنی ئاڕاستەکانی ژیانی بە بەشە لەیەك جوداکانییەوە، ئەوەش بەشێوەیەکی روون لەسەر بەرهەمەکانی هونەرو ئەدەبدا رەنگدانەوەی هەبووە، هەروەك بیرۆکەکانی (فرۆید) ڕەهەندێکی نوێیان بەخشی بە هونەرەکانی شانۆ، ئەوکاتەی کۆتوبەندەکانی سەپێنراو بەسەر چارەسەری بیرۆکە زۆر هەستیارەکاندا شکاندو ئازادی دەستەبەر کرد بۆ وێناکردنی هەڵچوونە مرۆییەکان بەشێوازی راستەوخۆی دوور لە دڵەڕاوکێ و دوودڵی و بەوەش چەندەها بەهای بنچینەیی خستەسەر سەرکەوتنی کردەیی بەرجەستەکردنی ژیان بە هەموو وردەکارییەکان و بوعدەکانی و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی کرداری درامی (الفعل الدرامی) بەشێوەیەکی قووڵترو وردترو بەشێوەیەك کە هەموو شانۆییەکانی دوای (فرۆید) بارگاوی بوون بەو بانگەشانەو کردنیان بە میتۆدی خۆیان بۆ نمایشکردنی گرفتە کۆمەلایەتی و دەروونییەکان. بۆ

دووپاتکردنەوەی بایەخی (فرۆید) بە پاڵنەرە سێکسییەکان لەمیانەی دووبارە چاوخشاندنەوە بە بوونیادی کارەکتەری درامی و ئەو پەیوەندییە مرۆییانەی کە لە درامای هاوچەرخدا مەودایەکی بەرفراوانیان نەبووە، کە دەڵێت: (یاسای زانستی ژیان ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هەموو جوڵەیەك هەرچەندە بچووکیش بێت، مانای تایبەتیی خۆی هەیە، کە گەڕانی چەند لایەنی لیّ فەراهەم دێت بەدوای هەموو پاڵنەرە نادیارو ئارەزووە کپکراوەکاندا)، بەو شێوەیەش فێرگەی دەروونناسیی هاوچەرخ ئەو بێدەنگییەی ڕەواندەوە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئابڵوقەی چارەسەری بیرۆکە سێکسییەکانی دابوو لە دراماو هونەرەکاندا، بەشێوەیەکی گشتی سەرەڕای دەرکەوتنی هەندێك لەو شانۆییانەی کە هەوڵیان دا بەزۆری ئەو بابەتانە لەخۆبگرن وێڕای خراپیی چارەسەرەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەندێك لە کۆتوبەندە بۆماوەییەکانی جیهانی شانۆیان تێکشکاند. بۆ نموونە چەند شیکارێك هەن کە باس لە جێدەستەکانی (فرۆید) یان کاریگەرییەکانی (نیتشە) دەکەن لەسەر هەریەك لە (ئونێل و ولیامز و میلەر) یاخود پووچگەرایی لە شانۆی نا بابەتیدا، ڕەخنەگران لە نووسەرانی تراژیدیای نویّ باسیان لە چەندەها خاڵی لاواز کردووە، کە دەکرێت ببێتە هۆکاری یەکەم، ئەویش ئەوەیە کە لەڕاستیدا ناکرێت داڕشتنی درامی بە جیاوازییەکی دەلالەتدار دابنرێت لەنێوان نووسەری کلاسیکی و هاوچەرخدا، ئایا (یۆرپیدس) بەهرەدارتر بووە لە (تینسی ولیامز)، (ڕاسین) گەورەتربووە لە (میلەر)، یاخود هەڵەیەك هەیە لە هەڵبژاردنی کەرەستەدا لەلایەن نووسەری هاوچەرخەوە.



نیچە

شانۆی زۆر جەربەزەترو روونبێژانەتر هاتنە ئاراوە، کە فۆڕم و ناوەڕۆکی جۆراوجۆرو نوێیان لەخۆگرت لە چارەسەری کێشە دەروونی و سێکسییەکاندا بەبێ پەنابردن بۆ ئاڕاستەی رۆمانسی و فۆڕمە دروستکراوەکان. توێژینەوەکەی (ولیام ماریۆن ریندیش) کە لەژێر ناونیشانی (لە شانۆی ئەمەریکیدا، کاتژمێری سپێدە لێیدا)دا بڵاوکراوەتەوە، هەمان شت دووپاتدەکاتەوە کاتێك بۆ یەکەمینجار لەسەر تەختەی شانۆ ئەو چیرۆکانە نمایشکران، کە پێش چەند ساڵێك قەدەغەکرابوون و چەندەها بابەتیان لەخۆگرتبوو، وەك لێدوان لەبارەی ماوەی نێوان مارەبڕین و گواستنەوەو گرفتەکانی بەر لە هاوسەرگیری و چەمکەکانی دڵسۆزی دوای هاوسەرگیری و پەیوەندییە (شازە)کان و نەخۆشییە سێکسییەکان و هەر لەو چیرۆکانەدا رۆڵی کارەکتەری

تەوەرەی دەرکەوت، کە دووچاری کێشە سێکسییە ئاڵۆزەکان هاتبوو، هەروەك دیالۆگ مۆرکێکی نوێی وەرگرتبوو لە باسکردنی ئەو کێشانەو ئاماژەپێدانیان بەڕوونی، چەند داخوازی و پێناسەیەك هەن کە نووسەر (جۆن فۆن زیلسکی) پێناسەکانی ئەرستۆو شکسپیرو تراژیدیای هاوچەرخەوە بۆ تراژیدیا وەریگرتووەو گرنگترین خاڵەکانیشی ئەمانەن:

کەسێتیی سەرەکیی (سەنتەری) یاخود پاڵەوان، ئەگەر کەسێکی چاك نەبوو، دەبێ لای کەمی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەو سەرچاوەی وریایی و ئاگایی شانۆییە و دواجاریش دەبێ لەحاڵەتێکدا بێت، کە شتێك بنوسێت لەوەی کە لە قەیرانەکەیدا هەیە لەبیرکردنەوە لە مانای بوون و بەو پێیە کێشەی شانۆییەکەش دەبێ لەسەر موعاناتی کەسێتیی سەرەکی کۆبێتەوە، دەبێ موعاناتەکەش لە کەمترین دەرەنجامدا لە وێنەی خاپووربوونێکی هەڵچوونی رۆحیدا بێت، گەر واش نەبوو، ئەوکات دەبێتە تێکچوونێکی تەواوی جەستەیی دەبێ شانۆییەکە بابەتێکی تەواو جدیی هەبێت، کە تیایدا فیکر بەسەر بەهای ژیان و باشتر لەسەر ماناکەیدا بەرجەستە بکرێت، هەروەها جۆرێك لە هەوڵ و تەقەللاش هەبێت بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی فراوانگیر، ئەویش بەوجۆرەی کە کردەکان تایبەتبن بە بەشێك لە مرۆڤایەتی بەرفراوانتر لە هەر کۆمەڵێکی ئەنتی و پیشەیی بەرتەسك و دەبێ لای کەمی رووداوەکەش بەبێ زەخرەفەی بەڵگەنامەیی نەهامەتییەکانی ژیان بگێڕێتەوەو ئاستی دەقی نووسراویش بگاتە

**قۆناغێكی هۆشمەندانە لە جیاكردنەوەی تەقەللای دیار بە باسكردنی رووداوەكان و گواستنەوەیان وەكو یەك بە تەعبیركردن لە تراژیدیاكان بە زمانی قەدەری مرۆیی.**

**بەر لە دەركەوتنی (یوجین ئۆنێل) و (تینسی ولیامز) و چەندەها نووسەری تریش، زۆر لە شانۆییەكان لە لێدوان لە چەمكی سێكس وەك تەنگژەیەكی مرۆڤایەتی نزیكبوونەوە، كە ژیاری هاوچەرخ سەپاندوویەتی و تیۆرەكانی بۆماوەیی و كێشە دەروونییەكانیش رۆڵی سەرەكییان بەو ئاراستەیەدا بینیووە، سەرەرای دەركەوتنی زۆرێك لەو شانۆییانەی كە ئەو چەمكانەیان كردبووە تەوەری خۆیان، بەڵام لەراستیدا ئامانجیان بریتیبوو لە نمایشی كۆمەڵێك كێشەی ساختە كە ئامانجیان لە خزمەتی چەمكە مرۆڤایەتییەكەدا نەبووە بەقەدەر ئەوەی ئامانجیان بریتیبوو لە بەدیهێنانی سوودو قازانج لەو نمایشانەی كە خاوەن ناوەرۆكی پووكاوەبوون، لەكاتێكدا زۆر شانۆیی تر سەركەوتنیان بەدەستهێنا كە بەجدی باسیان لەو كێشانە كردووەو تیایاندا وێناكردنی هەستی مرۆڤایەتی و زیانی كێشە سەرەكییەكە بەدیهاتووە، بەدوور لە هەژاندنی غەریزەكان و گەران بەدوای نمایشی ناوەرۆك و فۆرمە بێبەهاكان و ئەو هەوڵانەش داهێنانی نوێیان لە جیهانی درامادا هێنایە ئارا لەرووی ناوەرۆك و فۆرمەوە، (تینسی ولیامز)یش لە شانۆنووسە پێشەنگەكانی ئەم ئاراستەیە بوو، وێرای (یوجین ئۆنێل و لیلیان هیلمان)، ئەو بیرۆكانەش هەر لە نووسینە سەرەتاییەكانیاندا بەرجەستەبوو وەك (پشیلەیەك لەسەر**

رووی تەنەکەیەکی گەرم، دروستکەرانی دەفر، کاتژمێری منداڵان، ڕێوییە بچوکەکان).

نووسەر لەم سەردەمەی ئێستاماندا ئازادە لە هەڵهێنجان و دروستکردنی کارەکتەرەکانی شانۆییەکەی لە هەر سەرچاوەیەك، کە خۆی هەڵیدەبژێرێت. ئەو ناچارنەکراوە کە مێژووی شۆکێکی سێکسی لە دیالۆگێکی ئاست نزمدا وەربگرێت لەبری ململانێ لەسەر دەسەڵات لە کۆشکی شاهانەدا. نووسەرە نوێخوازەکان لە هەموو جۆرە کلیلەکان گەڕان لەپێناوی ئەوەدا، کە بەشێوەیەکی تەواو ئاشکرا تراژیدیا بنووسن.

# (هاوین و دوکەڵ) نمونەیەکی نوێ

لە ساڵی (١٩٤٧)دا شانۆگەرییە بەناوبانگەکەی تینسی ولیامز (هاوین و دوکەڵ) لە شاری دالاس و لە دەرهێنانی (مارگۆ جۆنس) نمایشکرا، دواتریش لە نیۆیۆرك لە ساڵی (١٩٤٨)دا دووبارە کرایەوە، دوای ئەوەی چەندەها ڕاستکردنەوەو گۆڕان هێنرا بەسەر پلانی دەرهێنان و دیکۆر و گۆڕانی بەسەرداهات و لە هەندێ لایەنەوە کەم و زیادکرا، هەروەها لە ساڵی (١٩٤٩)دا لە شاری (بۆستن) نمایشکرا، بەڵام ڕووداوی گرنگی شانۆیی (هاوین ودوکەڵ) بریتیبوو لە دووبارە نمایشکردنەوەی بەشێوەیەکی نوێ لە دەرەوەی (برۆدوای)دا، دواجاریش لە کۆتایی وەرزی (١٩٥١-١٩٥٣)دا لە شاری پاریس بە

فۆڕمێکی نوێ (هاوین و دوکەڵ)نمایشکرا، ئەم نمایشکردنە سەرکەوتنێك بوو بۆ شیعری شانۆیی ئیحائی، کە شانۆکەی (تینسی ولیامز) نمونەیەکی دیاری بوو، ئەگەر کاریگەرییەکە کاریگەری (فۆکنەر) لە کاریگەریی (رامبراند) زیاتربێت، هۆکارەکەی لە خودی شانۆییەکەدایە، واتە لە تەنگەژەی ناوچەیی کوژەر و حەزو ئارەزووی شەهوانیی قووڵ و هەستی بەدەر لە هەستیاری بۆ چارەنووس، ئەو هەستەی کە ولیامز کردبوویە بابەت و شانۆیی (هاوین و دوکەڵ)یش سەلماندی کە شانۆییەکی باشترە هەرچەندە مۆریکی رۆمانی هەبوو.

# هێماکانی (هاوین و دوکەڵ)

روداوەکانی شانۆیی (هاوین و دوکەڵ) لە شاری (میسیسی)دا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا روودەدەن و تا کۆتایی ساڵی (١٩١٦) بەردەوام دەبن، کەشوهەوای شانۆییەکە لەنێوان فوارەی پارکێکی گشتی و ماڵی خزمەتکاری کڵێسایەك و نووسینگەی پزیشکێکدا دابەشدەبێت، وێڕای بەشێکی باخچەیەکی گشتی. هەر لەسەرەتای شانۆییەکەشەوە (تینسی ولیامز) بە ئەفسونێکی زۆر تایبەت بینەر لەبەردەم تابلۆیەکی وێنەکراو بە هەستێکی مرۆیی ناسکدا دادەنێت، کە تاڕاەیەکی زۆر وردەکارییەکانی لەگەڵ ناوەڕۆکی شانۆییەکەدا دەگونجێنێت. (تینسی ولیامز) فۆڕمێکی هێماکاری و سیمبولی و

عەقڵیی ئەدەبی هەڵبژاردووە و هێماکاریی نوێش وەڵامدانەوەیەکی هاوتەریبە بۆ چەند مەرجێکی پەیوەستبوو بەو حاڵەتە ئەدەبییەوە، بگرە دەرەنجامێکی ئەدەبییە بۆ هەندێك کێشەی بنچینەیی لە فیکری هاوچەرخدا.

لە بەشی یەکەمی شانۆیی (هاوین و دوکەڵ)دا لەمیانەی دیمەنی دەستپێکردنداو لەسەرەتای شانۆییەکەدا بەکارهێنانی هێماکاری لە بونیادو ستراکتۆری درامیدا بەڕوونی دیارە، ئەمەش دیارترین خەسڵەتی شانۆییەکانی ولیامزە، کاتێك پەنای بردووە بۆ سەرەتای ڕووداوەکان لە باخچەکەداو لەنزیك ئەو فوارە بەردینەی کە لەشێوەی فریشتەیەکدا دروستکراوە، کە باڵەکانی کردۆتەوە و بە دەستەکانی وەك بخوازێت و داوابکات لە ئاوی فوارەکە بخواتەوە، شکڵی هێماکاری دووهەمیش لە شانۆییەکەدا کە (ولیامز) سەرکەوتووانە بەکاریهێناوە بریتییە لە نەخشەیەکی گەورەی شیکاری جەستەی مرۆڤ، کە لە عەیادەکەی (جۆن)ی پزیشکدایە.

بەو ئاماژە هێماکارییە قوڵانە ولیامز شانۆیی (هاوین و دوکەڵ) دەکاتەوە و بینەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە هەر لە سەرەتای شانۆییەکەوە لەگەڵ کێشەیەکی نوێدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەنێوان ژان و رۆح و جەستەدا، ئەمەش درێژبوونەوەیەکی تەواوکاری میتۆدی شانۆییەکەیە، کە چۆن ولیامز لە شانۆییەکانی پێشوویدا دەستی پێکردبوو و بناغەیەکی تۆکمەی بۆ داناوەو دەکرێت بڵێین ئەمەش بنەمایەکی تایبەتمەندە لە شانۆی تینسی ولیامز.

کارەکتەری (ئەلما) تەوەرەیەکی سەرەکیی هەیە لە ململانێی نێو شانۆییەکە و ئەو زانیارییانەش کە لەمیانەی خوێندنەوەی دەقەکەدا ئێمە دەستماندەکەوێت بریتین لە:

(ئەلما) کچێکی خوارووی ئەمریکایە، لە خێزانێکی سونەتیی ئاسایی گەورە بووە، خێزانەکەیان میتۆدێکی ئایینیی توندوتیژیان هەیە، چونکە کچی قەشەیەکە، کە خەڵکی ڕێزی لێدەگرن، بەڵام (ئەلما) کچێکی نەرمونیان و ڕۆشنبیرە و هەلومەرجی ژیان ناچاری دەکات بە بەردەوامی لەگەڵ دایکە دڵڕەقەکەیدا گوزەران بکات.

(ئەلما) ژیرەو ئاستی ڕۆشنبیریی بەرزە. تینسی ولیامز لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە شانۆگەریی (هاوین و دوکەڵ) بۆ یەکێك لە ڕۆژنامەکان دوای یەکەمین نمایشی دەڵێت:

(جووڵە و هەڵسوکەوتەکانی (ئەلما) بەلای زیادەڕەویدا دەچێت، هەرچەندە چوست و چالاکانەشە، خانمێکە کە شایستەیە بەماڵێکی فەرەنسیی سەدەی هەژدەهەم وەك لەوەی شایستەبێت بە ماڵێکی ئەمریکی، یاخود ولایەتێکی ئەمریکی لە چوارچێوەی سەدەی بیستەمدا، کە لە دەرەنجامی ئەزموونی عەشقێکی تاڵ و شکستهاتوودا لەگەڵ پزیشکێکی لاودا بە ناوی (جۆن بۆکۆنان) دوچاری شڵەژان و تێکچوونی دەروونی دەبێت، سەرەڕای ئەو حاڵەتە تایبەتانەی کە بوونەتە تەیمانی نێوانیان، بەڵام (جۆن) هەر تەنها ڕێز و نەوازشی بۆی هەیە. ژانرەکانی ئەم چیرۆکە گەر هەریەکەو بۆخۆی بنرخێنرێت ئەوا تواناکانی ولیامز دەخاتەڕوو، وەك شانۆنووسێکی بەتوانا لە نووسینی

ڕۆمانە پووچەکاندا، نەك ولیامزێك کە شانۆنووسێکی کاریگەر و کارا بێت. گەر بمانەوێت دادپەروەربین لەگەڵ شانۆنووس لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، کە زۆرێك لە شانۆییە دیارەکان، دەکرێت بەتەواوی ڕۆمانی خراپ بن، هەروەك چۆن دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانەکانیش بکرێن بە شانۆیی خراپ، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکەی تۆکمەیە و بەوپەڕی هێزەوە دەچێتە پێشەوە.

(هاوین و دوکەڵ)و بەهای سەرەکیش لەم چیرۆکەدا لەرێك و گونجاندایە، وەك شانۆییەك و بەوەش یاخود بەو فۆڕمەش دەبێتە پێکهاتەیەك لە چیرۆك و گرێچن و کارەکتەرو کەشوهەوای حاڵەتی مەزاجی و ئاراستەیەك رووەو گاڵتەجاڕی.

# کۆتەکانی وەهم

گرفتی (ئەلما)ی کچی قەشە لە شانۆیی (هاوین و دوکەڵ)دا بریتییە لە خۆنەخستنە نێو ئامێزە سۆزدارییەکانی لەگەڵ (جۆن بۆکۆتان)، کە ولیامز بە کەسێکی سەرەڕۆ و بەدڕەوشت و ڕۆچوو لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا وەسفیدەکات. ولیامز لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا سەبارەت بە کارەکتەری شانۆییەکەی دەڵێت: (جۆن بوکوتان) پیاوێکە وەك گایەکی بەلەسەبوو، لەوکاتەدا کە (ئەلما) لە کۆتوبەندی وەهمییەوە ئالاوە و ڕێگرە لە خۆگونجاندنی لەگەڵ گوفتار و حەز و ئارەزووەکانیدا، بەلام ئەوەش زۆر ناخایەنێت، چونکە لەمیانەی ڕووداوەکانی شانۆییەکەوە لە حاڵەتی کپکردنی ئارەزووەکانەوە

دەچێتە حاڵەتی هەڵچوون و وروژان، بەڵام (دکتۆر بۆکۆتان) دەبێتە پیاوێکی سست و لە لوتکەی ناکامی عاتیفیدا بە (ئەلما) دەڵێت: (تۆ گەیشتیتە شێوازی بیرکردنەوەی کۆنی من و منیش گەیشتمە شێوازەکەی تۆ، ئێمە وەك دووکەسین کە سەردانی یەکتری دەکەین، لەهەمانکاتدا و هەریەکەشمان ئەویترمان لە ماڵدا ناگرێت و دەرگاشی لێداخراوە و کەسیش شك نابات دەرگاکەی لێبکاتەوە... لێرە (با)ش بۆنی سڕبوونی لێدێت).

هەر لەسەرەتای ڕووداوەکانی شانۆییەکەوە لەبەردەم شتێکدا دەوەستین، کە لە شانۆیی ولیامزدا شتێکی نویٚ نییە، بەڵکو ئەڵقەیەکە دەخرێتە سەر ئەڵقەکانی دیکەو تاکو لە کۆکردنەوەیاندا ئەو چنراوە پێکبێت، کە شانۆی ولیامزی پێناسراوە، واتە کێشەو ململانێی نێوان جەستە و ڕۆح و عەقڵ و غەریزە و لەنێوان ژیانەوە و سەرهەڵدانی هەستەکان، وەك گوڵە مۆردێك و مردنی وەك وێنەی تیشکی خۆر، ئەو دەمەی بە غەمناکی ئاسۆ بەجێدەهێڵێت.

تۆماری چیرۆکەکانی ولیامز کە لە شانۆیی (هاوین و دوکەڵ)دان خاوو لەسەرخۆن، هەرچەندە هەندێجاریش دەتەقنەوە، ڕەنگە هەر لەبەرئەم هۆیەشبێت ڕێگەیدابێت بە لابردنی دیمەنی یەکەم لە ئەسڵی دەقەکەدا، کەسیش لەوانەی کە ئاگاداری بەرهەمە ئەدەبییەکانن شانۆیی خاوەن مۆرك و فۆڕمی ڕۆمانی لەو جۆرەیان نەبینیوە و لەو کاتەشەوە ئیدی شانۆی ئەوتۆی پێشکەشنەکردین، کە نێگەتیف تێیدا خەسڵەتێکی سەرەکی و دیاری پاڵەوانەکەیبێت. شانۆیی (کوتانی

گولّ) سەردەمی مێینەیەکی کردەوە، کە هەرگیز خۆ بەدەست مەرگەوە نادات، سەردەمی (ماجی) لە شانۆیی (پشیلەیەك لەسەر رووی تەنەکەیەکی گەرم) و سەردەمی شاژنی هۆلیۆد لە شانۆیی (باڵندەی جوانی لاوان) و وانەی یەکەمیش کە ڕەنگە هەندێك لە ڕەخنەگران ئاگاداری بووبن لەماوەی دەرکەوتنی شانۆیی (هاوین و دوکەڵ)دا بریتیبوو لە جیاکردنەوەی نێوان چیرۆکی شانۆیی لای ولیامز لەنێوان نووسەری گرێچنەو سەرنجڕاکێشەکانی، یاخود هەڵوێستە هەستییەکان و درامانووسی شاعیرانە، کە چەندەها شانۆیی تۆکمەو قوڵی خوڵقاند..

ولیامز لەمیانەی رووئیاکانییەوە کە لە جیهانی تۆقین و شڵەژان و ئیستاتیکا و سەرکێشی و یاخیبوونەوە سەریانهەڵگرتووە، توانیی پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان چیرۆك و شانۆنامە بخولقێنێ، ئەو پەیوەندییەش زیاتر لەنێو تەکنیك و فۆڕمی نوسینیدا ڕەنگی دایەوە، کە ڕەنگە ئەم تایبەتمەندیە دیار ترین سیمای شانۆییەکانیبن.

بۆ ئەوەی لە (هاوین و دوکەڵ)یشدا بە وردی گوزارشت لە بیرۆکەکانی بکات، (ئەلما)ی هەڵبژارد،ئەو کچەی کە خۆی وەسفی دەکات بەوەی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدایەو بەڵام پێشوەخت دیاردەی قەیرەیی لێدەرکەوتووەو ئاماژەی توڕەیی و شپرزەییش لە پێکەنینەکانیدا بەدیدەکرێت.. هەروەك بڕێکی زۆر شەرم و شکۆ و ئەدەبیش لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانیدا دەردەکەون. دەنگ و جوڵەی سەر بەو ساڵانەیە کە تیایدا دەچووە ئاهەنگەکانی کڵێسا، کە تاڕادەیەك بۆ بینەری وەك راهیبەیەکی دێرین دەهاتە پێش چاو.



**دیمەنێك لە شانۆیی (هاوین و دوكەڵ)**

**کاری ئەدەبی لە ڕۆحی نووسەرداو لە قوڵایی دەقەکانیدا تارمایی دیارە و زمانیش تەنها بریتییە لە ئامێری گوزارشتکردن. عەقڵی**

(تینسی ولیامز)یش هەمیشە لە ململانێیەکی جەدەلیدایە لەگەڵ ئەو بیرۆکانەدا، کە بەر کارەکتەرە ناوەندییەکانی دەکەون، کچانی هاوتەمەنی (ئەلما)ش بەجۆرێك لە (ئەلما) دەدوێن، کە قەسەکانیان زۆر جیاوازن لە ڕەفتارەکانی (ئەلما) خۆی، بۆ نمونە خۆی وەك کەسێکی ڕووخۆش و هەزەلی دەخاتە پێش چاو، زۆربەی کاتەکانی تەمەنیشی لەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتردا بەسەربردووە و کەچی مۆرکی ڕاستەقینەی خۆی تەنانەت لە خودی خۆیشی شاراوەو نادیارە، پۆشاکێکی زەردی کاڵ لەبەرەدەکات و چەترێکی زەردی ئاوریشمیشی هەڵگرتووە و فوارە بەردینەکەش ڕۆڵێکی پۆزەتیف دەبینێت، کە پەیوەستە بە ڕوداوەکانی شانۆییەکەوە، ئەو فۆڕمە داستانئامێزەی کە لەسەر شێوەی فریشتەیەك ئاوی سازگاری لێدەچۆڕێت.

ولیامز بە لێهاتوویی لە (هاوین و دوکەڵ)دا دوو کارەکتەر لەیەکدەدات، ئەوانیش (جۆن و ئەلما)ن، کاتێك (فلاشباگ) بۆ ڕووداوەکان دەکات و ڕابووردووی دێرین دەگێڕێتەوە بۆ قۆناغی سەردەمی منداڵییان، بەرلەوەی پرسیارێك بێتە بیرەوەرییەوە سەبارەت بە نهێنیی هەڵبژاردنی دیمەنی ژوانی نێوان (جۆن و ئەلما) لە زەمەنی منداڵیدا و دانانی وەك دیمەنی دەستپێك و سەرەتا. ولیامز خۆی پەردە لەسەر نهێنیی پەیوەندیی نێوان ئەم دوانەمان بە لێهاتوانە بۆ هەڵدەداتەوە، گرنگترین هێڵەکانی ئەم تۆڕە چنراوەی شانۆییە، کە دەخاتە بەردەستی بینەرو بەوە لە دیمەنەکانی کۆتایدا ڕەخساندنێك بۆ بونیادی گەورەی شانۆگەریەکە فەراهەمدەهێنێت و لەوەشەوە

ناوەستێت، بەڵکو ژیرانە دیمەنی یەکەم هەڵدەسوڕێنێت و لە زۆر ئاراستە و بیرۆکەکانی خۆی ئاوێتە دەکات. ئەوکاتەی وردەکارانە و زۆر زیرەکانە ناخ و دەروونی مرۆڤایەتی وێنا دەکات، بیرۆکەی بونیادنەرو ڕستە و بیرۆکەی تر و شیعر و سیستەم و چەندەها نەخشە دەخولقێنێت، ئەویش فەراهەمهێنانی عەقڵ و جوانکردنێکە لەنێوان سروشت و بیرۆکەدا. دەرکەوتنی حەقیقەتە لەم جیهانەدا، فۆڕمی بیرۆکەکە، کە بۆ یەکەمینجار لە گەردووندا دەتەقێتەوە.

# خاڵی دەستپێك (سەرەتا)

**لای فوارەکە دیمەنەکە بەمجۆرەیە:**

(جۆن) ئەوە رادەگەیەنێت کە بەدوای (ئەلما)دا دەگەڕێت و زۆر لێشی توڕەیە، لە بڕگەکانی دیالۆگەکە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە زیانی زۆر گەورە بەر کەرامەتی کەوتووە و ئێستا وەك یەکێك وایە کە بخوازێت تۆڵەی خۆی بسەنێتەوە، ئەگەر تەعبیرەکە گونجاو بێت.. ولیامز پلە بەپلە پەردە لەسەر هەرسێ مەودای کەسێتیی سەرەکی و (ئەلما) هەڵدەداتەوە، کە لە نەگونجان و ئاوێتەنەبوونێکی نیمچە تەواوی کۆمەڵگەدا هەیە، وێڕای خواستە دوژمنکاری و هەستە ساردوسڕەکانی، کاتێکیش (جۆن) ئەلما لەبەردەم فوارەکەدا بە چەمانەوەیەکی ئاسایی دەبینێت، (جۆن) بە جووڵەیەکی مەبەست و بە

ئەنقەست چەند دەنکە نۆکێك دەگرێتە پشتی (ئەلما) و چاوەڕوانی دەرەنجامەکەی دەکات، بەڵکو دەکەوێتە قاقای پێکەنین و گاڵتەکردن بە (ئەلما)، کە ئەویش تەواوی توڕەیی خۆی رادەگەیەنێت، ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی، کە (جۆن) بەشێك لە نهێنییە شاراوەکانی نێو عەقڵی بخاتە ڕوو، ئەویش توڕەدەبێت و پرسیار لە نهێنیی ئەو دەستەسڕانە دەکات، کە لەکاتی وەرزی خوێندندا لەسەر مێزی نووسینگەکەی بووە، ئەم ڕەفتارەش لە ئامانجێکەوە هەڵقوڵاوە، کە بەلای (ئەلما)وە شتێکی ڕاستە، بەڵام (جۆن) پێیوایە کە ئەوە لەناخەوە کاری کردۆتە سەر شکۆمەندی و ئەو رەفتارەی (ئەلما)شی بە هەرزەکاری ناو دەبات. ئەو هەڵوێستە شپرزیی زیاتر لەنێوانیاندا دروستدەکات، بەهۆی ئەو ڕووداوە ئاساییەی نێوانیان و دواتر (ئەلما) دان بەوەدا دەنێت، کە پاڵنەری ئەم حاڵەتەی سەرسامبوونێکی بەهێزە، کە بەهۆیەوە دووچاری هەڵامەتێکی قورس هاتووە.

بە درێژایی هەفتە لوتت تەڕبووەو ئەوەش دیمەنی لەبەردەم خەڵکیدا ناشرین کردووە.

(جۆن)یش بە گەرمییەکی گەمژانە و دوژمنکارییانەوە وەڵام دەداتەوەو دەڵێت "ناچارنیت تەماشام بکەیت ئەگەر بەمجۆرە بە دڵت نیم"

گرژیی نێوانیان زیاتر دەبێت و هەریەکەیان بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان خۆیان ئامادە دەکەن و (ئەلما) هەست بەوە دەکات کە شکۆو کەرامەتی لە کەدارکراوە، بۆیە دەبێت ئەویش بۆ ئەم سەرزەنشتە

وەڵامی خۆی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەی بۆ دووپاتدەکاتەوە کە هەرگیز تەماشای نەکردووە، بەڵام (جۆن)ی ئەهریمەنیی گچکە وەك ولیامز وێنای کردووە ڕاوکەرێکی کارامەیە، چەندەها تەڵەو کۆسپ سەرەڕێی (ئەلما)دا دادەنێت و ئەوەشی بۆ دووپاتدەکاتەوە، کە لە دوورەوە چاودێریی کردووە.



تینسی ولیامز لەگەڵ ستافی شانۆیەکیدا

تۆ تەماشات دەکردم.. چاوەکانت هەمیشە چاودێرییان دەکردم، چونکە هەر کە دەمڕوانییە دەوروبەری خۆم، چاوەکانی تۆم وەك چاوی پشیلەیەك دەبینی، کە تەماشایان دەکردم.

ترس هەمیشە لای پیاو جۆرێك وریایی و پاشەکشێی غەریزە و هۆشیاربوون دەخولقێنێت، بەواتایەکی تر ئەم ترسە کاردانەوەی ڕوون فەراهەم دەهێنێت..

بەمجۆرە هەر لە سەرەتاشەوە هێڵەکانی شانۆیی (هاوین و دوکەڵ) دەردەکەون. ولیامز وردە وردە، وەردەکارییەکانی پەیوەندی و ڕووداوەکان ڕووندەکاتەوە، کە لە ڕابوردوودا ڕوویانداوە و کارێکی گرنگیشن لە پەرەپێدانی کرداری شانۆییدا، هەر لەمیانەی کەشوهەواکانی رابوردوودا ولیامز چیرۆکە سادەکان دەهێنێتەوە، کە ئاماژە دەدەن بە بوونی تۆوی بەسەرهاتێك، کە پەرەدەسەنێت و پەردە لەسەر نهێنییەکی دیکە هەڵدەداتەوە، کە پەیوەستە بە تۆڕی بەسەرهاتی نێوان (ئەلما و جۆن)ەوە و باس لەو ژنە مامۆستایە دەکات کە پەردەی لەسەر نهێنیی نیگاکانیان هەڵدەداتەوە، چەندەها جاریش پرسیاری لە (ئەلما)کردووە، کە لە دەرەوەی وانەکانی خوێندندا ئەو کردەیەی خەیاڵ ڕۆشتنەی لەکۆڵ بکاتەوە. ئافرەتێکی گچکەیەو وریایی و مەترسی دەوروژێنێ و هەمیشە بیر لە خەونە بەهەشتییە دوورەدەستەکان دەکاتەوە و لە چوونیشدا ڕووەو (جۆن) وای لێدەکات کە دوودڵ بێت لەنێوان ڕەزامەندبوون و بەرپەرچدانەوەیدا، لەنێوان خۆبەدەستەوەدان و داکۆکی لەخۆکردندا. (جۆن) بە سەرسەختی

سەبارەت بە نهێنیی بەسەرهاتەکە لە (ئەلما) دەپرسێت، (ئەلما) چی بەسەر عەقڵتدا هاتووە، وەڵامم بدەرەوە؟

(ئەلما)ش زۆر ژیرانە و بێدەربەستانە لەگەڵ دڵڕەقییەکی زۆردا لە دژی (جۆن) بڕیاردەدات ڕووبەڕووی ئابڵوقەکەی سەری بێتەوە.

دەزانیت تۆ بۆچی دەموچاوت ناشرینە؟ چونکە دەستەسڕ بەکارناهێنیت و لوتت بە چمکی ئەم (سوتێر)ە کۆنە دەسڕیت.

توڕەیی (جۆن) زیاتر دەبێت، کە واهەستدەکات سەرزەنشتێکی ناشرین کراوە، بەڵام (ئەلما) بەوقسانە قورساییەکی زۆری لەسەر دڵی خۆی لابردووە، بەوەش هۆکاری سەرەکی دانانی دەستەسڕەکانی لەسەر مێزی نووسینگەکەی ڕوونکردۆتەوە، کە هەموویانی پێکەوە بەستووە تا خەڵکی بەو نەزانن.

بەمجۆرە (ولیامز) لەمیانەی فلچەی وێنەکێشێکی کارامەوە تابلۆیەکی گەورە دەکێشێت و هەر لەسەرەتاوە دەمانخاتە بەردەم ڕیتمێك لە بیرکردنەوەی (تایبەت) بە (ئەلما) و (جۆن)، کە ئەویش بریتییە لە ڕاکێشانی ڕیشاڵەکانی تۆڕی تایبەتی شانۆیی (هاوین و دوکەڵ) بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر کێشەی دەروونیی ئەو ئافەریدەکراوە بچوکانەی، کە جیهانی دیاریکراوی خۆیان هەیەو ئەمیش ئەوەی لێ هەڵبژادوون، کە لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی شانۆییەکەدا بگونجێنێت، واتە  ئەو بیرۆکانەی کە کردەکە (الفعل) بەرەو پەرەسەندن دەبەن.

(ئەلما) کە مەودایەکی بەرفراوانی شانۆییەکەی داگیرکردووە، وەك دەفریێك وایە بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانی نووسەر، لەو کارەکتەرانەش کە (تینسی ولیامز) هەڵیبژاردوون بەو بڕوایەی کە دەکرێت لەمیانەیەوە گۆڕانێك، یاخود گۆڕانی خوازراو ڕووبدات لە پێکهاتەی زیهندا. (ئەلما) ئەو هەڵوێستە بە شەرمەزاری دەزانێت، کە (جۆن)ی تێکەوتووە، ئەویش لەمیانەی پێکەنینی کچەکان لەو هەڵوێستە، کە بووە هۆی تێکدانی کارەکەی ئەم، هەرچەندە ئەم دەیویست بەوکارەی دیمەنی (جۆن) چاکبکاتەوە، ئەو (جۆن)ەی کە هەر لە منداڵییەوە لە سۆزو سەرپەرشتی دایك بێبەریبووە، هەربۆیەش لەنەخشەی ژیانیدا ژنێك نییە کە سەرپەرشتی بکات و دەستێك بەدیمەنی دەرەکیدا بهێنێت، دوای ئەوەی کە (جۆن) توڕەدەبێت و سندووقە دەکێشێت بەزەویدا و دەیشکێنێت، (ئەلما)ش بەوپەڕی نائومێدیەوە سەیری دەکات، ئەم حەزی دەکرد (جۆن) رابهێنێت و بیخاتە چوارچێوەی بیرو باوەڕەکانی خۆیەوە، بەڵام ئەو هەریاخی دەبوو، دەیویست وەك خۆی بمێنێتەوە، لەشێوەی دژێك یان ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئەودا، هەر لەسەرەتاوە ڕوداوەکانی ئەم شانۆییە بەئاڕاستەیەکی لوتکەدا بەردەوام دەبێت، تاکو ئاڕاستەیەکی نوێی لێبەرجەستە دەبێت لەچەمکی تراژیدیای نوێ لەدراماداو ئەدەبیاتی شانۆییدا.

# وێنەیەك لە واقیع

پڕاوپڕ هەروەك ئەو حاڵەتی ئابڵووقەیەی کە وەسفی دەکات، ئەو هەوڵدەدات لەڕووی هەمووواندا هاواربکات.. دەخوازێت هەموو ئەوە بزانن کە ئەو هێشتا لە ژیاندا ماوە، گەرچی لەڕاستیدا نەخۆشیی شێرپەنجە بەجۆرێکی تر هەڕەشەی لێدەکات، ڕەنگە مارگرێت هاوێنەی ئەو کچە بێت کە ولیامز وەسفی دەکات لەو دەمەدا کە لە لاڕێیەکی "مسیسیپی"دا کۆمەڵێك کچ بەدیدەکات، کە هەریەکەو بە پۆشاکی دایك یا خوشکیان خۆیان رازاندۆتەوەو هەندێکیان پۆشاکی ئاهەنگو هەندێکی تریشیان پۆشاکی سەماکردنیان لەبەردابووەو کڵاوی ڕێشوودارو پێڵاوی پاژنەبەرزیان لەپێدابووەو نموونە بوون بۆ کۆمەڵێك


ئافرەتی نێو ساڵۆنێکی جوانکاری. ئەوان زۆر بە وردیو کارامەییو بە ئەدەبی خەڵکی باشوورو خۆشنوودییانەوە رۆڵەکانیان دەبینی، بەڵام یەکێك لەوان بە کاری ئەوان رازی نەبوو، لە بایەخنەدانیان بە کارامەیی ئەم لە نواندندا، چونکە هەریەك لەو کچانە لەبەر خۆیان نەیان دەپەرژایە سەر ئەوانی دەورووبەری، دواتر ئەم کچە ناڕازییە باڵە لاوازەکانی بڵاودەکاتەوەو ملی بەرەو دواوە دەشکێنێتەوەو پڕ بەدەم هاوارێك دەکات، بەم هاوارەی دەخوازێت تەنانەت ئاسمان لە بوونی ئاگادار بکاتەوە، وا لەوانەی دەوروبەری بکات کە بایەخی پێبدەنو ئاوڕی لێبدەنەوە. هاواریکرد: تەماشام بکەن.. سەیرم بکەن.. تەماشام بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێڵاوی پاژنەبەرزی دایکی لەپێکردبوو، هاوسەنگیی تێکدەچێت، دەکەوێتە سەر زەوی تەپاوتل بەنێو قوڕو لیتەکەدا، لەئاکامیشدا پۆشاکی ئاوریشمینی دایکی قوڕاوی دەبێتو سەرپۆشە سوورەکەیشی شیتاڵ شیتاڵ دەبێت.. بەڵام وێڕای ئەوەش هیچکام لە ئامادەبووان بایەخی پێنادەن.

هەرچەندە لەگەڵ ئەوانی دیکەشدابوو، بەڵام دەتووت لە حاڵەتی ئابلۆوقەدایە. هەروەك حاڵی مارگریت، کە ئەویش لەگەڵ هەمووواندا لە حاڵەتێکی ئابلۆوقە ئاسادایە، بەڵام دەخوازێت خۆی بگەیەنێتە دواڕۆژ، هەر لەبەر ئەوەشە پەرە بە ململانێکە دەداتو پەنا بۆ جۆرەها هۆکار دەبات بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەو هەڵوێستەی، کە رووبەڕووی بۆتەوەو هەوڵیش دەدات خۆی لەو ئابلۆوقەیە قوتار بکاتو ئەوانی دیکەش بخاتە چوارچێوەی هەمان هەڵوێستی خۆیەوە. کارەکتەری

"بریك" كه به بۆچوونێكی میسالییه‌وه بۆ كورتترین ڕێگای ده‌ربازبوون ده‌گه‌ڕێت، له‌ قه‌یرانی ژیان‌و سه‌قامگیربوون له‌سه‌ر بیرۆكه‌ی هه‌ڵاتن له‌ هه‌موو پاداشته‌ شێواو و ڕووداوه‌ ئازاراوییه‌كان، كاتێكیش (بریك‌و باوكی) ڕووبه‌ڕووی یه‌كتری ده‌بنه‌وه‌، هه‌ڵوێسته‌كه‌ به‌ تووڕه‌ییه‌كی ترسناك ده‌ته‌قێته‌وه‌. ئه‌وده‌مه‌ی باوك حه‌قیقه‌تی په‌یوه‌ندیی به‌ كچه‌ هاوڕێكه‌یه‌وه‌ ده‌خاته‌ڕوو و پێیوایه‌ كه‌ هه‌ر ئه‌ویشه‌ هۆكاری سه‌ره‌كیی خووگرتنی به‌ مه‌یخواردنه‌وه‌وه‌، به‌ڵام بریك وه‌ڵامی ده‌داته‌وه‌، كه‌ گوایه‌ ڕوپامایی‌و دووڕووییه‌كه‌ بۆته‌ هۆكاری خووگرتنی به‌ مه‌یخواردنه‌وه‌وه‌، باوكیش به‌مجۆره‌ وه‌ڵامی ده‌داته‌وه‌: (به‌ڵێ، شتێكم له‌ باره‌ی دووڕووییه‌وه‌ بیستووه‌، ئه‌م حاڵه‌ته‌ بریتییه‌ له‌ یه‌كێك له‌و وشه‌ هه‌رزانانه‌ی كه‌ سیاسه‌تمه‌داران ئاڵوگۆڕی ده‌كه‌ن، تۆ بیر له‌ هه‌موو ئه‌و درۆیانه‌ بكه‌ره‌وه‌، كه‌ من ده‌بێ له‌ ئه‌ستۆیان بگرم، ئه‌گه‌رو گریمان، ئایا ئه‌وه‌ دووڕوویی نییه‌ كه‌ من به‌ خۆشویستنی دایكی تۆوه‌ ناچار بكرێم، من له‌ ماوه‌ی چل ساڵی ڕابردوودا به‌ ته‌واوی بێزاربووم له‌ ده‌نگ‌و ڕه‌نگ‌و بۆنی، به‌ڵام خۆشویستنی "جوبر"ی سه‌گباب‌و ژنه‌كه‌یم نواندووه‌، وێڕای ئه‌و زرته‌بۆزانه‌ی، كه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ چه‌شنی تووتی زیقه‌زیقیانه‌، تۆش شتێك له‌ خۆتا مه‌نوێنه‌، باوه‌ڕت پێینه‌بێت‌و هه‌ستی پێنه‌كه‌یت و شتی له‌ باره‌وه‌ نه‌زانیت، لانیكه‌می وه‌ك من بكه‌ كه‌ له‌ ئاستی دایكتا كردوومه‌).

دواتر باوك له‌سه‌ر وته‌كانی به‌رده‌وام ده‌بێت‌و تیایدا په‌رده‌ له‌سه‌ر كه‌سێتیی (رك) هه‌ڵده‌داته‌وه‌، كه‌ داراییه‌كی زۆری هه‌یه‌، به‌ڵام بیرۆكه‌ی

ئەوتۆی لەلا نییەو پێدەچێت شتێك لە ژیان فێرنەبووبێ، جگە لە چاوچنۆکی و پارە کۆکردنەوەو رقبوون لە مرۆڤ، وەك حاڵەتی ژنەکەی و "جوبر"ی کوڕی، کە ئەم بە چڵێس وەسفی دەکات. غەریزەی لاساییکردنەوە هەر لە منداڵییەوە لە مرۆڤدا چێنراوەو تاکە جیاوازیی نێوان مرۆڤو ئاژەڵیش ئەوەیە، کە مرۆڤ لە هەموو ئافەریدەکراوەکان زیاتر لاساییکەرەوەیە، ئەو شتانەی کە ئێمە بە وردی تەماشایان دەکەین، دواتر دڵخۆشدەبین بە لێوردبوونەوەیان ئەودەمەی، کە دەبینین بە ئەمانەتو وردەکارییەوە لاسایی دەکرێنەوە، بۆیە هۆکاری چێژبینینی مرۆڤ لە هاوشێوەی شتە بینراوەکان، ئەوەیە کە خۆیان دەبیننەوە، کە بڵێن.. بەڵێ ئا ئەوەیە.. ئەرستۆش لە دێرزەمانەوە هەر بەمجۆرە پێناسەی لاساییکردنەوەی ژیانی کردووە. جارێك لەجارانیش "برناردشۆ" پرسیاریکردووە، ئایا نامۆیی لە نامۆیی باوكو کوڕێك زیاتر نامۆیی تر لەئارادا هەیە؟ ئەم دووانە هەرچەندە لەیەك نزیکنو پێکەوە هەوڵدەدەن، رەنگە بێ دابڕان، وا دیارە کە خۆشەویستییەکی قووڵیشیان لەنێواندا هەبێت، ئەوەش حاڵەتێکی سروشتییەو رەنگە خۆشەویستییەکەشیان گەرموگوڕ بێت، بەڵام هەموو ئەمانە بەڵگەیەك ناهێنێتە ئاراوە، کە ئەم دووانە هەریەکەو ئەوی دیکەیانی بە باش بینیبێت، یاخود رۆژێك لە ڕۆژان یەکتری بناسن، تەنها پەروەردگار توانای ناسینی ئافەریدەکانو هەستو بیرۆکە شاراوەکانیانی هەیە.



برناردشۆ

هەر بوونەوەرێکیش ئەم کارە بکات دەبێت ئەویش خواوەند بێت. ئێمە لە ژیانێکی دیکەدا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین، کە رووبەڕوو یەکتری بەدیدەکەین، بەڵام لەم ژیانەماندا تەنها لەمیانەی ئاوێنەیەکی درۆزنو تاریکەوە دەبینین یاخود هەر هیچ بەدیناکەین. لەمبارەیەوە ئەفلاتوون دەڵێت: (ئێمە نەك خودی ژیان، بەڵکو تارماییەکانی ژیان دەبینین، کە بەهۆی رووناکیی گڕێکەوە لەسەر دیواری ئەشکەوتێك بەرجەستە دەبێت..) کاتێکیش ئەوەی وت گەشبینبوو بەوەی کە هەستیاریی کەسێتییەکان لەنێوان یەکتریدا مایەی سەرسوڕمانە، هەروەك "فورستەر" دەڵێتو هیچ شتێکیش لە ژیاندا هاوشێوەی

نابێت، چونكە هەر ئەو حاڵەتی هەستیارییەیە كە هەستە قووڵەكان پێكدەهێنێتو گرژیی بەردەوام فەراهەم دێنێت.

گۆتەش دەڵێت: "هونەر هونەرە، چونكە ژیان نییە". بلیمەتیی نووسەریش لەو كارامەییەدایە، كە ئەو هەستیارییە بەردەوامە دەجووڵێنیو بەرجەستەیدەكات، ئەو گونجاندنەی كە هەرگیز كۆتایی نایەت، ئەو تینوویێتییەی كە هاوچەشنی نییە، خەسڵەتی كەسانی تراژیدیایی، كە وامانلێدەكات لە كەسانی دیكەی ئەزموونی ژیانمان جودایان بكەینەوە، بریتییە لە ئاراستە چەسپاویو گەرمیی میسالییەتو هەوڵدانو هێزی پاڵنەر بە شێوەیەك، كە لەسەروو ئاستی وزەی مرۆڤە ئاساییەكانەوەیە. ڕەنگە نووسەری نویٚ جەخت بكاتەوە لە دوالیزمەیی كەسێتی و "جۆن فۆن زیلسكی" پێیوایە، كە شانۆنووسانی ئەمریكی خۆویستانەب یٚت یاخود خۆنەویستانە، كۆمەڵێك دیدی نوێیان بەرهەمهێناوە لە ڕووی بنەماوە سەبارەت بە چۆنێتیی ڕوانینی مرۆڤ بۆ تراژیدیای جیهانەكەیو لەژێر هەریەك لەو دیدانەشدا شتێكی نویو سەرنجڕاكێش هەیە، كە ڕۆڵی شانۆنووس وەك فشارێك دەخاتە سەر جەماوەر لە بارەی هەلومەرجە تراژیدیاییەكە و هەڵوێستەگرتن لەئاستیدا. "زیلسكی" تراژیدیانووسی هاوچەرخ بە "بێداركەرەوە"ی "نامونتەمی" وەسفدەكاتو پێیوایە، كە شانۆنووس دیدێكی هاوچەرخانەی هەیە. دیاریكردنی سروشت ئەم شتانەو لێدوان لە بارەیانەوە واتە دەستكردن بە دركپێكردنی لادانە گەورەكان لە چەمكی سەركەوتووانە بۆ هونەری تراژیدی.

زۆر شانۆیش دەرکەوتن کە پێشەکییە نموونەییەکانیان خەون‌و ئاوات‌و تێکشکانی مافیان لەخۆگرتبوو. لەمانەوە لە ژیانێکدا کە مەسەلەکان لە دژت رێکخراون. ژیان دۆزەخێکی دەروونییە، بە واتایەکی تر ژیان رۆتینێکی ساردوسڕی بێمانایە، یان رۆتینێکە لە تاوان‌و گوناه، کە قوتاربوون لە دەستیان مەحاڵە، مرۆڤیش نە ماف‌و نە توانای دەربازبوونی هەیە لەشوێن یاخود لە پێگە نزمەکەیدا، یاخود مرۆڤ بەرپرسیار نییە لە گومڕایی. بە واتایەکی دی، هەستیارەکان هەمیشە لەلایەن زۆرینەی ناهەستیارەوە تێکدەشکێندرێن. مرۆڤ بۆ خۆی دادپەروەری‌و مرۆڤایەتیی قبووڵ نییە، داوتر ئاڵۆزبوونی کۆمەڵایەتییش خودی مرۆڤایەتی‌و خۆشویستنی کەسانی دیکە تێکدەشکێنێت.

دیدە نوێکان تا ئەوپەڕی رادە وێنەیەکی روون‌و پڕمانا دەکێشن کاتێك هەڵمەت دەبەنە سەر ناوی سەرچاوەی وێرانکاری لەنێو تراژیدیادا.

شانۆیی پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرم (پشیلەیەك لەسەر رووی تەنەکەیەکی گەرم)، بە یەکێك لەو شانۆییانە دادەنرێت، کە لە دەرەنجامی تێکچوونێك لە ژیانی هاوچەرخەوە بەرهەمهاتوون..

# دڵە گەورەکە

باوك وا خۆی دەردەخات کە (جوبر)ی چڵێس‌و (مەی)ی هاوسەری هەر پێنج منالەکەیانی خۆشدەوێت، کە لەو ناوەدا کەوتوونەتە هەراو زەنا چەشنی تووتی‌و باس لە کڵێساو یانەکان دەکات، کە سیاسەتیان کردۆتە روالەتێك کە ئەو بە هیچوپووچی وەسفیان دەکات، دواتر لە دیمەنێکی دیکەی زۆر هەستیاردا دەکەوێتە وەسفی (بریك)و بە تاکە خۆشەویستی دلی وەسف دەکات "من هەمیشە لە ئاستی تۆدا هەستی خۆشەویستی‌و رێزو نەوازشم بۆت هەبووە، بەڵی هەمیشە شانازی بە دوو شتەوە دەکەم لە ژیانمدا، ئەویش تۆزێ سەرکەوتوویی خۆمە وەك

گەشتیارێك‌و ئەمەش راستیەکەیەتی، بەلأم "بریك" دەڵێت کە ئەو بەردەوام بەهۆی مەیخواردنەوەوە لە هەوڵی راکردندایە لە ژیان‌و ئەمەش ئەوەیە کە باوکی رەتیدەکاتەوەو ئاواتەخوازە، کە "بریك" بۆ یەکجاریی واز لە مەیخواردنەوە بهێنێت، بەلأم "بریك" جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خواردنەوە بۆ ئەو راکردن لە ژیان دەگەێنێت. دەمەوێ لە دەست ژیان هەڵبێم. باوکی وەلأم دەداتەوە (من لە تۆ زیاتر بەداخەوەم، ئێستا شتێکت پێیدەڵێم، ماوەیەك لەمەوبەر ئەودەمەی وا هەستمکرد کە ساڵی کۆچی دواییم نزیکبۆتەوە، بیرم لە تۆ دەکردەوە، ئاخۆ باش دەبێت یان نا، کە ئەم زەوی‌و زارە بە تۆ بسپێرم، ئەوکات هەستی خۆی لە ئاستی (جوبر)و هاوسەرەکەی بۆ (بریك) رووندەکاتەوە، کە چۆن ٢٨هەزار دۆنم زەویوزاری لە باشترین زەوییەکانی لەلای خۆرئاوای دۆڵەکەوە داوە بە کەسانێك، کە هاوکوفی خۆی نەبوون، بەلأم دان بەوەدا دەنێت، کە وێڕای خۆشەویستیی بۆ (بریك)، بەلأم هەمیشە دوودڵەو نازانێت چی بکات، سەرسامبوونیشی لە بێ باوەڕییەوە لە نیازپاکیی (بریك)ەوە سەریهەڵگرتووە، بەلأم لەلایەکی ترەوە ئەی (بریك) من چۆن ماڵ‌و دارایی خۆم بخەمە بەردەستی بێعەقڵێك، کە هەمووی لە خواردنەوەدا بەهەدەر بدات؟. جا من چ مەیلم لەو بێعەقڵە بێت یان نا، تەنانەت ئەگەر خۆشیشم بوێت، ئایا من بە ماڵ‌و دارایی خۆم دنەی گەندەڵی بەدڕەوشتی بدەم؟ سەرەڕای زانینم بە نزیکبوونەوەی مەرگم: (بەوپەڕی روونبێژییەوە پێت دەڵێم من هێشتا لەمبارەیەوە نەگەیشتوومەتە بڕیارێك‌و هێشتا وەسیەتنامەی خۆم

نەنووسیوە، ئێستا باری ناچاری رەویوەتەوەو دەتوانم چاوەڕێ بکەم تا ببینم، کە تۆ دەتوانیت خۆت بگرێتەوەو لەم کەوتنەت راستبیتەوە).

(بریك) هەوڵدەدات لەو ئابلۆقەیەی باوکی خۆیدەرباز بکات، بۆیە لە رۆچوونو درێژکردنەوەی باسکردنی ئەو جۆرە شتانە پاشەکشێ دەکات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، چونکە باوك هەست بە هەڵەی نێو بیرکردنەوەکانی بریك دەکاتو دەخوازێت قسەکەی لەگەڵدا تەواو بکاتو سەرلەنوێ دان بەوەدا بنێتەوە، کە لە قسەکانیدا بەهەر هۆیەکەوە بێت باسی لە زۆر شت کردووەو پێشی وایە کە هەردووکیان خۆیان لە باسێکی زۆر گرنگ بەرکەنار گرتووەو هیچ کامیان لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا روونبێژ نەبوون. بریك جەخت لەسەر راستگۆیی خۆی دەکاتەوە لەسەر هەر وشەیەك، کە درکاندوویەتی، هەروەها باوکیشی هەوڵدەدات هەمان کالاّ بەبالاّی قسەکانیدا بېڕێت بۆ (بریك)، کە ئازار چەشتنێکی زۆر دەردەبڕێت: کەسمان لەوی دیکەمان تێنەگەیشتووین. باوك وەڵام دەداتەوە: تۆ دەڵێیت من بۆیە دەخۆمەوە تاکو بێزاریت لە درۆکردن بکوژیتو پێتوایە مەی تاکە رێگایەکە بۆ لەنێوبردنی ئەو وەڕسبوونەت. بریك دەڵێت: (سەرخۆش مرۆڤێکە دەخوازێت ئەوە لەبیری خۆی بەرێتەوە، کە رۆژێك لە ڕۆژان گەنجو باوەڕداربووە). تووڕەیی باوك بورکان ئاسا دەتەقێت، چونکە ئەو گاڵتەی بەمجۆرە بڕووبیانووانەی (بریك) دێت، کە دەیەوێت بیخاتە زیهنییەوە، ئاخۆ بریك باس لە چ باوەڕێك دەکات: (من نازانم مەبەستت لە وشەی ئیماندار چییە، پێشم وانییە کە تۆ تەنانەت لە مەبەستی خۆیشت

بگەیت، بەڵام ئەگەر هێشتا تۆزقاڵێك رۆحی وەرزشی لە خوێنتا مابێت، باشتر وایە بچیتەوە سەر بێژەرییەکەی خۆت لە بەشی وەرزشدا). بریك بە توڕییەوە رەخنە لە بۆچوونەکانی باوکی دەگرێتو وێنای ئەو موعانەتە بۆ باوکی دەکێشێت، کە لەکاتی بێژەرییدا چەشتوویەتی: (لە تابووتێکی شووشەییدا دادەنیشمو دەڕوانمە ئەو یاریەی، کە خۆم بۆم ناکرێت؟ وەسفی ئەوە بۆ بینەران دەکەم کە خۆم پێمناکرێت، لەو یارییانەدا عارەقە نارێژم، کە خۆم بەکەڵکی نەماوم، بەڵکو لە بێزاریو شپرزەییدا ئارەقە دەردەدەم. من ئیدی بەکەڵکنایەمو هیچ چارەیەکیشم نەماوە، زەمەن پێشی داومەتەوە. باوك وا تێدەگات کە بریك لە هەوڵی خۆڕزگارکردندایە لە ئەرکی بەرپرسیارێتی، چونکە پێدەچێت توانای ئەوەی نەمابێت رووبەڕووی ژیان بێتەوە، بەڵام ئامادە نییە، ئەوجۆرە راڤانە قبووڵ بکات.

قووڵایی ناخی کارەکتەرەکانی ولیامز ژیرانە لە ململانێدانو وێنەی ناهەمواری ناخی مرۆڤایەتی دەکێشن. ئەوەتا دەبینین باوکی (بریك) لە گەرمەی دڵشکاوییداو لە هەستکردنیدا بە نائومێدیی بەو سەرلێشێوانەی (بریك)ی تێدا دەژی، بەناچاری داندەنێت بە وردەکارییەکانی ژیانیدا، بەهیوای بەرزکردنەوەی ورەی کوڕەکەی، رەنگە بتوانێت بەهۆیەوە لەو تێکەوتنە گەورەیە رزگاری بێت: (هەموو شتەکانم دیوەو تا ساڵی ١٩١٠ لە زۆرێکیان تێگەیشتووم، ئای خوایە گیان، ئەو ساڵەی کە پێڵاوەکانم تیایدا شڕبوونو ئۆتۆمبیلێکی زەردی بارهەڵگریش نیو میل فڕێیدامە لاڕێو شەوێکم لە لۆرییەکی پڕ لە

لۆكەدا بەسەربرد، ئەو كات هەریەك لە (جاك)و (ئۆكمیللۆ) بردمیانەوە ماڵەكەیانو لەم شوێنەی ئێستامدا وەك كرێكارێك بەكاریانهێنام، ئەم جێگایەی وەك دەبینی ئێستا بەمجۆرە پەرەیسەندووە). دڵی باوك پڕە لە هەستی راستگۆیانەو سۆزی جدیی بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی (بریك)ی كوڕیو هاوكاریكردنی بۆ جارێكی دی هەڵسانەوەو خۆگرتنەوە، چونكە ئەم تاكە كەسێكە كە هەست بە قووڵایی ئەو شۆكە بكات، كە بریك-ی كوڕی تێیكەوتووەو دووچاری حاڵەتێكی خراپو قووڵی دەروونیی هێناوە. بۆیە ئەم باوكە لە هیچ هەوڵێك درێغی ناكات بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەی. لە بەشی سێهەمی شانۆییەكەداو دوای دەركەوتنی مەترسیی باری تەندروستیی باوك، كێشە لەسەر میراتی گەرم دەبێت، بەتایبەتی كە باوك هێشتا وەسیەتنامەی نەنووسیوەو لەلایەك (جوبر)و هاوسەرەكەی لەلایەكی دیكەش (مارگریت) لە هەوڵی ئەوەدان، كە گەورەترین بەشی میراتەكە بۆ خۆیان بپچڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی گەرمبوونی ململانێو مشتومڕ لەنێوان (مارگریت)و (مەی) لەلایەكو (جوبر)و دایكیشی لەلایەكی دیكەوە، بۆیە (جوبر) بیر لە چارەیەك دەكاتەوە، كە بەسەركەوتوویی لەو كێشەیە قوتاری بكات، لەبەر ئەوە هەڵدەسێت بە ئامادەكردنی پرۆژەیەك بۆ (وصایە-میراتگر) بەسەر دارایی باوكی لە سەرەمەرگیداو هەوڵیش دەدات، كە دایكی بۆ ئەم كارە قبووڵی بكات وەك هەوڵێك بۆ دەستگرتن بەسەر كێڵگەو كۆی شتومەكەكانیو بێبەریكردنی هەریەك لە (بریك)ی برایو (ماجی) لە بەشە میراتی خۆیان، بەوەش دایك دەهەژێو تەنانەت رەتی

گوێگرتنیش دەکاتەوە، چونکە ناخوازێت لە ماڵەکەیدا جگە لە پیاوەکەی گوێ لە کەسیتر بگرێت.



# چەند تێبینییەك لە دەرهێناندا

کاتێك لە (برۆدوای) بڕیاری دەرهێنانی شانۆیی (پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرم) بەپێی پێشنیاری (ئیلیا کازان)ی دەرهێنەر درا بۆ شانۆ، لە بەشی سێهەمدا گۆڕانکاریی بنچینەیی ئەنجامدرا، کە دەرهێنەر خۆی بەو ئەنجامە گەیشتبوو، ولیامزیش لە کاتی بلاوکردنەوەی شانۆییەکەداو لە پێشەکییەکەیدا بەدواداچوونێکی بلاوکردۆتەوە لەسەر زیادکردنی بەشی سێهەم و تیایدا دەڵێت: کاتێك (ئیلیا کازان) سەیری دەقی یەکەمی شانۆییەکەی کرد، زۆری پێ باشبوو، بەڵام هەندێك پارێزگاری هەبوو لەسەر بەشی سێهەم، لەگەڵ

ئەوەشدا هەڵسا بە دەرهێنانیو هەرچەندە پێشنیارەکانی لە شێوەی ئاگادارکردنەوەیەکدا نەبوون، بەڵام من لەوە دەترسام بایەخەکانیم لەدەست بچێت، ئەگەر دەقەکە راست نەکەمەوە بەپێی بۆچوونەکانی ئیلیا کازان، بەتایبەتیش لە بەشی سێهەمی تازەدا، کە بەپێی کاریگەرییو بلیمەتیی دەرهێنەری خوڵقێنەر بەرهەمهاتووە. گەرچی دەقی دیکەی پێدراوە، کە گۆڕانی تێدا قبووڵ نەکراوە..

لە حاڵەتی شانۆیی (پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرم)دا (ئیلیا کازان)ی دەرهێنەر روانیوویەتییە دەقی یەکەمی شانۆییەکەو وای بینیوە کە کارەکتەری باوك تیایدا گرنگییەکی زۆری هەیەو حیکمەت نابێت ئەگەر لە کۆتایی بەشی دووهەمدا ئیدی رۆڵی ئەویش کۆتایی بێتو تەنها لە دەرەوەی شانۆدا هەندێك هاوار بکات، هەروەها (کازان) پێیوابووە، کە کارەکتەری (مارگریت)یش دەبێت سۆزی بینەران بەدەست بهێنێت، بەشێوەیەکی روونتر گەرچی ئەو ئاستی خۆشەویستیمی بۆ ئەم کارەکتەرە دەزانی، پێشنیاری سێهەم بەلای خۆمەوە گرنگبوو، هەر لەسەرەتاوە، چونکە (ماجی)ی پشیلە بەلای منەوە زیاتر جوانو ناسك دەبوو، هەر کە زیاتر لە وێناکردنی کەسێتییەکەیدا رۆدەچووم. هاوکاریی نێوان شانۆنووسیو دەرهێنەری شانۆیی بایەخی زۆری هەیە، کە ولیامز دەڵێت رۆژێك لەڕۆژانو کاتێك بوارم بۆ دەرەخسێت هیوادارم بتوانم شتێك لەبارەی کاریگەریی دەرهێنەری بەهێزی ئەندێشە فراوان بنووسم، وێڕای مەترسیو بەهای ئەو کاریگەرییە لەسەر گەشەسەندنی شانۆیی، بەر لە دەرهێنانو لە

کاتی دەرهێنانیشدا، ئەم کاریگەرییە مەترسیی خۆی دەبێت ئەگەر شانۆنووس بەڕادەیەکی زۆر نەرم بێتو خۆبەدەستەوە بدات، یان دەرهێنەر لەوجۆرە کەسانە بێت، کە لەسەر بیرۆکەو راڤە تایبەتەکانی خۆی سووربێت. دیارە منو ئیلیا کازان بەهۆی رێزو نەوازشمانەوە بۆ یەکتری توانیمان چێژ لەم پەیوەندییە وەربگرین، بۆیە رەنگە بایەخەکانی (کازان)م لەدەستبدایە ئەگەر دەستکاریی دەقەکەم نەکردایە، بۆیە هەموو گۆڕانکارییەکان بەپێی بۆچوونەکانی ئەو بوونو بەشی سێهەمی نوێی لێ بەرهەمهات.. ئەوەی گرنگە لە نووسخەی سێهەمی نوێی ئامادەکراو بۆ نمایش لە (برۆدوای)، بریتییە لە پرسیاری (بریك) لە باوکی سەبارەت بە دەرچوونی لەو حاڵەتەی، کە تێیکەوتووەو هاوارکردنی بە وشەی درۆزنەکان. بریك دەڵێت کە ئەو لەگەڵ باوکیدا درۆی نەکردووەو تەنها لەگەڵ خودی خۆیدا درۆی کردووە، ئەمەش ئەوپەڕی نزیکبوونەوەیە لە بەیاننامە روونەکان یان ئەوەی کە ولیامز بۆ پاڵەوانەکەی دەرەخسێنێت، (بریك)یش لەو باوەڕەدایە کە کاتی ئەوە هاتووە بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەیەکی خوگرتووان بە مەیەوە، لەو بارەشدا هەریەك لە (جوبر)و (مای) ناچیزەییان زیاتر دەبێت. ئەودەمەی کە دەخوازن پەردە لەسەر راپۆرتی پزیشکی باری تەندروستیی باوك هەڵبدەنەوە، بگرە مشتومڕێك لەسەر خانوو و کێڵگەکە دێتە ئاراوەو دەبێتە هەراو زەنایەك، کە شەیتانەکانی (جوبر) پەتی قسەکانی پێدەبڕن، ئەوەش لەو هەراو زەنایە زیاترە، کە ولیامز خۆی بەکاریدەهێنێت. باوك دێتە

ژوورەوە بۆ ئەوەی باسی چیرۆکی فیلمێکی مێینەی وروژاو بکات، دیارە مەبەستیشی زۆرە کە لە شێوازی گێڕانەوەکەدا هیچ ئاوازێکی بەهاداری لەدەست نەچێت، تەنانەت لە ترسی یاسا ئەم بەشەی قرتاند، (ماجی) لەم کاتەدا دووگیانیی خۆی رادەگەیەنێت، تاکو بیکاتە دیاریی باوك لە ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونیدا. هەر هێندەی لەسەر ئەم حاڵەتە دەمەقاڵە بەرپا دەبێت، (بریك) داکۆکیی لێدەکاتو بەدڵبوونی خۆی پێ ڕادەگەیێنێت، ئەوەش تاکە هەڵوێستی پۆزەتیڤی ئەوە لە شانۆییەکەدا، کە داکۆکی لە رۆڵەکەی بکات، دوا وتەیشی بە زیادەڕەوییەکی عاتیفەگەرییانە دادەنرێت، کە ولیامز بە (لاوازیی جوان)ی ناودەبات، لەو بارەیەشەوە (سیجنی فولك) سەبارەت بە بەشی سێهەم دەنووسێت و دەڵێت: (هیچ ناکۆکییەك لە ئارادا نییە سەبارەت بە ئیدراکی هەستێتیی ولیامز، بەڵام جارێکی دی لێزانین خۆی دەشارێتەوە لە وێناکردنی کارەکاتەرەکانیدا، کاتێك پەنا دەبات بۆ نمایشو هەندێك چارەسەری نادیاری دیکە، هەروەك کەسی حەزکەر بە خۆدەرخستن کاری لەو جۆرە دەکاتو دیالۆگە ناوازەکە بە چەند دەربڕینێکی ناشایستە لاواز دەکات، کاتێکیش ئەو هەموو ئەزموونەکان بەپێی بۆچوونی تایبەتیی خۆی لێکدەداتەوە، شتێکی سەیریشە کە (ماجی) لە کاتی گێڕانەوەی ئەزموونەکەی بۆ (سکبر) دەڵێت: (من خراپم، ئەی بریك، نازانم بۆچی خەڵکی خۆیان بەچاك دەزانن، لەکاتێکدا کەسی چاك بوونی هەر نییە..) ئەوکات باوکیش بۆچوونە سەیرەکەی خۆی دەردەبڕێت بەوەی کە مرۆڤ وەك ئاژەڵە، بەبێ بەزەیی هاتنەوە بە

خۆیشیدا، کە لەسەرەمەرگدایە. هەروەك ولیامز لەم دیمەنەدا وێنەی کینەی خۆی لە ئاستی مرۆڤی ئاژەڵئاسادا بخاتەڕوو، چونکە ئەو بایەخێکی زۆر دەدات بەو کونەی لە دیوارەکەدایە، کە (جوبر) لەمیانەیەوە چاودێریی ئەوە دەکات، کە بزانێت ئاخۆ (بریك)و (ماجی) پێکەوە لەنێو نوێنێکدا دەخەون، هەروەك باوکیش چیرۆکێکی ناشایستە باسدەکات سەبارەت بە کچۆڵەیەکی تەمەن پێنجساڵەی سەیر، کە دایکی بۆ تێرکردنی تینوێتیی خۆی بەکاریدەهێنێت، پرسیاری زۆریش لەئارادا هەیە لەبارەی کارامەیی ژمارەیەکی زۆری پاڵەوانەکانی لەنێو نوێندا، دیارە ئەو پرسیارانە تەنانەت بەلایەنی جیهانی تینسی ولیامزیشەوە نابەجێن. هەرچی (ئەتکینسۆن)ی رەخنەگریشە، کە لە هەموو رەخنەگرەکان زیاتر بۆ ولیامز سۆزدارو لایەنگری بووە دەڵێت: (زۆربەی زۆری ئەو درامایانەی کە تینسی ولیامز دەیاننوسێت بابەتیو تایبەتنو کەسێتییەکانی بوژاوەنو هیچ شانۆییەکیش هێندەی ئەم شانۆییە تەعبیر تیایدا لەبارەی فیکرو هەستەکانەوە تۆکمە نەبووە، هەرچەندە ولیامز لەبارەی هاندەرو پاڵنەرە خراپو فریودەرەکانەوە دەنووسێت، بەڵام ئەو تا ڕادەیەکی نائاسایی وردەکارو وردبینە، کاتێکیش ولیامز زۆر هۆشمەندو ئاگادارە لەوەی کە لە زیهنیدا هەیە، بۆیە بە ڕاستەوخۆش بەوپەڕی هۆشیاری بۆ یادەوەریی پێشڕەوانی شانۆ دەدوێت (ئەوەی لە شانۆیی پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرمدا) روودەدات لەبارەی دیمەنە خێزانییەکانو مەسەلە سێکسیو نەخۆشیو چاوچنۆکیو رقو

کینەکانەوە، ئەو شانۆییە دەکاتە شانۆییەکی رەش‌و دڵڕەقانەو پڕ لە تاڵی‌و سوێری زۆر، هەرچەند زۆرێك لە ڕەخنەگران رەخنە لەو کۆتاییانە دەگرن، کە وا دەردەکەون دروستکراوبن‌و بەدەربن لە بونیادو رووداوەکان‌و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان تیایدا گەورەکراون، رەنگە وەسفکردنی هەندێك لە ڕەخنەگران بۆ ولیامز بەوەی کە لەم شانۆییەدا ئازادیی رەهای بە زمانی داوە، کە زۆر بە وردی بکەوێتە پیاهەڵدانی شتەکان‌و زیادەڕۆیی زۆریشی کردووە، لە بەرجەستەکردنی ئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونی لە شانۆییەکەدا، باشتر وابوو، کە هەژاندنی هەستەکان کەمتر بکاتەوەو بگرە پێویستبوو وشە ناشایستەکانیش کەمتر بکاتەوە، کە ولیامز خۆی ئەوە بە ڕێگایەك دەزانێت بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر ناخی کارەکتەرەکانی لە هەموو شانۆییەکانیدا. هەرچەندە زۆرێك لە ڕەخنەگران ئاماژە دەکەن، کە ولیامز لەبەر ئەوە پەنا دەبات بۆ ئەو وشە خراپ‌و ناشایستانە، تاکو تەواو هەستەکانی رەها بکات‌و بە ئاسانی بگاتە وێناکردنی کارەکتەرەکانی لە شانۆییەکانیدا).

شانۆیی (پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرم) ئاراستەیەکی بنەڕەتی ناگرێتەبەر بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی کە دەبوو بەرەنگارییان بکاتەوە، وەك هاوسەرگیری‌و داڕووخانی قەوارەی خێزانێك، یان داڕوخانی مرۆڤ لە زۆرێك لە هەلومەرجەکاندا، بەڵکو بەسەر ژمارەیەك لە بابەتەکاندا دابەشبووەو بەوەش بەدەربووە لە گرێچنی بنچینەیی‌و تەوەرێك کە سەرجەم رووداوەکان کۆبکاتەوە،

هەروەها لە پەیوەندییە دراممیەکانی نێوان بیرۆکەو کارەکتەرو رووداوەکاندا لەیەك دووركەوتوونەتەوە، بەوەش رەگەزی ستراکتۆری درامیی تۆکمەو لەسەرخۆو پلە بەپلەی لەدەستداوە، کە دەبنە بەڵگەیەك بۆ دروستیی بیرۆکەکان، بەڵکو پشتی بەستووە بە ڕێکەوتە شانۆییەکان (مصادفات مسرحیە)، کە زۆرێك لە فێڵ‌و درۆو دواکەوتوویی لەخۆدەگرن، لە تێگەیشتن لە پیشەی شانۆکاری، هەروەك یەکێك لە ڕەخنەگرانی هاوسەردەمی ولیامز بەوە وەسفی دەکات، کە تەقینەوەی زۆرو زیاد لە پێویستی هەژاندو تەرکیزی کەمتری تێدا دەرخست‌و روونکردنەوەی زیاتریش. پێدەچێت وەسفەکەی (ئەریك بنتلی) کە بابەتی سەرەکییە لە شانۆییەکەداو بریتییە لە پەیوەندیی لەیەك دووركەوتووی خێزانی لەنێوجەرگەی کێشەو ململانێ بۆ دەستکەوتەکان، زۆر وردەکار بێت، کە دەڵێت: (ئەگەر ولیامز دیمەنی نێوان باوك‌و کوڕەکەی لە بەشی سێهەمدا زیاتر پەرەپێبدایە، ئەو کات دەیتوانی بیکاتە بابەتێکی نوێ‌و باشتر لە بابەتی هەرسێ بەشەکەی دی، چونکە بە باوەڕی من پەیوەندیی کۆن‌و سادەی خێزانی تا ئێستاش بەهای خۆی هەیەو لەنێوجەرگەی خراپەو لەیەك دووركەوتنەوەو کارە مەحاڵەکاندا، هێشتا خەڵکی لە شەپۆلانی بەیەکدا هاتن‌و ناجەربەزەییدا هەوڵی زۆر دەدەن بۆ نەرمونیانبوون لەگەڵ یەکتریدا. بۆیە شانۆیی (پشیلەی سەر سەر روویەکی گەرم) زۆرێك لەو راوبۆچوونە رەخنەییانەی وروژاند، کە گەیشتنە رادەی گومانکردن لە وزەو توانا شانۆییەکانی ولیامزو هەندێك لەو بیرۆکانەیان بە لێوان

لێوی لە تەمومژاویی‌و ئاڵۆزیی‌و هێماکاری دانا، ڕەنگە بەوەش دژایەتیی جەماوەر بکات بەهۆی ئەو بابەتانەی، کە کردوونییەتی بە ناوەرۆکی شانۆییەکانی. هاوکاریی نێوان شانۆنووس‌و دەرهێنەر گرنگیی خۆی هەیە، کە ولیامز لەبارەیەوە دەڵێت: (لە ڕۆژێکدا کە هەڵدەڕەخسێت خوازیارم شتێك لەبارەی کاریگەریی دەرهێنەری بەهێزی ئەندێشە فراوان‌و مەترسیی‌و بەهای ئەو کاریگەرییە بنووسم، بەسەر پەرەسندنی شانۆییەوە بەر لە دەرهێنان‌و لەکاتی دەرهێنانیشدا. دیارە ئەم کاریگەرییە مەترسیی خۆی هەیە، ئەگەر شانۆنووس نەرم‌و ملکەچ بێت بۆ دەرهێنەرو دەرهێنەریش لەوجۆرە کەسانە بێت، کە سوورن لەسەر بیرۆکەو ڕاڤە تایبەتەکانیان، بەڵام من و (ئیلیاکازان) بەهۆی ڕێزگرتنمانەوە لە یەکتری چێژمان لە شتە باشەکانی ئەم پەیوەندییە وەرگرت. ژیانی ولیامز بێگومان لێوان لێوە لە کەسانی ناساغ‌و نەخۆش‌و گەر شانۆییەکانیشی بە هەمانشێوە خواستی ولیامز بۆ ژیاننامەی خۆینەر بێت وەك زۆرینەی شانۆییەکانی، ئەم شانۆییە یان بە شانۆییەکی تایبەتی خۆی دادەنرێت، چونکە لە نیشتەجێبوونی نووسەر خۆیەوە بەرهەمهات، لە یەکێك لە گەڕەکەکانی فەرەنسا لە (نێو ئۆرلیان)دا، هەر بۆیەشە بە ناسکترین تەعبیری ئەو دادەنرێت سەبارەت بەو ژیانەی، کە لەو گەڕەکەدا بەسەریبردووە، وێڕای ئەو ناوچانەی باشوور، کە زۆر جار سەردانی کردوون، هەروەك (گۆدمان)یش ئاماژەی پێدەکات (تنسی ولیامز) لە (نێو ئۆرلیان)دا ئەوەی دەرك پێکرد، کە هەموو کەرەستەو مادەکانی وەك نووسەرێك لەوەودوا تایبەت دەبێت بە

ڕەوتی ژیانی تایبەتی خۆی، ئەو کارەکتەرانەی کە لە شانۆییە جۆراوجۆرەکاندا وێنەی کێشاون، وەك (ئەلما، لۆرا، بلانش، ئۆلدنونو، ئەماندا)..هتد، تاڕادەیەك بەرهەمی تێبینیی تایبەتی خۆیەتی سەبارەت بە ئەندامانی خێزانەکەی‌و هاوڕێ‌و دۆستە خۆشەویستەکانی، لە پێکەوە گونجاندنی ئەو کارەکتەرانە بەمەبەستی ناوەرۆکی، تا ڕادەیەك ئامانجی ئەوە بوو، کە جەخت لەسەر زەلیلبوونی ناکامی بکاتەوە. سەرەڕای جوانیی شیعری ئاسای ئەو کارەکتەرانە وەك شتومەکە تێکشکاو و تەپوتۆز لەسەرەکانی بەرهەمی رابردوو، یان وەك هەستیارییەکی دۆڕاو، ئەوا ئەرکێکی مەجازیی دیاریکراو جێبەجێ دەکات‌و بێگومان هەموو نووسەرانیش پشت بەو زانیاریانە دەبەستن کە خۆیان تیایدا دەژین‌و هیچ تاوانێکیش یاخود تاوانێکی جەوهەری لە دەربڕینی خودیدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی کەسێتی‌و تایبەتی تراژیدیانووسە نوێکان پێدەچێت ڕەشبینیی لێ لەدایکبووبێت و دەرەنجامیش بریتییە لە (لادانی گۆشەنیگا– إنحراف الرؤیا). ئەوەی جێی سەرنجیشە بۆ نموونە، شانۆیی (پێشانگەی ئاژەڵە شووشەییەکان)ە، کە بە زیاترین شانۆیی ولیامز دادەنرێت لەڕووی ژیانی تایبەتییەوە، واتە باسکردنی لە ژیانی تایبەتی ولیامز خۆی. ئەم شانۆییەش لە هەموو شانۆییەکانی دیکەی کەمتر ڕەشبینیی تێدایەو لە هەمووشیان سەرکەوتووترە، چونکە لەو شانۆییەدا بەیاننامەی کۆتایی (قەدەر) دەرنابڕێت، بەڵکو لەبارەی کارەکتەرێکی سەنتەرییەوە دەنووسێت، کە لە حاڵەتێکەوە دەچێتە حاڵەتێکی دی‌و

ولیامز ئەوە دەزانێت کە باشترین هێما بۆ بابەتە نموونەییو تووڕەییەکەی لەبارەی بەو گەندەڵیو وێرانکارییەی دووچاری مرۆڤی هەستیار دەبێت لە خودی ژیانیدا، بەڵام ژیان ڕێگەی لێدەگرێت، بۆیە ڕەشبینو خووگرتوو دەردەکەوێت، ولیامز زۆرجار بە ڕوونی ئەوەی دەربڕیوە کە داهێنانی ئەدەبی بەلای ئەوەوە بریتییە لە خۆکشانەوە لە جیهانێك، کە بەلایەوە زۆر تۆقێنەرو چاوچنۆکانەیە، هەندێك لەوانەی کە ولیامز نووسیوونی وەك تراژیدیا مەیلدارن بەلای بە ڕەوابینینی رابردووی پڕ لە شۆکە عاتیفیو کەسێتییەکان، یان راڤەو شرۆڤە کردنیان، شرۆڤە کردنێکی هێماکاری، ڕەنگە زیاتر لە شێوازەکەی (یۆجین ئۆنیل) لە چلساڵیدا دەرکم بەوە کرد، کە نووسین راکردنە لەو جیهانە واقیعییەی من هەمیشە تیایدا هەستێکی قووڵم هەیە بە نائاسوودەیی، بۆیە نووسین بوو بەو جێگەیەی، کە هەر زوو پەنام بۆ بردو بوو بە ئەشکەوتو پەناگەم.. بەڵام لە چی؟ چونکە من هەردەم خوێندنەوەی کتێبم لە یاریکردن بە باشتر دەزانی، هەروەها (زیلسکی) زیاتر دەڵێت: ولیامزیش وەك زۆرینەی هونەرمەندانی رابردووی دوور، دووچاری هەمان ئازارو دەردەسەرییەکانی ژیان هات، وێڕای ئەوەیش شتێکی روون نییە، کە تراژیدیانووسێکی سەرکەوتوو لە کاتی نووسینی هونەرێکی تراژیدیائامێزدا بەلای کینەداربوونو لە ژیانو متمانە پێنەبوونیدا چووبێت، بەقەدەر ئەوەی بەلای دژە هەڵوێستەکاندا چوون. لەکاتێکدا کە خۆشەویستیی لەڕادەبەدەر ڕەنگە هونەرمەند لە بینینی نەنگییەکانی بابەتەکەی بێئاگا بکات، ئەوا رقوکینەو ترسو

هەموو ئەو خەسڵەتانە دەشارێتەوە، کە دەبێ دانیان پێدا بنرێت بۆ وتنی ئەوەی، کە ژیان بەشێوەیەکی سوودمەندبوون بەردەوام دەبێت. ئەو پێشەکییەی کە تراژیدیاکەی لەسەر بونیاد دەنرێت وەك ئیعتبارێك بۆ بەهەندوەرگرتنی خەبات‌و هەر چەندیش مەعریفەی پاڵەوان زیاتر بێت لەبارەی خێرو ڕێزگرتنی لێی، هاوکات زاڵبوونی بەسەر ئەندێشەکانی شەڕدا زیاتر دەبێت. خۆ ولیامز ژیانێکی مادیی باشی بەسەربرد، بەڵام بەوەوە نەوەستا، کە تەنها ئاماژە بکات بەوەی ژیان بواری پێنەداوە لە خۆشەویستی تێر بێت‌و لە ترسی بەردەوامیش رزگاری بێت، ئەم ترسەش لە هەموو یاخود لە زۆربەی شانۆییەکانیدا رەنگدانەوەی هەبووە.. ولیامز دەڵێت: (بەدرێژایی ژیان بیرۆکەی ئەوە دەستی بەسەرداگرتووم، کە ئەگەر حەزت لە شتێك بێت، ئەگەر شتێکت زۆر خۆشبوێت، مانای ئەوەیە خۆت دەخەیتە شوێنێکی ناتۆکمەوەو رەنگە بۆ ئەوەی کە پێویستیت پێیەتی ببیتە کەسێکی دۆڕاو یان ئەگەری ناکامی بەدەستهێنان. من دەبوا بەردەوام لەگەڵ ئەو رکەبەرەمدا لە زۆراندا بم، واتە لەگەڵ ترسی بەردەوامدا. هەندێکجار نەك هەر ترس بەڵکو تۆقین بوو، بۆیە ئەو حاڵەتە هەندێك ئارەزووی پێدام بەرەو کەشوهەوایەکی هیستریایی لە نووسیندا. ئەو کەشوهەوایەی کە هەر لەسەرەتاوە هەیبووە.

ولیامز لە شوێنێکی دیکەدا باس لە هەڵبژاردنی کارەکتەرە سەنتەریەکانی شانۆییەکانی دەکات، باس لە بایەخ‌و گرنگیی خۆشەویستی‌و تێگەیشتنی کەسانی دی دەکات‌و ئەوەش بە باشتر

دەزانێت لە ڕقوکینەی ئەوانەی کە لەهەمان جیهانی گچکەی ئێمەدا دەژین، وێڕای ترسان لەوان. ولیامز پرسیار لەوە دەکات، کە ئێمە بۆچی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەیەك ناگەین، تاکو بیانناسین؟ هەروەك لە شانۆییەکانمدا هەوڵی ئەوە دەدەم، کە بیانناسمو پێیانبگەم. زیلسکی لەبارەی ئەو راوبۆچوونانەوە پێیوایە کە بۆشاییەك، مەودایەك لەنێوان بیروڕاو مومارەسەکانی ولیامزدا هەیە، زۆرینەی شانۆییەکانی دەخوازێت ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست بکات لەو کەسانەی دیکە بترسین، کە لەهەمان جیهانی گچکەماندا دەژین، بە زمانێکی کاراتر لە زمانی ئەو هۆکارانەی پڕوپاگەندەیەی کە رقی لێیەتی. هەرچەندە ولیامز لە شانۆییەکانیدا هەوڵی ناسینی گەیشتن بە کەسانی دیکە نادات، چونکە ئەو زۆر بە کەمی بڕگەیەکی بەرفراوانی خەڵکیمان پیشان دەدات، تاکو دۆستایەتییان بکەین. لە شانۆیی (پاسی ئارەزوو)دا ئامۆژگاریی هەیە سەبارەت بە مەترسیی پارێزگاریکردن لە دۆستایەتییەکی کۆن لە جیهانێکدا، کە رەنگە ئەوە قبووڵ نەکات.

# لەنێو میسۆلۆژیای خواوەندەکاندا

تینسی ولیامز سەبارەت بە شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس)، کە لە ساڵی ١٩٥٩دا نمایشکراوە دەڵێت، کە ئەم شانۆییە پوختەکردنێکی شانۆیی (شەڕی فریشتەکان)ە، دوای پازدەساڵ لە ئەزموونی شانۆنووسین، ئەم شانۆیە لە ڕواڵەتدا بریتییە لە بەسەرهاتی کوڕێکی یاخیبوو لەنێو کۆمەڵگەیەکدا، کە بڕێك بیروڕای کۆنی تێدا هەژموونداره لە خواروودا، دواتر و دوای بیست ساڵ لە ناکامی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت.

شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) بە سەرکەوتوویی لە نیویۆرك نمایشکرا، لە برۆدوایش نمایشکردنی بەردەوامبوو، دوای بیست ساڵ

له شکستی زۆر له نمایشی سەرەتاییدا. ولیامز خۆی لەبارەی ئەم شانۆییەوە دەڵێت، شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) گەڕانەوەیەکی نوێیە بۆ نووسینی شانۆییەکی نوێتر له شانۆیی (شەڕی فریشتەکان)، بە شێوەیەکی نوێ لەدوای پازدە ساڵ له ئەزموونی شانۆنووسین، که باس له لاوێکی بزێوی هەست هەژاو دەکات له کۆمەڵگەیەکی پڕ له دابونەریتی کۆن، ئەویش هێندە بەزم دەنێتەوە، چەشنی ڕێوییەك لەنێو ماڵێکی پڕ له مریشکدا.

بەپێی گەڕان بەدوای سەرچاوەی (ئۆرفیوس)دا، فەرهەنگی داستانە دێرینەکان ئاماژە بەوە دەکات، که داستانی (ئۆرفیوس) باس له کوڕی یەکێك له خواوەندەکانی هونەرەکان (کالوبی) دەکات، که کوڕی خواوەند (ئەپۆلۆ)یە.. ئەم (ئۆرفیوس)ە.

یەکێك له شوێنکەوتووانی دڵسۆزی خواوەند (دیونسیوس)ی خواوەندی مەیو ڕابواردن..و بە کارامەیی ناسراوە له بواری هونەری ئەفسوونو حیکمەتدا، بەڵام زیاتر بە ئەفسوونی میوزیکەکەی ناسراوە، که تەنانەت ئاژەڵیشی دەهێنایە سەما. (دیونسیوس) (یودیدیسی)ی خۆشدەوێتو دەیخوازێت، بەڵام ژیانی هاوسەرێتییان کورتخایەن دەبێت، چونکە خێزانەکەی مار پێوەیدەدات، له کاتی هەڵهاتنیدا له دەستی (ئەرستاوس) خواوەندی ڕاووشکار، که مەبەستی مانەوەی ئەم ڕاوەدووی دەنێت.. ئەوکاتیش (ئۆرفیوس) سووردەبێت لەسەر ژیانەوەی و گێڕانەوەی بۆ ژیانو بەوەش دادەبەزێتە جیهانی مردووانەوە، لەوێدا دەتوانێت بە موزیکەکەی یان بە موزیکە خۆشەکەی

هەموو تارماییەکان کەمەندکێش بکاتو دڵی پادشای جیهانی ژێرین داگیربکات، کە ئەویش تکاو لالەی ئەم قبووڵدەکاتو ڕێگە بە هاوسەرەکەی دەدات بگەڕێتەوە بۆ جیهانی زیندووان، بەو مەرجەی (ئۆرفیوس) لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ سەرزەوی لە دوایەوە بڕواتو تەماشای نەکات، بەڵام (ئۆرفیوس) ئارامی لێدەبڕێتو زۆر تامەزرۆی ئەوە دەبێت، کە تەماشای ئەویندارەکەی بکات، کە لە دوایەوە هەنگاو دەنێت، بەوەش مەرجەکە دەشکێنێتو ئاوڕێك لە هاوسەرەکەی دەداتەوە، هەر هێندەی ئەوە دەکات دووبارە تارماییەکان دەیفڕێننەوەو دەیگێڕنەوە بۆ جیهانی مردووەکان، ئەوکات ئۆرفیوس زۆر خەمباری دەبێتو پرسەی کەس قبووڵ ناکاتو خۆی گۆشەگیردەکاتو لە هاوڕێیەتیی ژنان خۆی بەدوور دەگرێتو بەوەش ژنانی (پرسیس) ڕقی لێهەڵدەگرن، چونکە ئەو ئەمانی پشتگوێ خستووە، بۆیە لە دێری (نسیس)دا پەلاماری دەدەنو پارچەپارچەی دەکەن. بە تێپەڕبوونی کاتیش چیرۆکی (نیشتنەوەی ئورفیوس) بۆ جیهانی ژێرین، واتە جیهانی مردووەکان دەبێتە هێمای بیرۆکەیەکی دیاریکراو، ئەویش بیرۆکەی ئەو عاشقەیە، کە هەوڵدەدات بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستەکەی لە تیاچوونو مردن، بەوەش دەبێتە قوربانیی هەوڵەکانی، لەبری ئەوەی هەردووکیان لەو ڕزگاربوونەی کە دەیانخواست سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

# ئۆرفیوس له وێنەی تردا

زۆرێك له شانۆنووسانو ئەدیبو شاعیران به داستانی (ئۆرفیوس) كاریگەربوونو هەریەكەو به جۆرێكو بەپێی فیكرەو بیروباوەڕو تێگەیشتنی له ڕۆحو دابونەریتی سەردەمەكەی خۆی چارەسەری ناوەڕۆكەكەیان كردووە. ڕەنگە ناودارترین ئەو شانۆییانەی كه داستانی (ئۆرفیوس)ی كردۆته ناوەڕۆكی شانۆییەكەی (جان كوكتۆ)ی شانۆنووسی فەرەنسییە، كه له ساڵی ١٩٢٦دا نمایشكراو تیایدا ئەفسانه كۆنەكە له نێوان شاعیرێكو گیاندارێكدا، كه له ئەسپێكدا بەرجەسته بووە، بەڕێوەدەچێت، ئەم ئەسپە سەیرەش (ئۆرفیوس) له ڕێگادا پێیدەگاتو لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ماڵەوە، لەوێ دەربڕینێكی ڕۆحیی پێ دەڵێت، كه تیایدا جەخت لەوە دەكەنەوە (ئۆریدس) له دۆزەخەوە دەگەڕێتەوە، (ئۆرفیوس)یش دەڵێت، ئەم ئەسپە شەوی لێ

داگیرکردوومو ئەوەتا وەك (وشترێك) دەسوڕێتەوە، ئاخۆ هەست بەوە ناکەیت، کە کەمترین رستە لەو رستانە لە هەموو هۆنراوەکان زیاتر مایەی سەرنجڕاکێشانن؟ من لەمیانەی بەدواداچوونو گەڕانمەوە بەدوای نادیاردا جیهانێکی دیکەم دۆزییەوە. دیارە (یۆریبیدیس) بەلای شاعیرەکەوە جەماوەر دەنوێنێت، چونکە ئەو نازانێت کە (ئۆرفیوس) چۆن لەپێناوی ئەسپەکەیدا هەموو شتێك بەجێدەهێڵێت، هەموو شار هاوڕێی ئەون، بە تەنها لەگەڵ ئەسپەکەیدا گوزەران دەکات. داهێنانو مەرگ دوو بابەتی سەرەکیی شانۆییەکەی جان کۆکتۆن، کە تیایدا ئەفسانەکە ئاوێتەی بەزمە سات (کۆمیدیا) کراوەو بەوەش کۆکتۆ تەواوی کارامەیی بەدیهێناوە لە پیشەی شانۆنووسیندا، لە ساڵی ١٩٤١یشدا شانۆیی (یۆربیدس)ی (جان ئەنۆی) دەرکەوت، کە تیایدا لەمیانەی مشتومڕ لەبارەی راستییەکی ئەزەلییەوە فەلسەفەو بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو سەبارەت بە ژیان، پوختەی ئەو مشتومڕەش بریتییە لەوەی، کە مرۆڤ لە جیهانێکی دیکەی جیاواز لەم ژیانەدا نەبێت هەرگیز خواستەکانی وەك خۆشەویستیو کامەرانی دەستناکەوێت. لەوێدا بەختەوەری لای ئەم شانۆنووسە شتێکی وەهمییە، چونکە زۆرجار بەختەوەرترین کات لای مرۆڤ ساتەوەختێك بووە کە تیایدا قوربانیی بە کامەرانیی خۆی داوە.

رووداوەکانی ئەم شانۆییەی (جان ئەنۆی) لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا دەستپێدەکات، کە لەوێدا (ئۆرفیۆس)ی کەمانچەژەنی گەڕۆك بە (یوریدس)ی کچە ئەکتەری شانۆ دەگاتو زۆر نابات، کە بەهۆی ئامانجی هاوبەشیانەوە پەیوەندیی خۆشەویستییان لەنێواندا دروست

دەبێت، دیارە ئامانجی هەردووکیشیان بریتییە لە ڕزگاربوون‌و پاککردنەوەی دەروون‌و هەردووکیان وادەبینن کە ئەوان دواجار هەلیان بۆ ئەو ئامانجە دەستکەوتووە، بۆیە پێکەوە هەڵدێن، بەڵام رابردوو (یۆربیدس) بەرەو دواوە کەمەندکێش دەکات، چونکە ئەم کیژۆڵەیە ناتوانێت لەدەست ئەو یاداشتە کۆنانە رزگاری بێت، کە هەردەم بەدواوەین، تاکو رۆژێك لە ڕۆژان لە هەڵاتندا لەدەست ئەو یادگارییانە بەهۆی رووداوێکەوە گیان لەدەست دەدات، یادگارییەکانیشی بریتییە لە کەسێتیی کوڕە عاشقەکەی پێشووی، واتە بەڕێوەبەری تیپی نواندنەکانی، کە کاری تێدا دەکرد. بەوە (ئۆرفیوس) خەم‌وپەژارەی زۆر دایدەگرێت، بۆیە (مسیۆهینری)، کە نوێنەری فرۆشیاری گەڕۆکە، هەلێکی دووبارە گێڕانەوەی خۆشەویستەکەی لە جیهانی مردووانەوە دەخاتە بەردەستی (ئۆرفیوس)، بەڵام بەومەرجەی بەر لە کازیوە نەڕوانێتە روخساری (یۆرییدس)ی ئەوینداری، بەڵام ئۆرفیوس لەبەر زانینی نهێنیی رابردووی خۆشەویستەکەی مەرج‌و پەیمانەکە دەشکێنێت‌و هەر کە دەیبینێت دەڕوانێتە روخساری، بۆیە لەوکاتەدا لەبەرچاوی وندەبێت‌و بەو جۆرەش بۆ هەتا هەتایی لەیەك دادەبڕێن. رەنگە هەردووکیان چووبێتنە ئەو جیهانەی دیکەی کە (ئەنۆی) لە شانۆیی (یۆرییدس)دا بۆی دەگەڕێت.

# ڕێوی یان شەڕی فریشتەکان
# (الثعلب أو معركة الملائكة)

بیرۆکەی شانۆیی (شەڕی فریشتەکان) هاوشێوەی بیرۆکەی چیرۆکی (ڕێوی– الثعلب)ەکەی (د.هـ. لۆرانس)ە، کە دواتر بە بنەمای شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس)و سیناریۆی فیلمی بۆ دانرا. هەرچەندە شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) لە هەندێ لایەنەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)دا، بەڵام بابەتو ناوەڕۆکەکەی هەر نزیکە لە چیرۆکی (ڕێوی– الثعلب)ەکەی لۆرانسەوە. ولیامز خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێت: شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) دووبارە نووسینەوەی شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)ە، بەڵام دوای پازدە ساڵ لە ئەزموونی شانۆنووسین، ئەم شانۆیەش لەڕواڵەتدا بریتییە لە بەسەرهاتی کوڕێکی خوێنگەرم، کە لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە دابونەریتو بیروڕای کۆندا بەزمو ڕەزمێك دەخولقێنێت، هاوشێوەی

هەراو زەنای ڕێوییەك، كە بكەوێتە نێو دەواجنێكەوە. لەو پێشەكییەدا كە ولیامز بۆ شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) نووسیویەتی‌و ناوی ناوە (رابردوو و ئێستا)، ئەو هەڵوێستانە دێنێتەوە یاد كە لەگەڵ شانۆیی (شەڕی فریشتەكان)دا ڕوویانداوە، كە كاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر ڕووداوەكانی دواتر. ولیامز دەڵێت: (سەر لەبەیانییەكی ساردی دواهەمین ڕۆژی هەفتەی ساڵی ١٩٤٠ لەگەڵ بریكاری ئیشەكانمدا بە مەیدانی (بۆستن)دا دەپەڕیینەوە، ئەوكاتە تازە ئاگاداریی ڕۆژنامەكانمان خوێندبووەو لە بارەی شانۆیی (جەنگی فریشتەكان)ەوە، كە لەسەر شانۆی (ویلیوە) نمایشدەكرا لە شەوی پێشووتردا، لەو بەیانییەشدا لەوە ئاگاداریان نەكردبوومەوە، كە دەبێ نمایشی شانۆییەكە ڕابگیرێت، ئەوەی لە من داواكرابوو تەنها ئەوەبوو كە لە ڕەگوڕیشەوە شانۆییەكە كورتبكەمەوە. دوای ماوەیەك بە دەقێكی نوێی بەشی سێهەمەوە گەڕامەوە لایان، لەیادمە كە زۆر جەربەزانە ڕووبەڕوویان بوومەوەو پێموتن: (ئەگەر داوای جارێكی دی گۆڕینی ئەم دەقەم لێبكەن، ئەوا بەقەدەر سكەخشكێیەك بەسەر پشكۆدا دووچاری ئازار دەبم، وەلاَمەكەش نەرمونیان بوو بەبێ پابەندبوون لەلایەن ئەوانەوە، دوای چەند ڕۆژێك گورزی خۆیان لێدام، كاتێك ڕاگرتنی نمایشی شانۆییەكەیان دوای تەوابوونی كاتی دیاریكراوی خۆیدا پێڕاگەیاندم، ئەوكات لەبەر ئازارو ژانەكانم دەتووت هەڵواسراوم، ڕەنگە ئێوە نەزانن، كە من دڵی خۆم لەنێو ئەو شانۆییەدا دانابوو).

لەیادمە کە (وبستر) خانم سەبارەت بە قسەکانم شتێکی وتبوو، کە ئەو کات من بایەخم پێنەدا، ئەو وتی نابێ دڵت بخەیتە نێو لەپی دەستت، تاکو قەلەڕەشەکان بیدەنە بەر دەنوك. کەسێکی دیکەش وتی تۆ بەهەرحاڵ شتێکی ئەوتۆت خەرج نەکردووە، دوای کۆتایی کاتی نمایشی شانۆییەکە لە (بۆستن)، داوایان لێکردم بچمە شوێنێکی دوور بۆ ئەوەی جارێکی دی دەقەکە بنووسمەوە، هەرچەندە من بە بەردەوامی پرسیارم دەکرد سەبارەت بە نهێنیی بایەخی زۆر و سووربوونم لەسەر سەرکەوتنی.

ولیامز سووربوو لەسەر بەدیهێنانی ئەو بیرۆکەیە، بۆیە بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ بەردەوامبوو لە ئیشکردن، کە تیایدا هەموو یادگارییە عاتیفییەکانی سەردەمی لاوێتیی هێنابووەوە یاد.

لە شوێنێکی دیکەدا وا باسی دەکات، کە وێنەکەی تەواوبووەو تیایدا دۆسیەو تۆمارێکی تەواوی هەستەکانی ڕۆژانی لاوێتیی بەدیهێناوە، هەرچەندە بە ڕوانینێکی سەرپێییانە وا دەردەکەوێت، کە بەسەرهاتی لاوێکی عاتیفە وروژاوی ڕەهایە، کە کوێی بوێت لەوێ هەنگاوەکانی دادەنێت، لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا، لە کۆمەڵگەکانی باشوور، کە شانۆی ولیامز زۆر پێی کاریگەربووە، ئەملاوە بە هەڵسوکەوتی ترس‌و پشێوی دەخاتە نێو ئەو کۆمەڵگایانەوە، وەك دیمەنی چوونە ژوورەوەی ڕێویەکی فێڵباز بۆ نێو دەواجنێك، بەڵام لەودیو ئەم مانا ڕواڵەتییە مەئلوفەوە، کە ولیامز وەسفی شانۆییەکەی پێدەکات. پرسیاری زۆر هەیە کە هەرگیز ناتوانێت وەڵامی

دیاریکراویان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بەردەوام لە بیریدا دەمێنێتەوە، رەنگە دەرەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەش لە وێناکردنی هەر چوار کارەکتەری شانۆییەکەدا نموونە بکرێت، هەروەك ولیامز خۆی دەڵێت ئەوەش دەبێتە هۆی قبووڵکردنی چەند وەڵامێکی دانراو، کە لە واقیعیدا هەرگیز وەڵام نییە، بەڵکو گونجاندنێکی هۆشمەندانە هەیە، کە هەلومەرجەکە دەیخوازێت. ولیامز بە رابردوودا گوزەردەکاتو تیایدا لە چەند وێستگەیەکدا هەڵوێستە دەگرێت، کە پێشتر لێیان تێپەڕیبوو، ئەو کاتەی کە بەدوای ئەزموونو بیرۆکەی نوێدا دەگەڕا بۆ پێکهێنانی مۆرك‌و سیمای شانۆ دیارەکەی، لە چوارچێوەی نەخشەی شانۆی هاوچەرخی ئەمریکیدا. لەلایەکی دیکەوە لە پێشەکیی شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا دەڵێت: لەراستیدا شانۆیی (شەڕی فریشتەکان) پێنجەمین شانۆییە لە شانۆییە درێژەکانم، بەڵام یەکەمین شانۆییە کە لەلایەن تیپێکی ناودارەوە دەرهێنرابێت.

گەرچی بەر لەوە تیپێکی نیمچە ناودار شانۆیی (مۆمەکان لە خۆردا)یان بۆ دەرهێنام، هەروەها شانۆیی (ڕەشەبایەك لە بەهاردا)شم بۆ سیمیناری هونەری شانۆ نووسی، کە مامۆستا (مابی) لە زانکۆی (ئیوا) سەرپەرشتیی دەکرد، کە من خۆم ئەوەم بە تاقیکردنەوەیەکی دژوار دانا بۆ دیاریکردنی رەوتی ئایندە، کە خۆم لەو سیمینارەدا شانۆییەکەم بۆ وانەکاران خوێندەوە، کاتێك لە خوێندنەوە بوومەوە، دیتم مامۆستا (مابی) واقیوڕماوە هەر دەتووت لەهۆشخۆی چووە، دوای ئەوە ماوەیەکی دوورودرێژ بێدەنگی پڕ دڵەڕاوکێ باڵی بەسەردا

کێشاین، هەموو ئامادەبووانیش دووچاری شڵەژان هاتن، دواجار مامۆستا ئاماژەی ڕۆیشتنی بە هەمووان داو لە تێبینییەکی سەرپێییدا وتی: (دەبێ هەموومان عەورەتمان داپۆشین)، بەڵام یەکێك لە دەرچووانی ئەو ساڵەی زانکۆ دوای خوێندنەوەی دەقەکە وەسفی شانۆییەکەی کرد لەڕووی هێزی دیالۆگ‌و کەشوهەوای گشتیی شانۆییەکە، ئەوەش وایلێکردم پەشیمان ببمەوە لە بڕیاری پێشووم، کە دابووم بە دەسهەڵگرتن لە نووسین بۆ شانۆو گەڕانەوەم بۆ ئیشەکەی پێشووم، واتە گەڕانەوەم بۆ کارکردن لە کافیتریای نەخۆشخانەدا.

لێرە ولیامز پەردە لەسەر وردەکاریی زۆری لایەنە دیارەکانی ژیانی خۆی هەڵدەداتەوە، وێڕای بایەخە گرنگەکانی لە دۆزینەوەی نموونەی نوێی فۆرم‌و ناوەڕۆکی شانۆیی‌و دەرهێنانی یان ڕزگارکردنی شانۆ لە چوارچێوە تەقلیدییەکەیەوە بەرەو شێوازە زیاتر جورئەتدارەکان‌و نزیکبوونەوە لە دیدە هاوچەرخەکان

ناوەڕۆکی شانۆییە سەرەتاییەکانی ولیامز بەردەوام ئاسەواریان لە ئیشەکانی دواتریشیدا هەر هەبوو، ئەو زۆر جار هەوڵی تەواوی داوە بۆ ئەوەی لە ماوەی چەندەها ساڵی بەردەوامدا لە کارکردن بۆ ئەوەی بیرۆکەی شانۆ بگەیێنێتە تەواوکاری وەك حاڵەتی شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)و ئاماژەیەکی دیکەش هاتووە لە دیوانەکەی ولیامزدا (زستانی شارەکان)، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا بڵاوکراوەتەوەو هەمان ئاماژەی بیرۆکەی شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس)ی لێدەخوێنرێتەوە، بەتایبەتی لە شێوە سەرەتاییەکەیدا، کاتێك ولیامز باس لە بابەتی ئەو

شاعیره دەكات لە جیهانێكدا دەژی كە لەگەڵ ئەودا ناگونجێت، ئەوەش بابەتێكی نویٚ نییە لە شانۆی ولیامزدا، هەروەك زۆرێك لە ڕەخنەگرانی شانۆی ولیامز وای دەبینن، چونكە ولیامز لە زۆر لە شانۆییەكانیدا هێناویەتەوەو ئەوەش بە دوا بەیتی گرنگی هۆنراوە گرنگەكەی (نیشتنەوەی ئورفیوس) دادەنرێت، كە بەوپەڕی ناسۆرەوە وەسفی هەستەكانی دەكاتو ولیامزیش باس لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی شاعیرەكە دەكات..و وەك ڕێنماییكردنی شاعیرەكە دەڵێت: دەبێت هەندێك شت بە كەموكورتییەكەیانەوە فێرببیت، ئەوەش هەمان بیرۆكەیە كە چیرۆكی ناوداری (شەهوەت و پاشا ڕەشپێستەكە)ی لەسەر بونیاد نا، ئەو كارەكتەرەی كە لەڕووی ناوەرۆكەوە لە كارەكتەری (ئەلما واینملیر)ی ئەو كیژۆڵە میسالییەی، كە دەگۆڕێت بۆ سۆزانی، یان ئەرستۆكراتییەكی تێكشكاو (بلانش دیبوا) لە شانۆیی (گالیسكەیەك ناوی ئارەزووە).

ولیامز لە سەرەتای شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس)دا بەردەوام لە یادكردنەوەی وێستگە تاڵەكانی ژیانیدا دەبێتو دان بە شكستەكەیدا دەهێنێت لە شیكاگۆ ئەودەمەی هەوڵی زۆری دا بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی پێشبڕكێی یەكێتیی نووسەرانو بڵاوكەرەوەكان، بێگومان هۆكاری شكستی لەوەدا ئەوەبوو، كە ئەوەی ولیامز پێشكەشی كردبوو بابەتو ناوەرۆكی كۆمەڵایەتیی هەڵوێستی ناڕەزایی دەخواست، كە لەوەدا كەموكورتیی هەبوو، لەو بارەیەشەوە دەڵێت: (سەیرەكە لەوەدایە كە من نەمتوانی خاوەن دەسەڵاتان قەناعەت پێبهێنم لەوەی

کە خێزانەکەم لە حاڵەتی هەژاریو دەستکورتییەکی کەمەرشکێندایەو خۆیشم ئەودەمە لەڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە بڕێك هەستی ناسکم لەلا مابوو، ئەوەش وایلێکردبووم لەبەردەم ئەو دڵڕەقانەی کە کاروباری پێشبڕکێکەی شیکاگۆیان بەدەستبووبێ نرخو بەهاو شکستخواردوو دەربکەوم، بەوجۆرەش جارێکی دیکە گەڕامەوە بۆ (سانت لویس)، کە تیایدا چوارەمین شانۆیی درێژم نووسی، کە بە باشترین شانۆییەکانمی دادەنێمو ناوم نا (بولبولەکان بابەتی ئێمە نین) کە باس لە ژیانی بەندیخانەکان دەکات، ئیدی لەو شانۆییەوە شتێکی ئەوتۆم نەنووسیوە، کە هاوشێوەی ئەو شانۆییە بێت لەڕووی توندوتیژیو ترسو تۆقاندنەوە، چونکە لەسەر رووداوێك دەدوا لە بارەی چەند زیندانییەکەوە، کە یاخیبوونو دواتریش بە مەبەستی تەمێکردنیان دەنێردرێنە ژوورێکی زۆر گەرم، تاوەکو هەموویان بە زیندوویێتی دەسووتێن.

لە (نیو ئۆرلیان)یش هەوڵێکی دیکەی شکستخواردووم دا بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی یان یەکێك لە خەڵاتەکانی پێشبڕکێکانی کۆمەڵەی نووسەران، یان کۆمەڵەی شانۆکاران، ئەودەمەش لە یەکێك لە چێشتخانە هەرزانفرۆشەکاندا شاگردبووم. دواتر بە هەر چوار شانۆییە درێژخایەنەکەم لە پێشبڕکێی کۆمەڵەی شانۆی (نیویۆرك)دا بەشداریم کرد، وێڕای بەشداریکردنم بە چەند شانۆییەکی یەك پەردەیی، بەر لە شانۆیی (شەڕی فریشتەکان) نووسیبوومن، دواتر بەهۆی ئەو شانۆییە یەك پەردەییانەوە خەڵاتێکی (١٠٠) دۆلاریم بردەوە.

ئەو برووسکەیەش کە هەواڵەکەی پێگەیاندم بە ئیمزای هاوسەرەکەی (ئیلیا کازان)ی دەرهێنەرو (ئۆرین شۆ)ی شانۆنووس بوو.. جارێکی تر هیوایەکی لاواز لە دەروونمدا ژیایەوە، ئەودەمەی نامەیەکم لەلایەن خانم (ئۆدری وود)ەوە بۆ هات لە نیویۆرکەوە. ئەم خانمە هەموو ئەو شانۆییانەی دەستکەوتبوو، کە لە پێشبڕکێی کۆمەڵەی شانۆکاراندا بەشداریم پێکردبوون. هەواڵی پێگەیاندم کە رەنگە بتوانم یەك لە خەڵاتەکانی پێشبڕکێی (روکفلر)یان پێبەدەست بهێنم، کە دەگاتە ۱۰۰۰دۆلارو دەدرا بە نووسەرە لێهاتووە تازەپێگەیشتووەکان. منیش کەوتمە خۆئامادەکردن بۆ ئەو پێشبڕکێیەو سەرەتا بڕیارم دا، کە شانۆیی (شەڕی فریشتەکان) لە شێوەی شانۆییەکی لیریکیدا بنووسم، کە تایبەتبێت بە یادەوەریو ناسۆرەکانی. بۆیە چوومە (سانت لویس)و لە کۆتایی وەرزی پایزدا لە نووسینی بوومەوەو ناردم بۆ (وود)خانم.

رۆژێك لەڕۆژان زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، قسەکەر خانمی (ئۆدری وود) بوو، دایکیشم لای دەرگاکەوە وەستابوو و بەوپەڕی چاوەڕوانی کۆتایی قسەکان بوو، کە قسەکان تەواوبوون بە دایکمم وت (روکفلر) ۱۰۰۰دۆلاریان پێبەخشیوومەو دەبێ بچم بۆ نیویۆرك، بۆیە کەمینجار بوو لە ژیانمدا ببینم دایکم دەگری، بەختەوەربوونی خۆی پێڕاگەیاندم.

شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) مێژوویەکی درێژخایەنی هەیەو هەندێك بە کۆنی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام ولیامز خۆی لەگەڵ پەیوەندیی نووسەر بە بەرهەمەکانییەوە تەبا نییە، بەڵکو پێیوایە کە شانۆیی

ناكرێت بە كۆن دابنرێت تا ئەودەمەی نووسەر دەستی خۆی لێ دەشۆرێتو دەستبەرداری دەبێتو منیش هێشتا دەستم لەو شانۆییە نەشۆردووە.. بەڵكو هەمیشە لەبەر دەستمدایەو بەردەوامیش چاوی پێدا دەگێڕمەوە. خۆ گەر لەم وەرزەدا پێشكەشی دەكەم لەبەرئەوە نییە هەگبەكەم بەتاڵە لە بیرۆكەی نوێ، هەروەك هەندێك كەس وای دەبینن، بەڵكو مەسەلەكە بۆ ئەو قەناعەتە قووڵەم دەگەڕێتەوە، كە ئەم شانۆییەم ئێستا لە تەواوی وێنەی خۆیدایە. ولیامز سوودی زۆری لە ئەزمونەكانو ژیانی خۆی وەرگرتووەو لە شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا ناوەرۆكی شانۆیی (جەنگی فریشتەكان)ی بە شێوازێكی نوێ بەكارهێناوەتەوەو سێ بەشی ئەم شانۆییەی كردۆتە دەقی یاخود دەقێكی نوێ. رەنگە جوانترین وەسفی ئەم شانۆییە لەلایەن ولیامز خۆیەوە كرابێت: (لە شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس )دا توانیومە هەموو ئەو شتانە بڵێم، كە ویستوومە بیانڵێم، ئەم شانۆییە بەلای منەوە چەشنی پەیوەندییەكی عاتیفی وایە، كە رابردووی ناوبراو و ئێستا بەیەك دەگەیەنێت، رابردووی ژیانم و ئێستاشم وەك شانۆنووسێك..) زۆرینەی رەخنەگرانیش هاوڕان لەگەڵ ولیامزدا لە بارەی بەراوردكردنی نێوان هەردوو شانۆیی (جەنگی فریشتەكان)و (نیشتنەوەی ئورفیوس)دا، چونكە ناوەرۆكی شانۆییەكە زۆر گۆڕابوو، یان راستتر گرێچنی شانۆییەكە لە دەقی (نیشتنەوەی ئورفیوس)دا زۆر تۆكمە كرابوو. پەیوەندیی بەهێزیش لەنێوان رووداوەكاندا فەراهەم هێنرابوو، كە زیاتر یەكانگیری كردبوونو چەمكەكانی روونو قووڵو

خاوەن کاریگەرییەکی هیومانی بوون، کە هەڵقوڵاوی ئەزموونێکی خودی بوون و تێگەیشتنی گشتییان هەبوو. بەردەوام ئەم چیرۆکە باس لە پەیوەندیی نێوان (فال)و (میرا) دەکات، کە ئەمەی دوایی ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (لیدی)، ئەمەو راستکردنەوەی زۆریش لە کەسێتیی (فال)دا کرا، چونکە ئیدی ئەو گەنجە سەرەڕۆیە نەما کە ئاسۆکانی تەیدەکرد بەمەبەستی دۆزینەوەی مادەیەك بۆ ئەوەی کتێبێکی لەبارەی ژیانەوە پێبنووسێتەوە. ئەم کارەکتەرە لە دەقی (هبوط ئورفیوس)دا کەسێکی پیرو هاوسەنگە لە بیرکردنەوەدا، کە وازی لە ژیانی بێهودەییو بێدەربەستیو ئارەزووبازیی گەنجانە هێناوەو بڕیاریشی داوە لە هەموو ئەو شتانە خۆی بەدوور بگرێت، کە دووچاری تەنگوچەڵەمەی دەکاتو رەوتی ژیانی دەگۆڕێت. ئاراستە فیکرییەکانی ئەم کارەکتەرە گۆڕانی بەسەردا دێتو دەبینین لە شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا دەبێتە موزیکژەنێکی گەڕۆك، کە بەهۆی و گیتارەکەیەوە شارە نزیك و دوورەکان دەگەڕێت، کەواتە ئەم کارەکتەرە کۆپییەکە لە هاوڕێکەی ولیامز لەکاتی گەشتە سەیرەکەیدا بۆ کالیفۆرنیا دوای قۆناغی شکستەکەی لە (نیوئۆرلیانز)دا، کە ئاسەواری زۆری هەبوو لەسەر دەروونی ولیامزو ئەو کاریگەرییەش لەسەر دڵو دەروونی وایلێکرد، کە هاونموونەی (ئورفیوس) بێت. لە داستانە گریکییەکەدا لەبری دۆزەخ شارێکی دێرینی باشوور دادەنرێتو (لیدی)ش دەگۆڕێتو لە سۆزانییەکەوە دەبێتە کچی مەی دروستکەرێکی ئیتالی، بەڵام هەر بە خێزانی (تورنس) دەمێنێتەوە، کە ئەمەی دوایی کەسێکی خراپەو

دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە هاتووە. ولیامز پەرەی بە پەیوەندیی نێوان (لیدی)و (تورنس) داوە، بەشێوەیەکی باشتر لەوەی لە شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)دا هەیە، کە (تورنس) لەوێدا هێمایەك بوو بۆ شەڕو خراپەو مەرگ، بەڵام لە شانۆییە نوێکەدا لە وێنەی کەسێتیی یەکەم کەمتر شەڕەنگێزو خراپەکار نییە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ مرۆڤێکی ئەشکەنجەو ئازار چێژو بیرکەرەوە. شانۆییە نوێکە خۆی لە دیمەنی لافاوو زریانو ئاگر تێبەربوونەکان قوتار کردووە، وێڕای کەمکردنەوەی گێڕانەوەکانو گەڕانەوە بۆ رابردوو.

کاتێك لە مێژووی زەمەنی داهێنانەکانی ولیامز ورددەبینەوە، دەبینین ژیانی شانۆنووسینی بە سێ قۆناغی دیار جودا دەکرێتەوە..

یەکەم: ئەو قۆناغەیە کە خۆی سوورە لەسەر ناونانی بە قۆناغی ئەزموونگەریی بیرۆکە شیعرو گۆرانییەکان لە بۆتەی شانۆییدا.

دووەم: قۆناغی دەرکەوتنی وەك توێژەرەوەیەکی بەهرەدارو کاریگەرو داهێنەر لە سوودوەرگرتنو بەهرەوەرگرتن لە کولتوورو کەلەپوورە میللیو داستانو هەقایەتە خورافییەکان، کە کاریگەریی ئاینییان تێدا دەردەکەوێت، وێڕای کاریگەریی میسۆلۆژیای یۆنانیو بیرۆکەکانی فرۆید.

قۆناغی دووەمی رەوتی ژیانی شانۆنووسینی تینسی ولیامز بە گەورەترین قۆناغەکانی دەستکەوتی هونەری دادەنرێت، کە تیایدا هەوڵی بەرفراوانکردنی چوارچێوەی مانای پەیوەست بە لێکۆڵینەوە یاخود تەقەلا شاعیرییەکان دەدرێت، سەبارەت بە ڕاستی یان

حەقیقەت. ئەوەتا لە ئامادەییدا بۆ نووسینی شانۆیی (پشیلەی سەر رووی تەنەکەیەکی گەرم)دا دەنووسێت، کە ئەو دەخوازێت، بە بابەتی بوونی دیدی تایبەتی خۆی، کە بنەمای شاعیربوونێتیو لە دەقەکانی ساڵەکانی ١٩٤٥و ١٩٥٥دا دەردەکەوێت، دەخوازێت ئاستی دووەمی گۆڕانکاری پێکبهێنێت، چونکە لە شانۆییەکانی ئەم قۆناغەیدا ولیامز هەوڵی داهێنانو ئەفراندنی داستانێکی میللی دەدات لە ناوەرۆکی وەرگیراو لە ئەزموونە هاوبەشەکانو لاهووتی مەسیحیو میسۆلۆژیای یۆنان.

تینسی ولیامز کارەکتەری (فال کسافیاری) لە شانۆییەکەدا بۆ ئەوە داناوە تاکو نزیکبێت لە چەمکی هێماکاریی رەهای کارەکتەری (ئۆرفیوس) لە داستانەکەدا، (فال)یش لە شێوەی شاعیرێکی گەڕۆکدا وێناکراوە، کە خودانی دڵسۆزیو خۆشەویستییەو بەدوای شتێکی جواندا وڵاتە جۆراوجۆرەکان تەیدەکات، تاکو دەگاتە دۆزەخی شارۆچکەیەکی خوارووی ئەمریکاو لەوێندەر هەڵدەستێت بە کارێکی مرۆیی، کە خۆی لە سەرفرازکردنو رزگارکردنی (یوریدس)ی مردوو یان (لیدی)دا دەبینێتەوە لە (بلۆتۆ) یان (تورانس)، ئەو هاوسەرە نەخۆشە دلڕەقەی کە (لیدی)ی فڕاندووە تاکو بیباتە ئەو جیهانە دوورانەی دوورن لە ژیانە عاتیفییە لێوانلێوەکان، لە وێنە جوانو ئامانجدارەکان، بەڵام قەدەر (فال) دەگەیێنێتە قوژبنی دۆزەخێك لە شارێکی باشووردا، واتە حانوتێکی خراپ، کە بانگەشە بۆ کەلوپەلە چنراوە هەرزانبەهاکانو دراوسێیە لەگەڵ دوکانی شیرینی، کە ولیامز

خواستی لەوە ئاماژەکردنە بە کۆمەڵێك یادەوەریی پڕ لە هەستو سۆزو خۆشەویستی، کە دەیکاتە وێستگەیەك بۆ ژوانی عاشقانی دوور لە چاوی رەقیبانو (لیدی)ش لەوێدا یادگارییەکانی باس دەکاتو دەهێنێتەوە یاد، هەر لێرەشدا خەڵکی باوکی بە سپی پێستی بەدکردار ناودەبەن، ئەو باوکەی کە بە زیندوویێتی لەنێو گازینۆکەدا بەهۆی مەیفرۆشتنەوە سووتا، چیرۆکەکەش لەو رۆژانەوە دەستییپێکردو لە ناوچەکەشدا مەی دەستنەدەکەوت تەنها لە رەزی باوکی (لیدی)دا نەبێت، هەر بۆیەشە لاوەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ خواردنەوە دەچوونە ئەوێو لە ژوانگەکانی نێو تاریکیدا دەکەوتنە عەشقبازی، ئەوەش کارێکی کرد کە دکتۆر (تۆکر)ی پیرە واعیز رۆژێك لەڕۆژان بکەوێتە نەفرینباران کردنیان، بەجۆرێك کە یەکێك لە دەمارەکانی تەقی.. (بیولا) دەڵێت: ئای لەو دەنگانەی لەوێوە وردە وردە بەرزدەبوونەوە، بانگکردن، هەراو زەنا، چرپە چرپ، هەناسەو حەسرەت هەڵکێشان، قاقای پێکەنینو دواتر گڵۆپەکان یەك لەدوای یەك دادەگیرسێنران، مەی دروستکەری ئیتالیش لەگەڵ کچەکەیدا دەکەوتنە گۆرانی چرین. ئەم پیاوە جار ناجارێك ئاوڕی لە کچەکەی دەدایەوە، دەیبینی (لیدی) لەپڕ کات دیار نەدەما لەگەڵ (داڤیدی) ئەوینداریدا، بەهەموو هێزی هاواری دەکرد: لیدی.. لیدی.. هیچ وەڵامێکی نەدەبیست، چونکە (لیدی) لە ئامێزی ئەویندارەکەیدایە، لە کۆتایی هاویندا ئەم ئیتالییە هەڵەیەکی گەورەو ناهەمواری دەکرد، چونکە دەکەوتە مەیفرۆشتن بە زنجییەکان، ئەوەش دەبووە مایەی هەژاندنو شێتگیرکردنی یەکگرتووی

سۆفییەکانو ئیدی ئەوانیش شەوێك لە شەوان بە تەنەکە نەوتەوە دەچنە سەر رەزی مەیفرۆشەکەو لە شەوانی گەرمی هاویندا گڕی تێبەردەدەن.. هەموو شتێك دەسووتێنن، رەزەکان، ژوانگەکان، داری میوەکان، ئەوکات ئەو کارەساتەش لەبەرچاوی (بیۆلا)و ئەویندارەکەی روودەدات، کە دەبینن ئاگر بەردەبێتە تەواوی باخەکە لەبەشی کەناری باکووری دەریاچەکە، دواجار هەموو شتێك دەبێتە تۆپەڵێك ئاگر، بیۆلا دەگێڕێتەوەو دەڵێت، بەدرێژایی کەناری دەریاچەکە گوێمان لە هاواری باوکی (لیدی) بوو، کە هاواری دەکرد: ئاگر، ئاگر، لە کاتێکدا ئاسمان بە چەشنی بیرەی غینیا بە هۆی نێڵەی ئاگرەوە سوور هەڵگەڕابوو. ئەو شەوە هیچ کام لە ئاگرکوژێنەوەکان بەدەم ئاگرەکەوە نەهاتن، بۆیە باوکی لیدی هێندەی پێکرا بەتانییەك هەڵبگرێت خۆی بخاتە نێو ئاگرەکەوەو هەر بە زیندوویی سووتا). ولیامز لە شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا لە بیرۆکەیەکەوە دەستپێدەکات، کە ماوەیەکی زۆربوو خەیاڵی داگیرکردبوو، بریتیبوو لە وێنەگرتنی دۆزەخێکی پڕ لە مرۆڤی خاوەن یاداشتو بەسەرهاتی تایبەت لەودیو زیاتر لە پەردەیەکی نەخشێنراو بە ڕەنگاڵەکان، وەك درەختە زێڕینەکانو میوە سوورەکانو باڵندە کەمەرەییەکان (الطیور الاستوائیة). ئامانجی ولیامز لەوەدا بەرجەستەکردنی ئەو کەشوهەوایەیە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆحی ساردی سۆفیگەرییەوە نییە، چونکە ئەم دۆزەخەی ولیامز کۆمەڵەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەری خەڵکی شارۆچکەکە لەخۆدەگرێت.. ئافرەتانی پۆشاك شڕ، ژنانی دیکەی گەمژەو زۆربڵێ، هەموو شتێك کۆتایی هاتو

هەر تەنها یادەوەریی ڕۆژانی عەشقبازییان بۆ ماوەتەوە. (لیتا فولك) زیاتر باس دەکات کە مێردەکانیان، ئەو پیاوە بێدەربەستو ورگ زلانەی بە ئامێرەکانی بەختو تفەنگو تانجی قوماردەکەن، لەگەڵ پیاوێکی سەرەتایی ناشیرینو بڵحی وەك دێوزمە، کە بریتییە لە ئەفسوونبازێك بە ئێسکی ئەو باڵندانەی هەر خۆی کۆیان دەکاتەوە، لەگەڵ هاوارو زەنای تۆقێنەری هیندییە سوورەکان، کە پێدەچێت وەك هێمایەکی تایبەت بێت، کە ولیامز لەمەڕ ئازادیی پوختو مردن دایهێناوە، بەڵام گرنگترین شتە لە ژیانی ئورفیوس (فال کسافیار) کە لە سێ ئافرەتدا نموونە دەگرێت، چونکە شانۆییەکە باس لە پەیوەندیی (فال کسافیار) دەکات بەو ژنانەوە. (فال) خۆی لاوێکی جوانکیلەیە لە باشوورە، کە خاوەنی دەنگێکی نەرمو نزمە، ئەو دەنگە حەزی هۆگربوونی لێدەخوێنرێتەوە. ئەم گەنجە ڕواڵەتی سەربەخۆیی سەرکەش لە چاکەتێکدا دەبینێتەوە، کە لە پێستی مار دروستکراوە لەبری چاکەتی ئاسایی شین، کە کرێکاری کۆگاکان لەبەری دەکەن. ئەوەتا نەگەیشتۆتە هەشتاساڵی ئیدی متمانەی بەوە نەماوە کە سێکس وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەداتەوە، هەرچی گیتارەکەیشێتی، کە هەندێك لە ڕەخنەگران بە هێمای شەهوانی بوونی دادەنێن، بەڵام بۆ خۆی هێمایەکە بۆ هونەرو پاکژیی ئەو، هەرچەندە خۆیشی دەڵێت، کە هونەرەکەی بواری خۆپاککردنەوەی بۆ دەڕەخسێنێت پاش ئەوەی جیهان پۆخڵی کردووە. ئەم پیاوەی دان بەوەدا دەنێت، کە بە تۆمەتی دەربەدەریو لانەوازی سزا دراوە، لە

تەمەنی سی ساڵیدایەو پێدەچێت خوازیاری ئەوە بێت کە دڵنیایی‌و سکونەت بگۆڕێتەوە بە بەشێك لە ئازادیی سەرکەشی. لە بەشی یەکەمدا (فال) لە ڕۆژانی پیاسەکردنیدا دەگات بە کچە هاوڕێ دێرینەکەی‌و تاڕادەیەك پیر دەردەکەوێت‌و هەڵسوکەوت‌و ئەتوارێکی هەیە، ئەوکاتەی کە بۆ جاری دووهەم دەیبینێت، دەداتە قاقای پێکەنین‌و دەڵێت: ئێمە بەدوای تۆوە بووین لە پێنج جێدا بەر لەوەی لەوەدا سەربکەوین، کە تۆ بهێنینە قسەو منیش بووم، کە لەگەڵ تۆدا کەوتمە کێشمەکێش، چووم بۆ بارەکەو دەستم دا لە چاکەتەکەت‌و وتم: ئەبێ ئەم چاکەتە لە چی دروستکرابێت؟ تۆش وەڵامت دامەوە: لە پێستی مار دروستکراوە، خۆزگە بەرلەوەی دەستم بەریدەکەوت ئەو وەڵامەت دەدامەوە، تۆش وەڵامێکی ناشایستەت دامەوە، دواتر وتت: ڕەنگە ئەمە ئەوەی فێرکردبیت، کە دەست لە شت نەدەیت، ئەوکاتە من مەستبووم، بە تاریکیی شەویش گوزەری کردبوو. ئەوەت لە یادە کە پێموتیت، فال وەڵامی دەداتەوە: بۆچی؟ تۆ هەروایت دەتەوێت ئەوە بسەلمێنیت، کە من پێشتر تۆم ناسیوە، ئەویش وەڵامی دەداتەوە، کە حەز دەکات لەگەڵیدا دەربچێت بۆ گەڕانێکی بێهودەو بێمەبەست، کاتێکیش ئەو لەم دەپرسێت بۆچی بەوجۆرە سەیرە خۆی دەنوێنێ، لە وەڵامیدا باسی سەرچڵییەکانی بۆ دەکات، لە خزمەتی مرۆڤایەتیداو دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی ژیانی، کە یەکێکبووە لە دیندارە توندڕەوەکان، کە چەند بیرۆکەیەکی چوارچێوەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی پاڵنەری دەبن. ئەم کچە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵە بە

ئامادەکاری بۆ ئەو وتارو لێدوانانەی هەستی خەڵکی دەوروژێنن‌و هانیان دەدات بۆ چاکەکاری‌و نامەی نارەزایی دەربڕین لە بارەی دڕندەیی‌و توندوتیژییەوە لە ئاستی زنجییەکاندا رەوانە دەکات. هەروەها ئەو سامانەی کە لە میراتەوە دەستیکەوتووە لە دامەزراندنی ئەو عەیادە پزیشکییانەدا خەرجی دەکات، کە تایبەتن بە چارەسەری خەڵکانی نەداراو باسی ئەوەش دەکات، کە چۆن بەهۆی لەبەرکردنی پۆشاکی شڕو هەرزان رۆیشتنی بەپێی پەتی بۆتە گاڵتەجاڕی خەڵکی، دیارە ئەم هەڵوێستەش بریتیبووە لە نارەزایی لای پارێزگار بۆ ئەوەی یەکێك لە زنجییە زیندانیکراوەکان ئازاد بکات‌و بەو هۆیەشەوە خەڵك بە بەدڕەوشتیان لەقەڵەم داوە، دواتریش بە تۆمەتی لانەوازی‌و گەڕۆڵەیی دەستگیردەکرێت، ئیدی لەو رۆژەوە سەنتەری ژیانی کردۆتە لانەوازی. وردەکارییەکانی ژیانی (کارۆل) ئاماژە بە یەکێك لە ئاراستەکانی ولیامز دەکەن، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی رێگەیەکی سەربەخۆ لە ژیانداو دوودڵی لە دەرکردنی بڕیاری راشکاوانە سەبارەت بە ململانێی خێرو شەڕ، رەنگە ئاماژەدان بە باسەکەی (راندۆلف جودمان)ی رەخنەگر بە کتێبی (دراما لەسەر شانۆ)دا سوودی خۆی هەبێت، کە تیایدا رۆشنایی دەخاتە سەر زۆرینەی بیرۆکەکانی ولیامز لە ئیشە شانۆییەکانیدا. زۆربەی شانۆییەکانی ولیامز شانۆیی تایبەتن بە خۆین (شخصی)، کە بریتین لە بەرهەمی ژیان‌و گوزەرانی خۆی لە گەڕەکی (نیوئۆرلیان)ی فەرەنسیداو بە ناسکترین‌و وردترین تەعبیر دادەنرێت لە ئەزموونەکانی ژیانی لەو ناوچانەدا.

(جودمان) هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ولیامز کەرەستەی ئیشەکانی لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەڵهێنجاوە، کارەکتەرەکانی ولیامز وەك (ئەلما، لۆرا، بلانش، ئۆلد، تونو، ئەماندا)..هتد. تارادەیەکی زۆریش بەرهەمی تێبینییە تایبەتەکانی خۆین بۆ ئەندامانی خێزانەکەی‌و هاوڕێ خۆشەویستەکانی دیکەی، کە مەبەست لەوەش پێکەوە گونجاندنی ئەو کارەکتەرانەیە بە مەبەستە ناوەرۆکییەکانی ئەرکە دیاریکراوەکان. هەموو درامانووسەکان پشت بە ژیان‌و مەعریفەی خۆیان دەبەستن، کاتێکیش (کارول) نائومێد دەبێت لە پرۆژە هیومانستییەکانیدا، روو دەکاتە سێکس‌و ئەم بیرۆکەیەی خۆی بۆ (فال) باس دەکات، بەڵام ئەو رەفزی دەکات، کاتێکیش (فال) بڕیاری کارکردن دەدات لە کۆگایەکدا، تووشی پەیوەندییەکی عەشقبازی دەبێت لەگەڵ ئەو ژنەی، کە تینووی خۆشەویستییە، ئەو پەیوەندییەش دەبێتە کلیلی زۆرترین وێنەی شاعیری، کە لەبەردەم (لیدی)دا وێنای دەکات‌و هەموو هەستە کپکراوەکانی دەبزوێنێت کاتێك پێی دەڵێت: دەزانیت جۆرێك باڵندەی بێ قاچ هەیە، ناتوانێت بەسەر هیچ شتێکەوە بنیشێتەوە، بەڵکو بە ناچاری بە درێژایی ژیانی پشتی بە باڵەکانی دەبەستێت.. تۆ ناتوانیت ئەمجۆرە لە ئاسماندا جودا بکەیتەوە، ئەمەش هەمان هۆیە کە تەنانەت هەڵۆکانیش ناتوانن راوی بکەن، چونکە هەڵۆکان بەدییان ناکەن لە قووڵایی ئاسماندا لە نزیك خۆرەوە. ناوەرۆك‌و بابەتی دیدی ولیامز بۆ پەنگخواردنەوە (ئۆرفیوس) لە کارەکتەری (کسافیر)دا تەعبیری لێوەدەکات: (کەس

ناگات بە ناسینی کەس، ئێمە هەموومان حوکمی ئەوەمان بەسەردا سەپێنراوە، کە بۆ هەمیشە لە قاوغی پێستەکانماندا بمێنینەوە). (فال) سوورە لەسەر ئەوەی چاکەتێکی لە پێستی مار درووستکراو لەبەر بکات. ئەو کەسانە، وەك ولیامز وەسفی خۆی دەکاتو بە ڕوونی بە نامۆیان لەقەڵەم دەدات لەگەڵ جیهاندا. ئەو گەندەڵییەی کە دڵی خەڵکی بۆگەن کردووە، وای لە جیهانەکەی کردووە بریتیبێت لە بەندیخانەیەك بۆ لایەنگریو ڕەگەزپەرستیو دوودڵی، زیندانییەکانی جیهانی ئەو زیندانیی لایەنگیریو ڕەگەزپەرستیو شڵەژانن، زیندانییەکانی ولیامز: (فال، می، کارول، لیدی) هەموو خوازیاری هەڵاتنو خۆ بە دوورگرتنن لەو گەندەڵییەو (فال) تەعبیر لە ناخی هەموویان دەکات، ئەوکاتەی وەسفی ئەو باڵندەیە دەکات، کە ئەوان دەخوازن. هاوشێوە بکەن، ئێوە دەزانن جۆرێك باڵندە هەیە قاچی نییەو ناتوانێت لەسەر هیچ شتێك بنیشێتەوە، بەڵکو دەبێت بە بەردەوامی بە ئاسمانەوە بێت، ئەو حاڵەتەو حاڵەتەکانی دیکەی تەفرەدان ماوەی ئەوە دەدات، کە لە گەیشتنو نیشتنەوەی گەندەڵییانە بەزەوییەوە دووربکەوێتە، ئەمەش دوا هێما شیعرییە، کە ولیامز سەبارەت بەم لایەنەی ڕەشبینی تەعبیری لێکردووە.

(ئۆرفیوس)ی پاڵەوانی ولیامز دادەبەزێتە نێو دۆزەخێك لەسەر زەوی، بۆ ئەوەی کۆتاییەکی کارەساتئامێز بەخۆوە ببینێت، لەڕێی خۆی لادەداتو هەلومەرجێکی داخراو وێنا دەکات بۆ ئەو کەسە پەرۆشو ئارەزوودارانەی لە ئاکامی لادان لە یاساکانی زیندانداا

دەسووتێنرێن. (رۆبەرت برۆکشین) دەڵێت ئەم باڵندەیە هێمایە بۆ ئەو بەرائەتەی، کە هەمیشە لەهەژموونی گەندەڵکەریی زەویی ئازادو رەها دەبێت، ئەگەر بابەتی پارێزگاریو خۆپاکگرتن بە ناچاری لە ئاستی ئەزموونی خراپەکاردا بە بەرائەت وەربگیرێتو ئەگەر پاپەندکردنی بۆ جیهانی بازرگانی پێکگەیشتنێکی دیکە بێت بە ڕەگەزەکانی تاریکییەوە، ئەو کات دەبێت (فال کسافیار) بەرەو کێشەو بەزمنانەوە ئاراستەبگرێت، سەرەڕای خۆهەڵقورتان لە هێماکاریی نێوخۆی دەق، بەڵام تەرکیز زیاتر دەچێتە سەر دیمەنە ئارەزوو ورووژێنەرەکان. حاڵەتێك هەیە کە شانۆنووسی ئەم دەقە لە میانەی وەرگرتنی هەڵوێستی پێداچوونەوەوە هان دەدات بۆ وەبەرگرتنی دژایەتیکردنی دیدەکانی، هەروەك لە پەیوەندیی (تینسی ولیامز) دەردەکەوێت لەگەڵ شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا، ولیامز باس لەوە دەکات کە لەم شانۆییەدا هەوڵێکی زۆری داوەو لە میانەی حەڤدە ساڵی رابردووی دەرکەوتنی شانۆییەکەدا، کە بۆ یەکەمجار لەژێر ناوی (شەڕی فریشتەکان)دا بوو، ولیامز زیاتر لە بابەتەوە نزیککەوتەوەو دیدی ئەو هێندە کەمبووەوە، کە تەنانەت زۆر کەم بەر گوێ بکەوێت، دواتر لەوە ئاگاداربووەوە، بەتایبەتی دوای لەدەستخۆش وەرگرتن ناکامی بەدەستهێنا، کە نەهامەتیو تۆقینی ولیامز بەو ئاستەی لەشانۆییەکەدا دەردەکەوێت. هەروا بە دوو دیاردەی لەیەك جودا دەمێننەوە، کەواتە سەرەڕای خەمباریی هەریەك لە (فال و لیدی و ڤ و کارۆڵو بەدبەختییان)، ئەوان قوربانیی تایبەتو هێمادارن، ناتوانن خەباتێکی

تەواو بکەن بۆ نواندنی کۆتایی تراژیدیی ژیان، کە بەگشتی بۆ خەڵکی مانایەك دەگەیەنێت. شوێنی گەندەڵ کەسێتییەکان تێکدەشکێنێت، ئەویش لەسەر بنەمای بەڵگەی فەلسەفەی ولیامز خۆی زیاتر لەوەی لەسەر بنەمای بەڵگەی چاوکراوەیی بەرفراوانبێت.

پەیوەندیی نێوان (فال)و (لیدی) لە شانۆییەکەدا هەلی زۆر دەخاتە بەردەستی نووسەر بۆ خستنەڕووی بەڵگەکانی لەسەر تیۆرەکانی لەبارەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، تیۆرەکەی سەبارەت بە بەریەککەوتن زۆر وێنەدارە، هەروەك (فولك)ی رەخنەگر وایدەبینێت، ئەم تیۆرەش پێیوایە کە خۆشەویستیو لەیەکگەیشتن پشت بە بەریەککەوتنی جەستەیی دەبەستێتو ولیامزیش رێزو سۆز بۆ هەر کارەکتەرێك دادەنێت. کەسێتییەك کە دووچاری تەنهایی و بێزاریو وەڕسی هاتووە، ولیامز زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتووی درێژخایەنی هێناوەتە ئاراوە، کە هەر هەموویان دووچاری وەڕسبوونی زۆر هاتوون، دەشتوانین بڵێین (کسیافار) بەناوی هەموویانەوە دەدوێت، کاتێك دەڵێت: (هیچ کەس نییە رۆژێك لەڕۆژانە بگاتە ناسینی کەسی بەرامبەر، ئێمە هەموومان لەنێو پێستی خۆماندا بۆ ئەبەدی بە زیندانیی تەنهایی حوکمدراوین، مادام لەسەر ئەم زەوییە دەژین..) کاتێکیش (لیدی) تەعبیر لە باوەڕی خۆی دەکاتو پێیوایە وەڵامی بێزاریو وەڕسبوون بریتییە لە خۆشەویستیو یەکگرتن لە پەیوەندییەکی سێکسیدا، (فال)یش وەڵامی دەداتەوە، کە ئەوە (وەهمێکە)و کەسانی زۆری فریوداوە، بەڵام هەر زوو پەشیمان

دەبێتەوە، چونکە (لیدی) بڕیاری داوە شکستی پێبهێنێت ئەو کاتەی هەلومەرجی مانەوەی بۆ ئامادە دەکات.. (فال) دەڵێت: ئەو کچەی لە کەنداودا بەدیمکرد کاتێك بە ڕووتی لە کابینەکە هاتە دەرەوە هەروەك چۆن منیش لەنێو بەلەمەکەدا کەمێك وەستابووم، ئەوکات تیشکی ڕۆژیش بە تیشکێکی کاڵ وێنەی ڕەنگی ئاسمانی خەرمانەی بەدەوریدا دابوو.

دەبینیت ڕەنگی گوێچکەماسی چۆنە لەناوەوە؟ چەندە وێنەی مرواریيەکە سپییە؟ جەستەی ئەویش وەها سپیبوو. ئۆی خوایە گیان، ئەو باڵندەیەم لە یادە لەنێو قەوزەکەوە فرتەی کردو هەردوو باڵەکانی سێبەریان خستەسەری و دواتر ئاوازێکی ناسكو ڕوونی چڕی، هەروەك ئەو کیژە بۆ ئەوە چاوەڕێی ئەو ئاوازو خوێندنە بێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی دەستی من بگرێت و سەرنجم ڕابکێشێت، وەرسوڕا و زەردەخەنەیەکی هاتو دواجار گەڕایەوە نێو کابینەکەی، منیش دوایکەوتم. کاتێك گەیشتمە تەمەنی پازدە ساڵی ئەو کەنارەم بەجێهێشت و ماوەیەکی زۆریشی نەبرد ئەوە فێربووم، کە دەبوایە فێری ببوومایە. ئەوەم زانی شتێکی خراپم هەیە، کە دەفرۆشرێت لە ئاکامی ئەو گەندەڵییەدا ئەوەش وەڵامی منە.. ولیامز تا ئەوپەڕی ڕادە لەنێو ئیشەکانیدا بوونی هەیەو دەکرێت هەر لەسەرەتای ئەزموونەوە پرسیاری لێبکەین. ئاخۆ ئەمە بیرۆکەی نووسەرە لە بارەی درامای دەروونییەوە؟ چونکە لە کارەکتەرەکانیدا، لای کەمی زامی دەروونیو زایەندیی دیار هەن، بەو ئیعتیبارەی بەرهەمی سەنتەری ژیانن،

بیرۆکەیەکی ناوەکی لەخۆدەگرێت، کە زیاد لە پێویست بەرەو ناوەوە لە گەشەکردندایەو بەشێوەیەکی تاڵو ناخۆش بەلایەنی تراژیدیاکەوە. (ئەریك بنتلی) لەمبارەیەوە دەنووسێت، درامای دەروونیی نویَ، فێرگەی ولیامز لە بنەڕەتدا لە ترس لە پەیوەندییەکان بە کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت، ترس لە جیهانی بەرفراوانی ئاراستە ئاڵۆزەکان، لەخۆ خەریککردنو سەرقاڵبوون بە خودەوە. هەر لەو بارەیەوە (جۆن جاسنر) لە کتێبی (شانۆ لە دووڕیاندا)دا، سەبارەت بە شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) دەڵێت، ئەو دەقە لە ڕووی ئاشووبو ژاوەژاوەوە بە گەورەترین بەرهەمی بلیمەتیی هاوچەرخ دادەنرێت، ئەوەی کە بە وردی سەرنجی بدات دەزانێت ئەوەی کە لە زیهندا دەمێنێتەوە تەنها توندوتیژییە نەك مانا، چونکە گرێچنی شانۆییەکە لە چەند کۆمەڵە شتێکی بەسەریەکدا کەوتوو پێکهاتووەو بریتییە لە ئاوێتەو تێکەڵەیەك لە تراژیدیاو شەڕەنگێزیو کارەساتو گەندەڵی، ئەو بیرۆکانەش لەسەر چەند ئاستێك لەنێو شانۆییەکەدا دابەشدەبن، بەلاّم خەسڵەتە هێماکارییەکان باڵ بەسەر کارەکتەر و ژینگەدا دەکێشنو لە شانۆییەکەدا خورافە تێکەڵ دەبێت، ئەو دەمەی دوو ئەفسانە بە چەمکی هێماکاری سەبارەت بە ئۆرفیوس ئاوێتە دەبن، لێرەدا گرێچن بەپێی بۆچوونەکانی (جاسنر) هاوتەریبی یەك ئەفسانە گوزەر دەکات، ئەویش باسکردنە لە دابەزینی شاعیر بۆ جیهانی ژێرزەمین، جیهانی مردووان، لەکاتێکدا خورافەکەی دی لەسەر دەستی مەیپەرستان هەپروون بە هەپروون دەبێت، ئەو کەسانەی کە

ئەندێشەیەکی سەرمەستانەی ئاینی دەستیان بەسەردا دەگرێت، هەرچەندە شانۆییەکە وا راڤە کراوە، کە لە ڕۆشنایی ئەم شارۆچکەیەی باشووردا فەراهەمهێنراوەو هەڵبژاردنی پاڵەوانیش لە ژمارەیەك هێمای تێکەڵاوبوو پێکدێت، (فال)ی شاعیرو (فالێ)ی پیاو و پێشەنگ، کە ئافرەتە تینووەکان بۆ سێکس بەرەو فەنابوونی دەبەن، هەروەها (فال)ی تەنهاو خانەدان، کە سەر بە ڕۆمانسیزمی جان جاك رۆسۆیە و لەسەر شێوازی (لۆرانس) لە ڕێبازی وێنەکردنی پاڵەوانەکە نزیکدەبێتەوە.

شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) هەوڵی خستنی شتی زۆر زیاترو پێویست دەدات، ئەوەش کە شانۆییەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات، ئەوەیە کە ولیامز پێکەوە نمایشی دوو بابەتی سەرەکی دەکات، بابەتی گۆشەگیریی خەمناکی هونەرمەند لە دۆزەخی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و بابەتی لەخاچدانی نێرێکی پاکژ لەسەر خاچی ئارەزووبازی.

# بینینە ئاینییەکان

لە بەشی دووهەمدا ولیامز لە کۆگاکەی (لیدی)دا هەریەك لە (فال)و (فی ثالبوت) کۆدەکاتەوە، لەویّ لەبارەی کڵێساو ئەو تابلۆیەوە دەدوێن کە کێشاویەتی‌و وەسفی هەوڵەکانی بەجۆرێك لە چارەسەری خەیاڵی دەکات، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هۆی کێشانی ئەو تابلۆیە بیرۆکەیەك بووەو ئەگەری سەرکەوتنی لێخواستووە بۆ گێڕانەوەی (جیب)ی هاوسەری یان مێردی (لیدی) بۆ باوەڕهێنان بە کڵێسا، بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات.. کاتێکیش (فال) لە تابلۆکە ورد دەبێتەوە پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئاخۆ قوللەی کڵێساکە سوورە؟..

ولیامز لەم دیالۆکە ناسکەدا دەمانخاتە بەردەم کۆمەڵێك بیرۆکەی پڕ وردەکاری، کە هەست‌و سۆزی هەڕەمەکیی هونەری لەخۆدەگرن،

(فال)ی گیتارژەنی سەرقاڵ بە ئاوازی گۆرانیو (فی ثالیوت)ی وێنەکێش، کە شتەکان بەپێی هەستەکانی خۆی دەخاتە سەر تابلۆ، نەك بە گواستنەوەی راستەوخۆ لە سروشتەوەو جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە رواڵەتەکان فریودەرنو هیچ راستییەك بەوجۆرە نییە، کە بە چاو دەبینرێت، بەڵکو دەبێ هونەرمەند دیدی خۆی هەبێت، ئەوانەی کە (فی ثالیوت) دەناسن بەوجۆرە هەوڵەکانی دەنرخێنن. رۆژنامەکان لەبارەی تابلۆکانییەوە دەنووسنو هەندێك لە رەخنەگران ئاماژە بەوە دەدەن، کە (فی ثالیوت) ستایلێکی سەرەتایی هەیە، گەرچی یەکێك لە تابلۆکانیشی لە گەلەری هونەردا دانراوەو بەخێرایی گونجاو وێنەکانی دەکێشێت، لەوبارەیەوە خۆی دەڵێت: (من ناتوانم بەبێ رۆئیا وێنە بکێشم، بەڵکو بەبێ رۆئیا ناتوانم ژیان بەسەر بەرم).

(فی ثالیوت) هەوڵی خۆقوتارکردن دەدات، لە بارێکی گرانی دەروونیو بە وێنەکێشان تەعبیر لە ئەندێشەو موعاناتەکانی دەکات، ئەم بەشێوەیەکی خۆڕسك هونەر فێربووە. کاتێك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لەسایەی رۆئیاکانەوە وێنەکان دەکێشێت، کاتێکیش چەمکەکان بەلای (فال)ەوە نامۆ دیار دەکەون، ئەم بۆی باسدەکات: (لەدایکبووومو وا هەستم دەکرد شتێکی هاوشێوەی دەمامك لەسەرم ئالأوە، چنراوێکی ئێجگار نەرم، هاوشێوەی داوی جاڵجاڵۆکە بەسەر چاوەکانمەوە، کە پێی دەڵێن پەردە، هەندێك منداڵ هەن بەوجۆرە لەدایك دەبن، سەریان لەنێو پەردەیەکی لەوجۆرەدایەو ئەمەش

ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەم منداڵە خاوەنی دیدی تایبەتی خۆی دەبێت، منیش بەوجۆرە بووم).

ولیامز جۆرێك لە ویقاری ئاینی دەدات بە کارەکتەر یان کەسێتیی (فی ثالیوت)و وا دەردەکەوێت، کە داهێنانەکانی لە هونەردا دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی بیرۆکەکانی، کە لە جیهانە ئاینییە پەیوەستەکان بە کڵێساوە وەریگرتوون و هەوڵیش دەدات بە جوانی و لە گۆشەنیگایەکەوە تەعبیریان لێبکات، چونکە هەردەم رووداوێکی لە یادە، کە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لە ژیان.. (قەشەکە لە نیوەشەودا هات و پاش نوێژی (عیماد) جامە ئاوە پیرۆزەکەی دامیّ و وتی: ئەم ئاوە لە دەرەوەی ماڵەکە بڕژێنە، بەڵام من بەقسەیم نەکرد، چونکە ترسام لەودەمەدا بچمەدەرێ کە تارمایی مەرگ باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوە، بۆیە چوومە چێشتخانەکەو ئاوە پیرۆزەکەم رژانە نێو حەوزی سنگەکەوە، بەوەش کارەسات روویداو ئاسمان کەوتە هەورە برووسکەو هەورە گرمە، رەنگی حەوزی سنگەکە رەش داگەڕا. وێنەی تراژیدیای کارەکتەری (فی ثالیوت) لەوەدا تۆکمەتر دەبێت، ئەوکاتەی ولیامز وێنای مێردەکەی دێنێتە ئارا، وەك نەفامێکی دڕندەی بایەخدەر بە بەدواداچوونی کاروبارەکانی ئاسایش و راونانی تاوانبارو قاچاخچییەکان، ئەو هەمیشە لە دیمەنی سەردانێکی خێرادا دەگاتە ئەو شوێنە، هەروەك بەدوای تاوانبارێکدا بگەڕێت. پرسیار لە هاوسەرەکەی دەکات، هەروەك لێپرسینەوە لە دزێك بکات. (فال) بە هەڕەمەکییەکی شەفاف هەست بە شکانەوەی نێو ناخی

خانمی وێنەکێشی خاوەن روئیاکان دەکات، وێنە رەشەکان ناخی باس دەکەن، کە ئازارێکی زۆری دەدەن.. ئازارێکی بکوژانە. (تۆ لەم لایەنانەوە وەك هاوسەری کاربەدەستێکی شار ژیانت بەسەر بردووەو شتی زۆری ناهەموارت بەدیکردووە، خەڵکانێك ئەشکەنجە دەدرێن، خەڵکانێك لەسێدارەدەدرێن بەبێ دادگاییکردن، زیندانییەکان هەڵدێن و سەگەکانیش هەنجن هەنجنیان دەکەن. (فی) گوزارشت لەو دیمەنانە دەکات، کە لە بیروهۆشیدا جێگیربوون، بەڵێ سەگی پۆلیسی، کە چاودێری تاوانبارانە، جەستەی هەڵاتووەکان پارچە پارچە دەکات. لەو ساتەوەختەدا کە شکانی ترسناکی ناخی (ڤ) دەگاتە دەرەوەو دان بە ڕاستیی هەڵوێستی خۆیدا دەنێت سەبارەت بەو کارانەی هاوشێوەی ئەو رەشەبا هێمنانەیە، کە بە هێمنی دڵی خەڵکی بۆگەن دەکەن، (فال) جارێکی دی هەوڵی ئەوە دەدات رۆشنایی بخاتە سەر حاڵەتی ئەو، واتە حاڵەتی وێنەکێشەکە! (لە کورسییەکانی پێشەوە بە چاوی خۆمان رووداوەکانمان دەبینی، بەوجۆرەش بەبێ نەخشەو رێکسازی کەوتیتە وێنەکێشانی روئیاکانت، کەوتیتە وێنەکێشان هەروەك خوداوەند دەستی بەسەری پەنجەکانتەوە بێت، بۆیە بەو دوو دەستە ناسکانەت هەندێك لە جوانییەکانی ئەم وڵاتەت وێنەکێشا، کە تاریکایی باڵی بەسەردا کێشابوو.. دیمەنەکە دەگاتە شپرزەیی کاتێك (ثالیوت) دەگەڕێتەوەو دەبینێت هاوسەرەکەی لەگەڵ بیرۆکەکانی (فال)دا سەراسیمەبووە.. بۆیە سەرزەنشتی دەکات: واز لەم گاڵتەجاڕییە بهێنە، داوای لێکردووم بە وردی تەماشات بکەم، ئەوەتا منیش تۆم وەك خۆت

بینی، بەڕاستی ململانێیەکی ترسناکە لەنێوان کاربەدەستی دڵڕەقی شارو موزیکژەنێکی ئەندێشاویدا. هێڵەکان یەکتربڕن‌و خودی نووسەر ئێرەیی بە کارەکتەرە گرنگ‌و سەرەکییەکانی شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس) دەبات. ئەم چوار کارەکتەرە سەرەکییەی شانۆییەکەش زیاتر لە پرسیارێك دەوروژێنن.. هەرچەندە زیاتر لە بابەتێك هەیە، کە پێویست بە ڕاڤەکردن بکات لەبارەی ئەو پەیوەندییە نادیارو تەمومژی عاتیفانەی، کە لە ئاسمانی بیابانی وشکدا هەن. دیالۆگی (لیدی) دوای گەڕانەوەی لە دەرزیلێدانی هاوسەرەکەی جۆرێکی تر لە موعانات دەخاتەڕوو.. لیدی ڕەشبینە لە حاڵەتی هاوسەرەکەی، چونکە هاوسەرەکەی مەرگ بەئاوات دەخوازێت، (فال)یش زۆر باش دەزانێت کە (لیدی) ئەوە بەهەند وەردەگرێت، کاتێکیش هاوسەرەکەی سەبارەت بە ڕاستیی هەست و سۆزی پرسیاری لێدەکات.

ئەم روونی ناکاتەوەو جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە مەرگی هیچ کەس بە ئاوات ناخوازێت.. مردن بەلای ئەوەوە ئەستەمە، چونکە وێنەی مەرگی باوکی دەهێنێتەوە یاد، ئەودەمەی لە دارستانەکەدا سووتا. لە گەرمەی کێشە دەروونییەکەیدا (لیدی) داوا لە (فال) دەکات ئاوازێك بژەنێت، چونکە شپرزەو ناڕەحەتە، بەڵام (فال) وەڵامی دەداتەوە: (لەم ڕۆژانەی دواییدا یەك دوو جار بەدەم دڵە کوتێیەکی زۆرەوە بەئاگاهاتمەوە، بەدەم هاوارەوە بەشتێکەوە، هەموو جارێکیش ناچار دەبووم بۆ گێڕانەوەی ئارامیی دەروونم پەنا بۆ گیتارەکەم بەرم، لیدی، پێدەچێت بەهەر هۆیەکەوە بێت نەتوانم لەم شوێنە رابێم، من

لێرەدا هەست بە هیچ ئومێدێك ناکەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازم لێرە بمێنمەوە.

(ولیامز) دەخوازێت نێوان دوو حاڵەتی راوەدوونان پێکەوە ببەستێتەوە لە دەرەوە، کاتێك سەگێکی پۆلیسی زیندانییەکی هەڵهاتوو راودەنێت، لە ناوەوەش، واتە لە ناخی (فال)دا، کە دەیەوێت ئەو بیرۆکانە لە مێشکی دەربکات، کە بێهێزی کردوون، (لید)یش کە دەزانێت (فال) ئەو کەسەیە لە سۆراخیدایەو لەبەر ئەوەشە، کە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێی پرسیاری لێدەکات. کاتێك دەزانێت لە (وایلدرۆد) دادەنیشێت لەسەر شەقامی گشتی، داوای لێدەکات کە لەگەڵیدا دابنیشێت: (من نوێنێکی نەرمونۆڵم هەیە، ئاگردانێکی گەرمو حەمامێكو سەلاجەیەك). کاتێکیش دەبینێت یان دەزانێت کە (فال) لەو جۆرە کەسانە نییە پارە کۆبکاتەوە، ئەوەتا خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: (من بەدرێژایی ژیانم بیرم لەوە نەکردۆتەوە) بەڵام (لیدی) دەخوازێت بە هەرجۆرێك بێت ژوانی لەگەڵدا بکات.

هەر بۆیەشە سەرنجڕادەکێشێتو ئەوەی بۆ دەسەلمێنێت، کە کارکردنی لەگەڵ ئەودا لە حانووت وایلێدەکات بتوانێت پارە کۆبکاتەوە. بۆیە دەیباتە ژوورێکی بچکۆلەی ناوەوەی حانووتەکە، کە بە پەردەیەك لە حانووتەکە جودا بۆتەوەو بەمەبەستی پرۆڤەکردنی جلوبەرگ بەکاردەهێنرێت، کاتێکیش نیشانەی سەرسوڕمان لەسەر سیمای (فال) دەردەکەوێت، (لیدی) دەڵێت: (قەرەوێڵەیەکی بچووکی تێدایە، کە سستەرەکە لەسەری دەنووست، ئەو کاتەی (جیب) یەکەمین

کاری نۆژداریی بۆ ئەنجامدرا، من لەویٚ بانیۆ و گیزەریش دادەنێم، وایلێدەکەم تەواو بەدڵت بێت، بەڵام وا وەڵامی دەداتەوە، کە نایەوێت قەرزارباری کەس بێت، بەڵام (لیدی) زۆر بە خێرایی وەڵامی دەداتەوەو لە وەڵامەکەیدا هەندێك لە خواستەکانی دەخاتەڕوو: (تۆ قەرزارباری کەس نابێت، بەڵکو چاکەم لەگەڵدا دەکەیت، چونکە ئیتر شەوان دڵنیادەبم، بڕوا بکە بەئامادەیی تۆ شەوان دڵنیاتر دەبمو ئەوەش نابێتە ئەرك بۆ تۆ. دەتوانیت پارەی خەوتنەکەت لە (وایلدرۆد) پاشەکەوت بکەیت. ئەریٚ لەویٚ چەند دەدەیت؟ هەفتەی دە دۆلار؟

ئەم کارەکتەرانە نموونەی خواستو ئاواتە تراژیدیاییەکانی ئێمەن، ڕەنگە کۆمەڵێك خەسڵەتو دابونەریتو ئامانج تورمان بداتە دوای خۆی، ئەویش لەمیانەی تەقەلایدا لەپێناوی مۆرکو سروشتە هێماییەکان.

بڕوانە کارەکتەرە سەرەکییەکان لە (نیشتنەوەی ئورفیوس)و کردارەکانیان! (فال کسافیار)ی پاکی چاکەت لە پێستی مارو شەیدای گیتار لێدان، دەکەوێتە خۆشەویستیی ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندیی ئیتالیی خاوەن کۆگایەك، کە جەستەی باوکی لەلایەن لیژنەی ئاسایشی ئەهلیی ڕەگەزپەرستەوە سووتێنرا، هەردوو کارەکتەری ناسەرەکیش دووچاری هەمان چەوساندنەوەو دەمارگیریی کوێرانەی ناوچەی باشوور هاتوون. مەیلی ولیامزی نووسەر زیاتر بەلای حاڵەتە دەروونییە ناوازەو ئەو نموونە مرۆڤایەتییە نامۆیانەدا دەچێت، کە خۆیان ئازاری خودی خۆیان دەدەنو چێژی خۆیان لە مومارەسەکردنی

خۆشەویستی وەردەگرن، لە نزیک دەروازەکانی (سبرس هیل)دا. کارەکتەری دووهەمیش هاوسەری کاربەدەستی بەرپرسی پاراستنی ئاسایشی شارەکەیە، کە بە پاڵپشتی روئیاکانی وێنەی ئەوتۆی ئاینی دەکێشن، کە لەواقیعدا کۆمەڵێك بۆچوونن سەبارەت بەو حەزو ئارەزووو سێکسیو ئاینییانەی کۆنترۆڵی ناخیان کردووە. ئەم دوانەش باشترین دوو کارەکتەری شانۆییەکەن، خودانی نامۆییەکن کە شایستە بەوەن بەوردی چاودێریو تەماشایان بکرێت.

لە دیمەنی دووهەمی بەشی سێهەمیشدا (فال) بەتەنها خۆی بە شڵەژاوی چەشنی ئاژەڵێکی کێوی وەستاوە، هەروەك گویٚ لە شتێك بگرێت. لەهەمان ساتەوەختو لەنزیکیشەوە هاوارو ناڵەی ئافرەتێکمان بەرگویٚ دەکەوێت، کە ترسی لیٚ دەخوێنرێتەوەو هاوارەکانیش دووبارە دەبنەوە.. لەکاتێکدا (فال) سەراسیمەبووەو نازانێت چی بکات، دەنگو هاوارەکە نزیکدەبێتەوە، ئەو هاوارە (فی ثالیوت)ەو لە حاڵەتێکی زۆر ناهەمواردا وەك نابینایەك خۆی دەکات بە حانووتەکەداو چەشنی شتێکی وروژاو بە دەستێکی پەککەوتەو دەستەکەی تریشی بەسەر روخساریەوە بە تەنیشتی پەنجەرەکەوە بەرەو ناوەوەی حانووتەکە خۆی کێشدەکات.

(فال) دوای ئەوەی دەیناسێتەوە، لە سەرسامییەکەی بەئاگادێت، دەستی دەگرێتو ئەویش خۆیدەدات بەسەرشانیدا، (ڤ) هاوار دەکات (کوێربووم). ئەویش دەیباتە کورسییەکی پشت مێزی شتفرۆشتنەکە، ئەو دەگریو (فال)یش پرسیاری هۆکاری هاوارو ناڵەکەی لێدەکاتو

سەبارەت بە دەستگرتنی بە چاوییەوە پرسیاری لێدەکات. (ڤالیوت)یش وەڵامی دەداتەوە، کە ئەو خەونەی بەدرێژایی ژیانی پێوەبینیوە.. (فال) بە ساکاری پرسیاری ئەوەی لێدەکات، کە ئاخۆ خەونەکەی بەدیهاتبێت، (ڤالیوت)یش وەڵامی دەداتەوە، کە لە خەونەکەیدا حەزرەتی مەسیحی بینیوەو تیشکێك چاوی سمیوەو کوێربووە.. وەك قسەو باسی ساکارانەی منداڵێك بەردەوام دەبێتو دەڵێت: پێموابوو کە مەسیح لە ڕۆژی لەخاچدانیدا دەبینم، دوێنێ یادی ئەو رۆژە بوو، دوانیوەڕۆش خۆم کۆکردەوەو لە ماڵ دەرچووم‌و دوای ئەوەی نوێژخوێنان لە کڵێسا دەرچوون، من چوومە کڵێساوە بە مەبەستی رامان لە هەڵسانەوەی مەسیح، بە درێژایی رێگەش بەدەم رێوە بەردەوام بیرم لە نهێنییەکانی جەژنی قیامەت دەکردەوە. ئەو دەمامکانەم دەبینی کە لەسەر چاوم لادەبران، نوورێکی بریسکەدارم بینی، کە هەرگیز لە ژیانمدا نەمدیوە، ئەو نوورە چەشنی دەرزییەك چزا بەچاومدا. ئالێرەدا (فال) باوەڕ بە قسەکانی دەکاتو هەردووکیان کە زۆرو لە میانەی گفتوگۆکانیانەوە وەك منداڵێك دەردەکەون بە ئاسانیو لەڕێی گوندێکدا راستیی ژیانیان پەی پێبردبێت. دیارە (تینسی ولیامز)ی شانۆنووس تا ئەوپەڕی سنوور لەم ئیشەیدا سەرگەرمی داهێنان بووە. دەشکرێت ئەو پرسیارە بکەین، کە ئاخۆ نووسەر بە ئەزموونی خۆیەوە ناوەرۆکی بابەتە دەروونییەکانی داناوە؟ بۆ نموونە، لە کارەکتەرەکانی وەك (فال، ڤالیوت، کارول)ی شانۆیی (هبوط ئورفیوس)دا برینی دەروونیی دیارو ئاشکرا دەبینین، ئەمەش

قسەکانی (فال) دووپات دەکاتەوە، رەنگە ئەمەش ئەو لۆژیکە بێت، کە (ئەریك بنتلی) لە ڕوونکردنەوەی فۆرمی رووداوە دەروونییە دراميیەکاندا ئەو وتەیەی دانابێت، کە دەڵێت: (درامای دەروونیی نوێ، فێرگەی ولیامز لە بابەتی ترسەوە لە کۆمەڵگەو لە جیهانەوە هەڵدەقوڵێت، هەروەك بایەخدان بە خودیشەوە سەرقاڵدەبێت، لەگەڵ ئەو یەکڕاییەدا، کە هونەر بۆ خۆی وەك پێویستییەك لە کارلێکی تەواوە لەگەڵ ژیاندا هەڵدەقوڵێت، بە دوور لە پەیوەستیی بە کۆمەڵێك ئامانجی بەرتەسکەوە، بەتایبەتی ئەگەر مەبەستەکە بەدووربێت لە دانانی پلانێکی لاواز بە قبوڵکردنی فۆرمی داڕوخاوی ژیان‌و چەشتنی ئەشکەنجەو ئازار. لێرەدا بایەخدانی شیکاری دەردەکەوێت بە مرۆڤو بارودۆخە بابەتییەکانی‌و خواست‌و ئارەزووەکانی‌و ئەو گرفتە تەوەرییانەی، کە هەوڵەکانی رێکدەخەن‌و بیرۆکەکانی ئاراستە دەکەن.. بۆ نموونە (فال) باوەڕی بە ڕاستیی قسەکانی (فی ثالیوت) هەیە، کاتێکیش هەوڵدەدات فەلسەفەیەکی تراژیدیایی سیما دیاریکراو دابنێت (ئەوەی ئێمەی تێدا دەژین جیهانێکی پڕ لە ڕووناکی‌و تاریکییە، زۆرجاریش شتەکان لەوێدا تێکەڵ بەیەك دەبن، ولیامز زەنگی مەترسی لێدەدات، کاتێك پیاوێك بۆ دیمەنەکە زیاتر دەکات، پیاوێك کە لەودیوی شووشەی پەنجەرەکەوە تەماشایان دەکات. (فی ثالیوت) لە قسە بێسەروبەرەکانی بەردەوام دەبێت، کە تەنها لە عەقڵ‌و زیهنی (فال)دا جێی خۆی دەکاتەوە (هەورەگرمەم بەرگوێ کەوت‌و ئاسمان شەقی بردو لەو دەلاقەیەوە هەردوو چاوە گەورەو گەشەکانی

حەزرەتی مەسیحمان بینی لەوکاتەدا کە بەرەو ئاسمان بەرزدەبوویەوە، ئەو لەخاچنەدرابوو، بەڵکو بەرزدەبووەوە، دیارە مەبەستم لەوەیە کە سەرەتا لەخاچدرابوو، دواتر بەرزدەبووەوە. هەردوو چاوە گەشەکانی مەسیحم بینی، دواتر شتێکی گەورەم بینی، کاتێکیش دەستەکانی بەرزدەکردەوەو ئیشارەتی پێدەدا تاکو ئاستی ئەو شپرزەییە روونبکاتەوە، کە لە ئاسماندا روویداوە، هەروەك شێت بووبێت، هاوار دەکات (دەستی حەزرەتی مەسیحم لێ دیارنەبوو، من نەمدەویست، بەڵام ئالێرەدا بەر من کەوت). دەستی (فال) دەگرێتو بە تەوژم دەیخاتە سەر سنگی خۆی، کە لە هەناسەدانی نائاساییدا بەرزو نزم دەبێتەوەو هاوکاتیش (ثالیوت)ی هاوسەری دێتەژوورەوە، کە ئەو بەوپەڕی تووڕەییەوە لەودیوی پەنجەرەکەوە تەماشای دەکات. (ثالیوت) هەناسەیەکی توند هەڵدەکێشێتو بە ترسو تۆقینەوە لەتر دەداتو چۆك دادەداتو باوەش بە (فال)دا دەکات، ئەویش بەرزی دەکاتەوە، لەولاشەوە چەند پیاوێکی شار بە چاوی چاودێرییەوە دەڕواننە رووداوەکانی نێو کۆگاکە. (ثالیوت) بە توڕەیی دەستی (فال) لە هاوسەرەکەی دووردەخاتەوەو خۆی دەیگرێت بەرەو دەرگای کۆگاکە، پاڵی پێوەدەنێتو هەڕەشە لە (فال) دەکات، کە دەبێ لەجێی خۆیدا بمێنێتەوەو نەجووڵێت، چونکە دەگەڕێتەوە لایو یەکێك لە هاوڕێکانی دەکات بە پاسەوان بەسەریەوە..

(هینری بوبکین)ی رەخنەگر باس لە بیرۆکەو هێما ئاینییەکانی نێو ئەم شانۆییە دەکاتو ئاماژە بە هێما خواروخێچەکانو زۆر لەخۆکردنی

بەیەکدا ئالأو و شپرزەی شانۆییەکە دەکات، کە لە ڕۆشنایی مەسەلە مەسیحییەکانەوە وەسفیکراوە، کە ئەم شانۆییەی لەسەر دامەزراوە لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لە شانۆیی (جەنگی فریشتەکان)دا بەدیدەکرێت. ئەوەتا لە بەشی شەشەمدا ڕۆژی (هەینی)ی خەمناك دەگۆڕێت بە شەممەی پڕ لە نوور و (میرا) یان (مریم)یش دەکرێت بە (لیدی) یان (خانمی پاکیزە)، کە ولیامز بەمجۆرە گۆڕانکارییانە بەناوبانگە، کاتێك لە ئەندێشەی خۆیەوە دینداریيەکی جیهانی بە کەسێتیی دەبەخشێتو بەوەش دایکی مەسیح دەبێتە خاوەن کۆگایەکی چاوچنۆكو برسیی سێکس، هەرچی گیتارەکەی (فال)یشە کە زۆر لە عودەکەی (ئۆرفیوس) دەچێت، ئەوا مەبەستێکی شەهوانیی هەیە، چونکە دانیشتوانی توڕەو ڕقاوی شاری دۆڕاو لەڕووی حاڵەتی سێکسییەوە بە کێردی نووك سەرەو خوارەوە لە (فال) دەچنە پێشەوە، هەروەك بخوازن بیخەسێنن. هەروەك (جیب) کە تەواو بە شازادەی تاریکی وەسفکراوەو عاشقان لەناودەبات، کە ئەوەش جۆرێکە لە بوژاندنەوەی هێمایی‌و لە چەپکە تیشکەکانی سەر دیمەنەکەوە دەردەکەوێت. کۆتایی شانۆییەکەش دوو بابەت لە بابەتە مەئلوفەکانی ولیامز کۆدەکاتەوە، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان شەهوانییەتو ئاین، هەروەك باسکردنی چاکەتی لە پێستی مار دروستکراو، کە لەبەری (فال)دایە پەیوەستکراوە بە سروودێکی ئاینییەوە، بەمجۆرەش ولیامز لە بەشی سێهەمدا وێنای پەرەسەندنێکی گەورەی چەمکە ئاینییەکان دەکێشێت، کە وەك خولیایەکی باشووری دەردەکەوێت هیچ

ماناو وێنەیەکی پێوە پەیوەست نەبێت. ولیامز ئاین بەمەبەستی گەیاندنی کردەی درامی بۆ بەرەوپێشبردنی رووداوی شانۆیی تەوزیف دەکات بۆ بەرجەستەکردنی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان، ولیامز لە هاتنەژوورەی (ثالیوت) (بەرپرسی) شارەکە زریانێك دەخولقێنێت، ولیامز لێرەدا ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ، کە (فال) کەوتۆتە نێو داوێکی پڕ مەترسییەوە، لەوکاتە کە رووبەڕووی ترسناکترین کەسی شارەکە بۆتەوە، کەسەکە (ثالیوت)ی بەرپرسی شارەو مەسەلەکەش پەیوەستە بە ئابڕوویەوە، کە هاوسەرەکەیەتی، چونکە دەنگۆی ئەوە لە شاردا هەیە، کە (فال) عەشقبازی لەگەڵ خێزانی (ثالیوت)ی بەرپرسی شاردا دەکات. هەمان گەمەی بەرپرس لەگەڵ (فال)دا دەستپێدەکات، کە هەمیشە (ثالیوت) لەگەڵ داواکراوان یان لەگەڵ سەرپێچیکارانی یاسادا ئەنجامیدەدات. ئیدی (فال) وەك مشکێکی لێدێت، کە لە شوێنێکی تەسكو داخراودا لەلایەن کۆمەڵێك پشیلەی هارەوە دەورەدرابێتو بواری خۆدەربازکردنیش نەمابێت. بەڵام لەبەر ئەوەی (ثالیوت)ی بەرپرس دەزانێت (فال) هێشتا هەڵەیەکی ئاشکرای نەکردووە، بۆیە بڕیار دەدات بۆ دواجار ئاگادارکردنەوەی بداتێ، ئەوەتا بە زمانێکی تێکەڵ لە شیرینیو تاڵی پێی دەڵێت: (ئەگەر شانازی بەم ئامێرەوە دەکەیت، کە بەدەستتەوەیە، ئەوا مەسەلەکەمان ئاسانتر دەبێت، بەوەی کە بەر لە هەڵهاتنی خۆری سبەینێ ئەم شارە بەجێبهێڵیت.

لە دوا دیمەنی شانۆیی (نیشتنەوەی ئورفیوس)دا، ولیامز بەو وێنە هێماییانە ئامادەسازییەك بۆ قۆناغی کۆتایی زریانە بەهێزەکە دەکات،

(ڕەشەبا بەدەم ڕامالّینی گەواڵە هەورەکانی سەر ڕوخساری مانگەوە دەزریکێنیٚ، بۆیە دەمێك تریفەکانی دەدرەوشێنەوەو دەمێکیش کالّدەبنەوەو جار ناجارەش بەسەر دیمەنێکدا ڕووناکی دەدات، کە زیاتر لە زەویی ژنە ئەفسوونبازەکان دەچێت.. سەگە پۆلیسییەکانیش لە وەڕین ناکەون. گلۆپی دەرەوەی دەرگاکەش جار نا جارە تیشك دەخاتە سەر یەکێك، کە بە خێراییەکی نامۆوە گوزەر دەکاتو بە چرپە دەدوێتو دەستەکانی بەرزدەکاتەوە، هەروەك تارماییەك بێت لە تارماییەکانی جیهانی ژێرزەمین. ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە (جیب) لە حاڵەتی (نەزیف)دایەو (لید)یش لە ئارایشتگەدایەو بۆ ئەو ئاهەنگی کردنەوەیە خۆئامادە دەکات، کە ساڵانێکی زۆرە خەونی پێوەدەبینێت. تەنانەت سستەرەکە زۆر سەری لە ڕەفتاری سوڕدەمێنێت، چونکە لەوکاتەدا هاوسەرەکەی لە سەرەمەرگدایە. (ئێستا تێگەیشتم بیر لە چی دەکاتەوە، ئەوەتا لێرەدا مانگێکی دروستکراو و ئەستێرەی لە کاغەز دروستکراوی داناوە، وێڕای دارمێوی دروستکراو، ئەم ناوەی تا ڕادەیەك وەك کێڵگەو بێستانەکەی باوکی لێکردووە لەسەر دەریاکە. بۆ جاری دووهەم ولیامز ئەوەمان وەیاد دەهێنێتەوە، یاخود دیمەنی سەرەتای شانۆییەکەمان بەبیر دەهێنێتەوە، واتە دیمەنی سووتانی دارستانەکەو سووتانی باوکی (لیدی))، کاتێکیش (کارول) داوا لە (فال) دەکات لە دەرچوونیدا لە شار بەپێی دوا ئاگاداری (ئالیوت) ئۆتۆمبیلەکەی لێبخوڕێت، (لیدی) کە لەوپەڕی جوانییدایە بەڕوویدا هەڵدەشاخێتو پێیڕادەگەیەنێت، کە (فال) لەگەڵ ئەودا ناڕوات، چونکە

(ثالیوت) ئەوەی پێڕاگەیاندووم، ڕووداوەکان بەرەو توندوتیژی دەچنو لەوەدایە تارمایی تەقینەوە بە خێرایی نزیکبێتەوە.

ژیانی هونەریی ولیامز تاکو ئەم مێژووە ژیانی پیاوێکە خەمی تەنها ئەوەیە شتێکی گەورە بڵێتو دووبارەی بکاتەوەو بەوپەڕی هێزو تواناوە لەڕێی هۆکارەکانی سەر شانۆوە دووپاتی بکاتەوە، ژیان هەر ئەوە نییە کە لەبەرچاوە، بەڵام دەبێت بەرامبەری لەگەڵدا بکرێت. ولیامز هاوڕای ئەپسن وا یدەبینین، کە کۆمەڵگەی (خاوەن خواستو خولیا) دەتوانێت وێنە ڕۆمانسیەکانی لای تاك تێکبشکێنێت. لەگەڵ (سترنبێرگ)یشدا دەبینێت، کە خەڵکی ئازاری یەکتری دەدەنو کەوتوونەتە پاڵەپەستۆ بۆ خۆ بەدوورگرتن لە نەرمونیانیو جیاوازیو پێکەوەژیان، وەك بارستاییەکی لەخۆدا بەیەکداچوو.

***نموونەیەك لە شانۆییەكانی تینسی ولیامز:***

# شانۆیی

# "ناتوانم پێشبینیی سبەینێ بكەم"

لەم شانۆگەریەدا دوو كارەكتەر دەردەكەون، ئەوانیش (كارەكتەری یەكەم و كارەكتەری دووەم)ن، ئەم دووانە ژن و پیاوكن، هەردووكیان لە ناوەڕاستی تەمەندان، هاوڕێی گیانی بە گیانیی یەكترن، هیچ بەربەستێك لە نێوانیاندا بەدی ناكرێت، تەنها هەندێ كەرەستەی وەك ( كورسی و چرایەكی سەرمێز و مێزێكی یاریكردنی كاغەز) نەبێت، لەلای چەپی شانۆكە چوارچێوەی دەرگایەك دیارە.



**دیمەنێك لە شانۆییەکە**

**تەنها ڕووناکییەك کە لە شانۆییەکەدا هەبێت، تاریکاییەکی ئێوارانەیە، کە ڕەنگێکی شینی کاڵ لەگەڵ ڕووناکیی کارەبایەکی کەم بکەوێتە سەر هەردوو کارەکتەرەکان، پێویستە کورسییەکان بە قوماشێکی ئاوریشم نەخشێنراو بەڕەنگێکی گوڵی یان سەوز داپۆشرابێت و لە تەنیشت کورسیی دووەمەوە ئینجانەیەك دابنرێت، نەمامێکی دارخورما یان (سرخس)ی تێدا ڕوێنرابێت.**

ژنەکە لە بەشی پێشەوەی شانۆ لە تەنیشت چوارچێوەی دەرگاکەوە وەستاوە و دەستەکانی درێژکردووە و باوەشیکردۆتەوە. ڕۆبێکی ئاوریشمی سپی لەبەردایەو پارچەیەکی تری ڕەنگ شەرابی بەسەردادراوە. پیاوەکە لە پشت دەرگاکەوە دەردەکەوێت، ژنەکە دەگەڕێتەوە دواوە، ڕووی خۆی دادەپۆشێت، پیاوەکە دەستی بەرزدەکاتەوە، وەك ئەوەی لە دەرگاکەبدات، وا نیشانئەدات، کە ئەیەوێت دەرگاکە بکاتەوە:-

ژنەکە: ئۆی... ئەوە تۆی؟

پیاوەکە: بەڵێ منم

ژنەکە: وام هەستدەکرد (بێ دەنگییەکی نامۆ باڵ بەسەر دیمەنەکەدا دەکێشێ و هەردوو کارەکتەرەکە لە جوڵە دەکەون) دەبینم چاکەتە سپیەکەت لەبەرکردووە (بە شڵەژاوەییەوە پیاوەکە پێدەکەنێت) بەو شێوەیە ڕامەوەستە هەر دەڵێی پیاوە پۆستەچییەکەیت و هیچی بەدەستەوە نییە دابەشیکات.

پیاوەکە: بۆ دەڵێی، وەرە ژوورەوە.

ژنەکە: وەرە ژوورەوە دەی.

پیاوەکە (دێتە ژوورەوە) سوپاس (کەمێك بێدەنگی تر) کاتێك لە عەرەبانەکە دابەزیم تۆم لە پەنجەرەکەوە بینی، ئینجا پەردەکانت دادایەوە.

ژنەکە: لەو کارەمدا چ هەڵەیەك هەبوو؟

پیاوەکە: ئەوە وایکرد لە دەرگاکە بدەم، بەردەوام لێی بدەم پێش ئەوەی دەرگاکە بکەیتەوە.

ژنەکە: بەڵێ خەریکبوو دەرگاکە بشکێنی.

پیاوەکە: پرسیاریکرد ئەگەر ئەمجارە ئەوە ببوایە؟

ژنەکە: ئەگەر ئارەزووت لێی نییە، کە ئەو... کە ئەو شتە...

ژنەکە: ئارەزووم لەچی نەبێت؟

پیاوەکە: لەبینینم، ئەو ئێوارەیە

ژنەکە: هەمو ئێوارەیەك تۆدەبینم، ناتوانم پێشبینی بکەم، هیچ ئێوارەیەك بەبێ تۆ، بەبێ یاریی وەرەقە و سەیرکردنی هەواڵەکانی تەلەفزیۆن کات بەسەربەرم.

پیاوەکە: بەڵام.

ژنەکە: هیچ گۆڕانی بەرەو چاکتربوونی بەسەردانەهات.

پیاوەکە: چی؟

ژنەکە: پێموتی هیچ گۆڕانی چاکبوونی بەسەردانەهات، بۆ وانەبوو؟

پیاوەکە: چی؟

ژنەکە: پێمگوتی هیچ گۆڕانی بەرەو چاکبوونەوەی ڕووی نەدا، گیروگرفتەکە لە قسەکردندایە.

پیاوەکە: لە داهاتوودا باشدەبێ... ئەوە شتێکی کاتییە.

ژنەکە: دڵنیایت؟ ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە هەر کاتییە؟ چۆن لە خوێندنگە ئامادەییەکان بەرامبەر بە خوێندکارەکانت قسەدەکەی یان

هیچیان پیێ نالێیت بێجگە لەو شتانەی لەسەر تەختەکە بۆیان دەنووسی؟.

پیاوەکە: نەخێر... من

ژنەکە: تۆ ...چی؟

پیاوەکە: لە فکری ئەوەدام هەواڵت بدەمێ، کە ئێستا پێنج ڕۆژ تێپەڕیوە بەسەر ئەو ڕۆژەدا، کە لەگەڵ قوتابییەکان بەیەکگەیشتین.

ژنەکە: ئەوە کارێکی چاوەڕوانکراو نییە؟ بیرم لەوەدەکردەوە کە تۆ ڕاوەستاوی.. لە دوای ئەوە چیتر؟ شتێك ببێت یان نەبێت؟

پیاوەکە: بەردەوان لەوێ.

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: لەبەر ئەوەی شتێك ڕوودەدات.

ژنەکە: بێگومان لەبەر ئەوەی ئەژین.

پیاوەکە: ئەمڕۆ... ئەمڕۆ چووم

ژنەکە: بۆ عیادە؟

پیاوەکە: بەڵێ... لەوێ

ژنەکە: چیت پێوتن، هەواڵی چییان پێدایت؟

پیاوەکە: لەگەڵ سکرتێرەکە قسەمکرد، ئەویش کۆبونێکی دامێ، پڕبوو لە پرسیار، ئەبوایە وەڵامیان بدەمەوە، ئەبوو پێیانڕاگەیەنم چارەسەی دەروونیم وەرگرتووە، یان چوومەتە نەخۆشخانە، منیش بە (نەخێر) وەڵامی ئەو دوو پرسیارەم دایەوە، لەو کاتەدا سکرتێرەکە کۆبونەکەی لێوەرگرتمەوە و پێیڕاگەیاندم، کە ئێستا شوێنێکیان نییە

بۆ چارەسەرکردنم، بەڵام پێشیڕاگەیاندم، ئەگەر یەکێك لە پزیشکەکان بمخاتە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە ئەوە دەبێت.

ژنەکە: ئەی ئاگادارتکردەوە، کە تۆ مامۆستایت و بژێویت لە قوتابخانەی ناوەندیدایە و وانەی زمانی ئینگلیزی دەڵێیتەوە و تەندروستیشت زۆر خراپە، چونکە ناتوانیت لەگەڵ قوتابییەکانتا قسەبکەیت؟.

پیاوەکە: ئەو هەر سکرتێر بوو، بەڵام لەسەر کۆبونەکە نووسیم، کە تەندروستیم باش نییەو یەك کەس هەیە کە من دەتوانم کەم کەم لەگەڵی بدوێم.

ژنەکە: لەو تاریکییەدا دەتوانین ئەوە بێنیتە بەرچاوی خۆت، یەکێك لە قوتابییەکانت کە ئەو چاکەتە سپیەت لەبەرکردووە (بە بێدەنگی ژنەکە لێی دووردەکەوێتەوە).

پیاوەکە: لە کاتی هاتنم بۆ ئێرە، بەلای باخچەی ماڵێکی تاریکدا هاتم، کە پڕبوو لە ئامێری سلینگی سپی، لەو باوەڕەدام کە نزیکەی بیست ئامێری لەو جۆرە لە باخچەکەیان دانرابوو.

ژنەکە: ئاه... بەو شێوەیە؟

پیاوەکە: بۆ یەکەمجار وام هەستدەکرد چەند شتێك دەبینم.

ژنەکە: بەڵێ چەند شتێکت بینی، کە ئامێری سلینگی سپیبوون.

پیاوەکە: وام هەستدەکرد کە کۆچەرییەکانن و بەرەو باشووری دوور کۆچدەکەن..

ژنەکە: بەڵێ لە باخچەی ماڵە تاریکەکەدا وەستابوون، بۆ ئەوەی سەرۆکێکی نوێ بۆخویان هەڵبژێرن، چونکە سەرۆکەکەی رابردوویان بە ڕێگەیەکی چەوتا بردبوونی، ها.... بۆیە لە باخچەی ئەو ماڵە تاریکەدا وەستاون، تا پلانە هەڵەکەیان ڕاستکەنەوە یان بۆ ئەوەیە هەست بە ساردیی ئەو گیایەبکەن، کە ئێواران لە ژێر پێیاندایە، بەرلەوەی لە سەفەرەکەیاندا بەردەوامبن.

پیاوەکە: ئەوان لێرە نزیکن دەتانەوێت بیانبینن؟

ژنەکە: نەخێر باسکردنەکەی تۆ بەسە، بەڵام تۆ دەتەوێت بگەڕێیتەوەو سەیرێکی تریان بکەیت، بۆت هەیە بڕۆیت لەو باوەڕەدام ئەوان پێیان باش دەبێت، لە کاتێکدا بەو چاکەتە قەشەنگە سپییەوە دەتبینن.

پیاوەکە: تۆ بڵێی ئەمڕۆ کارگوزارەکە نەیەت؟

ژنەکە: هات، بەڵام نەیتوانی بێتە ژوورەوە، چونکە دەرگاکە داخرابوو.

پیاوەکە: بۆچی؟

ژنەکە: پێم خۆشنەبوو لە ماڵەوە گوێ بۆ قسە قۆڕەکانی بگرم، لە دەرگای داو بانگی کردم... ئینجا ڕۆیشت.

پیاوەکە: هەمووشت وەك دوێنێ ئێوارەیە، وەرەقەی یارییەکان هەر لەسەر مێزەکەیە، تۆ هەر وەك خۆتی و قوماشە شەرابییەکەشت بەسەرەوەیە.

ژنەکە: لە دوێنێ شەوەوە من لێرەم و نەچوومەتە قاتی سەرەوە، لەو کاتەوەی لە شەرابخواردنەوە بوومەتەوە لەسەر سیسەمەکە خەوتم... ئاه ئەم شەو هیچ خواردنێکم لانییە، کاتێك چوومە چێشتخانەکە و دەرگای سەلاجەکەم کردەوە بۆنی هەموو ئەو شتە خۆشانەی، کە لە سەلاجەکەی بوو هات بەسەرمدا، خەریکبوو دڵم بێت بەیەکدا، ئێستا تۆ بچۆ ژوورەوە، هەرچییەکت پێخۆشە بۆخۆتی دروست بکە.

پیاوەکە: خواردنێك بۆ هەردوولامان دروست دەکەم.

ژنەکە: ناهەر بۆ خۆتی دروست بکە، گوێت لێمە؟ خواردنەکەش هەرلەوێ بیخۆ (پیاوەکە دەچێتە دەرەوەی ڕووناکییەکە) ژنەکە دەگەڕێتەوە، نزیك پەنجەرەکە و دەستەکانی بە کراوەیی وەك ئەوەی پەردەکە لابەرێت دەردەکەوێت) وڵاتی ئەژدیها و دێوو درنج، وڵاتی ئازار ئەو وڵاتەیە کە کەسی تێدا دانەنیشێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە دانیشتوانەوە جەنجاڵە، هەموو کەسێك لە ناو ئەو وڵاتە بەرفراوانەن وشك هەڵاتووە، بۆ ڕۆیشتن شوێنێکی تایبەتیان هەیە، ئەگەر دانیشتوان یان بەدیهێنەری وڵاتی ئەژدیها، سەیری چواردەوریان بکەن، هەر چەند بەدیهێنەرێك دەبیننەوە.

ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە وڵاتێکە چەندین ئازاری تێدایەو لە توانای ئێمەدا نییە، هەموو کەس مەشغوڵە و خۆی کەڕکردووە، چاوی کوێرە لە ئاست گەشتە تایبەتییەکانی ناو وڵاتەکەی، ئەو دەبینێ، دەگەڕێ، بێجگە لە خۆی کەسی تر لە ناو وڵاتەکەی هاتوچۆناکات، ئەو لەسەر چیاکەیە و لە شوێنێکی باڵایەو باڵای چیاکەش زۆر تیژە،

هەر ئەو بەرزاییانە ڕێنمایی دەکات بۆ ئەوەی بە چەندین بەرزایی بگەن، کە لەوێوە چەند وڵاتێکی تر دەبینرێ، سنورەکانی تریش دێنە پێشەوە، وڵاتێکی ترس زۆربەرز، لەوێ بەردی تیژ دەردەکەوێت، ئازارەکانی وڵاتی ئەژدیها، لەسەرسنوری وڵاتان پاسەوانەکان وەستاون هێرشدەکەنە سەرت و پێڵاوەکانی پێت دادەکەنن، تۆش بەپێی پەتی سەردەکەویت، دەکەویت و حکومەتی ئەو وڵاتانە، ئەمرت بەسەردا دەکەن، ناچارتدەکەن دەست بە ڕۆیشتن بکەیت، من ناچمە ئەو وڵاتانەی کە هەلێکیان بۆ هەڵبژاردن نەهێشتووەتەوە، لەسەر ئەوە لێوارە قیژە دەوەستم و ناڕۆم، جارێکیان لەسەر پیرەژنێکی (ئەسکیمۆ) شتێکم خوێندەوە، کە زانیویەتی لە مردن نزیك بۆتەوە، داوایکردووە هەڵیگرن و بیبەنە دەرەوەیماڵەکەی، لەوێ لەسەر بەفرێك دایبنێت، کە بەسەر ئاوی دەریایەکەوە بوو، بە تەنها جێی بهێڵن، بۆ ئەوەی شەپۆلەکان پاڵی پێوەنێن و دووری بخەنەوە لە... هەموو... (پیاوەکە دەگەڕێتەوە زەرفێکی بەدەستەوەیە، سەندەویچی تێدایە، بگەڕێرەوە، بگەڕێرەوە، بەخۆت و زەرفەکەتەوە بگەڕێرەوە، دەرتدەکەم.

پیاوەکە: ئایا تۆ؟

ژنەکە: ئەوە ئاگادارمکردیتەوە.

پیاوەکە: ئەگەر تۆ نەخۆی، منیش ناخۆم، ئەی ئەمشەو تۆ برسیت نییە؟

ژنەکە: من ناتوانم بخۆم.

پیاوەکە: چی؟

ژنەکە: یاریی وەرەقە، ناتوانم، بەداخەوە من ناتوانم.

پیاوەکە: لەو باوەڕەدام کە تۆ...

ژنەکە: من؟

پیاوەکە: دەتەوێ بڕۆم؟

ژنەکە: بۆ کوێ، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

پیاوەکە: دەمەوێت بەرەو ژوورەکەم بچم.

ژنەکە: بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دەڕۆیت؟.

پیاوەکە: دەتوانم بەرەو ژوورەکەم بچم.

ژنەکە: پێمنەوتی ئەوێ هۆڵێکە و تەلەفزیۆنی تێدانییە، چونکە هۆڵێکی بچوکە، هەر کە گەیشتیتە ئەوێ هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەیت. پیاوەکە (غەمبارییەکەوە) ئەی لە هۆڵی مۆتێلەکە تەلەفزیۆنی لێیە؟

ژنەکە: ئەی تۆ نەتوت من ناتوانم لەو هۆڵەدا بژیم، چونکە پیرەژنی زۆری لێیەو لە دەوری تەلەفزیۆنەکە کۆبوونەتەوە، وەك ئەوەی ئۆکسجین لە تەلەفزیۆنەکە وەرگرن، هەر بەلای هۆڵەکەدا تێپەڕین کەشوهەواکە لێتدەدا، کە هاتی بۆ ئێرە، هەواکە لەگەڵ خۆت دێنی، تۆ کە بەرەو ئێرە هاتی وەك سەگێکی نەخۆشت لێدێ.

ئەو لە چاوەکانتایە، لەدەنگتدایە، لە ڕەفتارەکانتایە، کاتێك لە دەرگاکەتدا و لێمکردیتەوە ڕەنگت زەردهەڵگەڕابوو، دەترسای دەرگاکە بەڕوتدا دابخەمەوە ئەی کە هەژارین خۆشەویستە بچکۆلەکەم (لەناکاو

گرژدەبێتەوەو هەناسەی توند ئەبێت) ئیتر ناتوانم واتلێبکەم کە خۆت لە لاوازی قوتارکەیت، بۆ واخۆت نیشان نادەیت، کە پیاوێك لە ناوەڕاستی تەمەندایەو منالەکەی لێونبووە؟ هەر ئەوەش وام لێدەکات کە بە ڕاستگۆییەوە لەگەڵت بدوێم، لە هەموو ئێوارەیەکدا دەموچاوت شێوەی پیاوێکی ترساوی گوناهبار دەنوێنێ، من بەردەوام دەڵێم (ئای ئەوە تۆی؟ تۆش هەمیشە دەڵیی (بەڵێ ئەوە منم، لەو کاتەدا پێکەنینێکی دروسکراوانە لە ناو ئازاردا دروستدەکەیت، چاوەکانت دەتروکێنێ و دەستەکانت دەخەیتە گیرفانت، تۆ لە قوتابخانە خوێندوتە، بەڵام قوتابخانەت هەرگیز بەجێنەهێشتووە، تۆ تا ئێستاش لە قوتابییەکانی سەرەتای خوێندنی ئامادەییدای، تۆ تائێستا لە باخچەی ساوایانیت، ئای ئەوە تۆیت؟ بەڵێ منم، ئای خوای گەورە ڕێگەیەکی تر نازانین تا بەیەکتر شادبین ئەگەر تۆ بە تەنها بێیت و دانیشیت، بۆ ئەوەی شت بخوێت و وەرەقەی یارییەکە دابەشکەیت یان بۆ ئەوەی تەلەفزیۆنەکە داگیرسێنی، ئەوە لە هەموو شتێ باشترە بۆ تۆ، پێویستە لە سەرمان لە بۆنەو یادەکان دوورکەوینەوە، ئای ئەوە تۆی؟... بەڵێ منم، یان زۆرجار شتی تر نییە شایەنی گوتن بێت، خۆم بە جۆرێك لە مەنەلۆگ خەریکدەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا تۆ هەندێ لەمپەرم بۆ دروستدەکەیت، وەك (دایك) (دایك، ئەوان) ئێستا چەند هەواڵێکت پێڕادەگەیەنم، کە پێشتریش پێموتبوویت، کە دووبارەشی دەکەمەوە شەرمەزارنابم، بەڵام پێویستە دووبارەیان بکەمەوە گەر وانەبێت پێویستە لە بێدەنگیدا دانیشین، بەڵێ لە هاویندا دەڵێی:-

(لێرە کەشوهەوا ئاساییە و زۆریش دڵگیرە) و لە زستانیشدا (کەشوهەوا گەرم دڵگیرە) ئای، ئەی خوایە ئەی خوایە.

پیاوەکە: بەلای منەوە کارەکە هێندە ئاسان نییە کە...

ژنەکە: کە قسەبکەیت؟

پیاوەکە: ئەوەی من بیریلێدەکەمەوە کارەکە بەلای منەوە قورسە.

ژنەکە: ئەگەر قسەبکەیت؟

پیاوەکە: ئەوەی بیری لێدەکەمەوە بیخەمە ناو وشەکانەوە.

ژنەکە: هەتا ڕوانین لە چاوانی کەسانی تریش؟

پیاوەکە: بەڵێ هەتا ڕوانین لە چاوانی کەسانی تریش، هەروەها ئەوەش.

ژنەکە: تۆ هەمیشە؟ بە لێکدانەوەیەکی تاوانبارانەوە چاوپۆشی دەکەیت، چی وای لێکردیت هەستی بە تاوانباری بکەیت؟

پیاوەکە: من

ژنەکە: تۆ؟

پیاوەکە: نازانم بە تەواوەتی.

ژنەکە: ئەو کاغەز و قەڵەمە بگرە، ئەوەی بۆ یەکەمجار بە ئەندێشەتدا دێت کاغەزەکەم بینووسە، خێراکە ڕامەوەستە بۆ بیرکردنەوە (شتێ ئەنوسێ لەسەر کاغەزەکە) زۆر باشە دەی ئەوەی نووسیوتە با بیبینم، خۆشم دەوێی بەڵام دەترسم، لەچی دەترسی؟

بەخێرایی بینووسە (جارێکی تر شتێکی دی لەسەر کاغەزەکە دەنووسیٚ، کاغەزەکەی لێوەردەگرێت).

گۆڕانەکان ئەو گۆڕانانەی لە دەروونی خۆشدان یان گۆڕانن لە ناوناخی مندا، یان گۆڕان لەو بارودۆخە ناخۆشەی کاردەکاتە سەر ژیانمان، پەلە بکە لە نووسینی ئەو شتە، بیرمەکەرەوە، بەڵی زۆر باشە من هەر لە سەرەتاوە ئەو شتە لە بارەی تۆوە دەزانم، ئێستا هەموو شتێك ئەنجامئەدەم، ئەوە بە زیهنمدا هات... قەڵەمەکە بێنە. (بە خێرایی شتێك دەنوسیٚ و بۆی هەڵئەدات) بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە.

پیاوەکە: ( بەدەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە) گەر زەمەن نەبوایە، لەو کاتەدا دەمانتوانی باوەڕ بەو شتە بهێنین کە ناگۆڕێت، زەمەن هەمومان فڕیٚ دەداتە دەرەوەی ڕێگەکە، ئەگەر بەرەنگاری بینەوە یان بەرەنگاری نەبینەوە.

ژنەکە: زۆرباشە، تۆ هیچ ناڵێی، قەڵەم و کاغەز ئامادەبکە و بنوسە، هەر شتێك، هەرشتێك، خێراکە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ (هەمان کردار دووبارە دەبێتەوە) (خۆشم دەوێی بەڵام دەترسم) ئەمە ئەو شتەبوو، کە دەستت پێکردبوو.

پیاوەکە: پێمگوتی، مەوەستە، هەتا بیردەکەیتەوە (خۆی واڕێکخست تا لەسەر مێزەکە بکەوێتە بەرامبەری دەستی دەگریٚ توند دەیخاتە سەردەمی، بە دەوری مێزەکەدا دێت تا هەلێك بڕەخسێنێت ماچێکی بکات، ئەو سەری دەگرێت و لە خۆی دووردەخاتەوە).

ژنەکە:- بچۆرەوە ئەو شوێنەی لێی بویت و دانیشە، تازە ڕێگەی گەڕانەوەت نییە (دەستی دەخاتە سەر دەموچاوی) (سەر دەلەقێنێ زۆر خۆت ئازارمەدە، ئایا لە چێشتخانەکەدا نانەکەت خوارد؟ نەتخوارد؟ زۆر باشە لە کاتی چونت بۆ مردن لە نزیك چێشتخانەیەك بوەستەوە، هەمبەرگرێك و هەندێ شتی تر وەربگرە، پێدەچێت ئەو گۆڕانە لە هیچ باشتربێت، خەڵکی دوای ماوەیەك پێویستیان بە هەندێك گۆڕان دەبێت، پێویستە لەسەریان کار بۆ ئەو گۆڕانانە بکەن یان قبوڵی بکەن و پێی ڕازی بن. من ئەوە دەزانم ئەو کەسانەی سڵ لە گۆڕان دەکەنەوە هەمیشە پەنا بۆ ڕۆتینات دەبەن، پێمواییە ئەوان وا دەزانن بەو کارە پارێزراودەبن، بەڵام دووبارەکردنەوەی نابێتە هۆی دڵنیایی، بەڵکو تەنها هەستێکی کاتی دەبەخشێت بۆیە ناتوانین پشتی پێ ببەستین، دەتوانی هەموو ڕۆژێ بە شەقامێکدا هاتوچۆبکەیت و هەست بە دڵنیایی بکەیت، بەڵام وا ڕێکدەکەوێ ئەو شەقامە ڕۆژێك لە ژێر پێتا بڕوخێ، ئاسمان ڕەش بێت.

پیاوەکە: پێویستە لە سەرمان کە.

ژنەکە: پێویستە لەسەرمان کەچی؟

پیاوەکە: کە هەوڵنەدەین

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: بیرکردنەوە لەو شتە، ئەو نا..

ژنەکە: ئەو نا.

پیاوەکە: سوودی هەبێ کە

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: کە هەست بکەین

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە:–هەستکردن ناتوانێت کە....

ژنەکە:–چی

پیاوەکە: باوەڕپێکردنی

ژنەکە: ئەوا تەواوتکرد، هەرچەندە بۆ تۆ کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام تەواوتکرد، ئێستا تکات لێدەکەم پەرداخێك ئاوم بدەیتێ، با لەگەڵ ئەو دەرمانانە بیخۆمەوە.

پیاوەکە: دەرمانکەت بۆ بخەمە ناو ئاوەکە

ژنەکە: بەڵێ... سوپاس

پیاوەکە: لەسەر شوشەی دەرمانەکە نوسراوە، هەر جارەی چوار دڵۆپ.

ژنەکە: ئەمشەو دەبێت زیاتر بخۆمەوە

پیاوەکە: ئایا تۆ..

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: تۆ دڵنیای؟

ژنەکە: پەرداخ و شووشەکە بدەرە دەست خۆم، خۆم ئەیکەم.

(پیاوەکە دڵۆپەکان بەدەنگی بەرز دەژمێرێت، ژنەکەش بەردەوام دەبێت لە دڵۆپاندنی دەرمانەکە) زۆر باشە ئێستا بگەڕێوە و دانیشە. (دەگەڕێتەوە لای مێزی یاریکردنەکە).

ئێستا چیرۆکێکت بۆ دەگێڕمەوە (لە کاتی قسەکردنەکەدا پەرداخە ئاوەکە دەخواتەوە) چیرۆکەکە لە بارەی پیاوێکی بچکۆلەیە باشە؟ دادەنیشێت یان نا.. ئەو کورسییەی لەتەنیشت مێزەکە دانرابوو هەڵیدەگرێت، پیاوێکی بچکۆلە دێتە سەردانی ماڵی مردنەوە، ئەو پاسەوانەی بەرگی تایبەتی لە بەردابوو لێی پرسی: چیت دەوێ، ئەو وتی: مردنم دەوێ، پاسەوانەکە پێیوت "ئەوە بەنیسبەت پیاوێکی بچکۆلەی وەك تۆ داواکاریەکی مەزنە، پیاوە بچووکەکە وتی ئەزانم ئەوە داواکاریەکی گەورەیە، بەڵام دەمەوێ پاسەوانەکە، لە بارەی بڕوانامەکانی پرسیاری لێکرد، ئەو وتی: تاکە بڕوانامەکە پێی بێت بڕوانامەی لە دایکبوونییەتی، پاسەوانەکە تەماشای بڕوانامەکەیکرد و پێیوت: تۆ زۆر زوو هاتی بگەڕێوە بۆ خوار شاخەکە و تا بیست ساڵی تر مەیەوە سەرەوە، پیاوە بچوکەکە دایە پرمە گریان و بەدەم گریانەوە بە پاسەوانەکەی وت: گەر تا ئەو بیست ساڵە ڕێگەم نەدەیت ئەوا منیش تا بیست ساڵی تر لەو دیوە دەرگاکەوە چاوەڕواندەبم، چۆن تازەدەتوانم بگەڕێمەوە دامێنی چیاکە، لە کاتێکدا لەوێ جێگەم نەماوە و کەسی لێناناسم، هەرگیز لەو ئێوارەیەدا ناچم، کەسی لێنییە قسەی لەگەڵ بکەم و بەیەکەوە یاری بکەین، من کەس ناناسم، بەڵام پاسەوانەکە ڕووی لێوەرگێڕاو دوورکەوتەوە، ئەو پیاوە بچکۆلەیە، هەتا ئەو کاتە هەربچکۆلەبوو، دەترسا دەم بکاتەوەو قسەبکات، خواوەندی مەرگ گوێی لێبوو، ناچاربوو خۆی هاتە دەرێ بزانێت ئەو هاوارە چییە؟ پاسەوانەکە پێیگوت:– پیاوێکی بچکۆلە لەو دیوو دەرگاکەوە

هاتوهاوار دەست پێدەکات دەتوانین ئەو کەسە لە پێش کاتی خۆیدا وەربگرین؟ دەڵێی بگەڕێ بابێتە ژوورەوە و قیرەقیڕ کۆتایی بێت، باشە؟ ئەی ڕای تۆ لە بارەی ئەو چیرۆکەوە چۆنە؟

پیاوەکە: ئەو چیرۆکە

ژنەکە: ئەو چیرۆکە؟

پیاوەکە: خۆت ئەو چیرۆکەت دروستنەکردووە؟

ژنەکە: نەخێر تۆ بویت دروستتکرد، تۆ لە زۆر دەمێکەوە ئەو چیرۆکەت ڕێکخستووە، تا ئێستاش هەر بەردەوامی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵاوبکرێتەوە، تۆش لەو باوەڕەدانیت؟

پیاوەکە: من؟.

ژنەکە: تۆ...چی؟

پیاوەکە: با واز لەو شتە بهێنین

ژنەکە: لەچی؟

پیاوەکە: تۆ ئەمشەو

ژنەکە: من ئەمشەو

پیاوەکە: وادەردەکەوێت

ژنەکە: چۆن؟

پیاوەکە: بەو شێوەیەی کە..

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: بەو شێوەیەی کە... بەو شێوەیەی کە...

ژنەکە: بەڵێ من دەزانم... من دەزانم کە تۆ هیچت نەخواردووە بەڕاستی وانییە؟

نەخێر پێویستە لە کاتی گەڕانەوەتدا بچیتە چێشتخانەیەکی میللی و شتێك بخۆیت، لەوێ هەموو جۆرە خواردنێك دەست دەکەوێ، ڕەنگە لەوێشە لەکاتی خواردندا کەسێکی تر بناسیت، من کاتێك دەچمە ئەو جۆرە چێشتخانەیە لە کاتێکدا دەمەوێت جۆری دەرمانەکانم دەست بکەوێت، لەو شوێنەدا هەموو جۆرە خەڵکێك دەبینم، کە خەریکی خواردنن، گوێیان لێدەگرم کە بەیەکەوە ئەدوێن، وەك ئەوەی یەکتر بناسن، لە شوێنی وادا ئەو جۆرە نوسینانە زۆر ئاسانە، چونکە بەیەکەوە لە تەنیشت یەکتری دادەنیشن و خوانی سفرەکەش لە یەکتر جیایان ناکاتەوە، من وادەزانم ئەو جۆرە یەکترناسینانە بۆ تۆ زۆر سوودی هەبێت، چونکە وا ڕێکدەکەوێت هەندێ ئێواران کە گوێم لە دەنگی لێدانی دەرگاکە دەبێت، من لە نهۆمی سەرەوەم و دەمەوێت بێمە خوارێ یان وا هەست نەکەم کە دەتوانم بێمە خوارێ و دەرگاکە بکەمەوە، لەو کاتەدا کە تۆ لێی ئەدەیت، بڵێیت لە دواجاردا وا پێویست دەکات ناسیاوی ترت هەبێت و پەنایان بۆ بەریت.

پیاوەکە: لەو باوەڕەدام ئێستاش ئازارت هەیە.. وانییە؟

ژنەکە– ئەگەر هەشم بێت هینی منەو هی تۆ نییە، حەقیش بە خۆم ئەدەم نەهێڵم لە بارەی ئازارەکانمەوە قسەبکەی، وایە؟ ئەو کەسەی ئازار دەچێژێ بۆی هەیە ئازارەکەی هەر بۆ خۆی بێت، بەڵام هەوڵبدە ئەمشەو بچیت بۆ چێشتخانەیەکی میللی، بەڵام بە ڕوویەکی گرژو مۆن

و دڵتەنگەوە مەڕۆ، بەڵکو بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە بڕۆ و لە تەنیشت پیاوێکی ڕووخۆشەوە دانیشەو لە پێشەوە قسەیەك بکەیت و چاوەڕێش نەبیت کەس وەڵامتبداتەوە، من ئەوەندە ئەزانم کە تۆ زۆر حەزت بەقسەکردن نییە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا وا پێویستدەکات هەندێ کاربکەیت بەلای خۆشتەوە گران بێت.

بۆیە بچۆ بۆ ئەوێ لەو شوێنە دانیشە کە ساردیی لێ دەفرۆشن لەوێ هێلکەو ماست بخۆ و قسەبکەو بڵێ ئەمشەو گوێت لە دەنگی "کوندە پەپوویەك" بووە لە سەر دارخورماکە لاسایی دەنگی تۆیکردۆتەوە، ئینجا ئەوانیش باوەڕت پێناکەن، بەڵام ڕێگەت بۆ خۆشدەکات قسەبکەیت.

پیاوەکە: لەو باوەڕەدام ئەوەی مەبەستتە ئەو...

ژنەکە: ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە پێویست دەکات شتەکان لە ژیاندا بگۆڕین.

پیاوەکە: پێویستە گۆڕانەکان بە خێرایی ڕوونەدەن.

ژنەکە: دەتوانی هەموو گۆڕانەکان بە سانایی وەربگریت، گەر لەگەڵیدا ڕاهاتیت، هەر لەبەر ئەوەش باسی چێشتخانە میلیەکەو شوێنی ساردی فرۆشەکەم بۆ نەکردی.

پیاوەکە: ئەوێ شوێنێکە پڕە لە ڕووناکی و جەنجاڵ، بۆیە هەرگیز ناتوانم کەسێك لە شوێنێکی وادا بناسم، کە ئەو هەموو ڕووناکییەی تێدا کۆبۆتەوە.

ژنەکە: وا ماوەی ساڵێکە ڕۆیشتووە.

پیاوەکە: چی؟

ژنەکە: چی بڵێم وا ساڵێکە ڕۆیشتووە.

پیاوەکە: چی؟

ژنەکە: ئەوە موهیم نییە، دەمەوێت بڵێم ئەوە لە یادەوەریمدا نەماوە.

پیاوەکە: (دوای کەمێك بێدەنگی) ئایا دەتەوێت هەر ئێستا بڕۆم؟.

ژنەکە: ڕاکردن دەروازەیە بەرەو مەرگ (ئەمشەو پلانەکەم دەگۆڕێت، دوای ئەوەی دەچمە نهۆمی سەرەوە، ئێستا دەتوانم بەسەر پلەکانەکاندا سەرکەوم، ئەگەر ماوەیەك لەسەر هەر پلیکانەیەك بوەستم و دەست بەلاتەنیشتەکانەوە بگرم، دەتوانم تا ناوەڕاستی پەیژەکە سەرکەوم، لەوێ ماوەیەك بحەسێمەوە لە دواییدا سەردەکەومە سەر پلیکانەکانی تر، بەڵام بەنیسبەتی تۆ پێم باشە هاوڕێی نوێ بناسیت، ڕەنگە ئەگەر لە دوکانی ساردەمەنیفرۆشەکە نەبێت لە باڕەکە دەست بکەوێت، شتێك بە کەسێك بڵێ ئەوە ئامۆژگاریی منە بۆ تۆ، بەڵام وا دەزانم تۆ گوێی بۆ ناگریت..

پیاوەکە: بەڵام کەسە ناسراوەکان نابن بە هاوڕێ.

ژنەکە: هاوڕێ کێیە؟ لەو کارەگەڕێ، بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە لە چێشتخانەکە شتێك بخۆ.

پیاوەکە: لە کاتی سەرکەوتنت یارمەتیت بدەم پێش ئەوەی.

ژنەکە: لە ڕۆژانی ڕابووردودا لەسەر ئەو قەرەوێڵەیە دەنووستم، چونکە پلیکانەکان زۆر بەرزو لاربوون، بەڵام ئەمشەو وادەزانم دەتوانم

سەرکەوم، تا نیوەی سەردەکەوم و لە دواییدا کەمێك ئیسراحەت دەکەم و پاشتر دەست بەسەرکەوتن دەکەمەوە بەسەر پلیکانەکاندا، بەڵێ دەتوانم بۆ ماوەیەك لێرە پشووبدەم.

پیاوەکە: لێرە دەمێنمەوە، تا دەچیتە ژووری نوستنەکەت، ئینجا دەچمە دەرەوە.

ژنەکە: نەخێر.. نەخێر چاوەڕێم مەکە، ئێستا بچۆ دەرەوە، من دەمەوێت پێش ئەوەی خەوم لێکەوێت، ماوەیەك لەگەڵ خۆم بدوێم.

پیاوەکە: واچاکە لە ناوەڕاستی پلیکانەکاندا و لەسەر کورسیەکە نەنویت، ئەی لێرەدا ناتوانیت بنویت؟

ژنەکە: ئەوەی دەتەوێت ئەیکەم.

پیاوەکە: من نیگەرانم، من نامەوێ ئەوە بڵێم کە تۆ مەبەستتە.

ژنەکە: فەرموو برۆ دەرەوە و دەرگاکە داخە.

پیاوەکە: کێلونەکە لە ناو دەرگاکەدایە.

ژنەکە: ئەوە ڕاستە، ئەوە بەشێکی کەم لە پلانەکە دەگۆڕێت، بەڵێ پێویستە خۆم دەرگاکە داخەم.

پیاوەکە: من وابەباش دەزانم، ئەمشەو بە تەنها تۆ جێنەهێڵم.

ژنەکە: ئەوە بیرکردنەوەی تۆیە، بیرکردنەوەی من نییە، چ ئێوارەیەکە، دەی برۆ دەرەوە چ ئێوارەیەکی پڕ لە ماندوبوون بوو.

پیاوەکە: داوای لێبوردن ئەکەم، من وا بیردەکەمەوە کە تۆ هەست و سۆزێکت بەرامبەر بە من هەبوو ئێستا وانیت.

ژنەکە: ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئەگەر تۆم خۆشنەویستایە نەمدەهێشت بێیتە ژوورەوە، هەر خۆشمویستی و بەردەوامیش خۆشمدەوێیت، بەڵام ئێمە چوین بۆ دوو وڵاتی جودا، تۆ چویت بۆ وڵاتی غەریبی و منیش بۆ وڵاتێکی تر.

پیاوەکە: دەتوانم بمێنمەوە؟.

ژنەکە: نەخێر... نا داوای لێبوردن دەکەم پێویستە ئێستا بڕۆیت.

پیاوەکە: تۆ...

ژنەکە: من چی؟

پیاوەکە: ژیانم هەمووی شتێکی تر نییە بۆ عیادە دەگەڕێمەوە بۆ خوێندنگە.

ژنەکە: کارەکانم بەسەرەوە قورس مەکە.

پیاوەکە: تکات لێدەکەم ڕێگەم بدە، بابمێنمەوە.

ژنەکە: نەخێر... دەرگاکە بکەرەوە بچۆ دەرەوە.

پیاوەکە: ئەی بەیانی کە گەڕامەوە، ئایا...

ژنەکە: چی؟

پیاوەکە: ڕێگەم ئەدەیت بێمە ژووریٚ؟

ژنەکە: ئەگەر ئێستا بڕۆیت، بەڵیٚ، بەڵام ئەگەر تۆ...

پیاوەکە: کەواتە من ڕۆیشتم، هەوا... ئاسمان

ژنەکە: هەواو ئاسمان چییانە؟

پیاوەکە: ئەمشەو ڕووناکییەکی سەیری هەیە..

ژنەکە: بەدرێژایی ئەمشەو کەڵەشێر دەخوێنێت، چونکە وادەزانێ بەیانی نزیکبووەتەوە، بە هیوام لەگەڕانەوەتدا کاتێکی خۆش بەسەربەری، پشوو بە دەروونت بدەیت، بێگومانبە من گرنگیت پێدەدەم، بەڵام ئەبێت ئەوەشت لەبیر بێت ئێمە بۆ دوو وڵات دەچین، کە لەیەکەوە دوورن، ئەو جگە لە من کەسی تری نییە، منیش جگە لەو کەسی ترم نییە، ئۆی دەرگاکە دانەخراوە، واباشە بچمە خوارەوە دەرگاکە داخەم.

پیاوەکە: لێمگەڕێ با ئێستا یارمەتیت بدەم سەرکەویتە سەرەوە.

ژنەکە: نەخێر قەیناکە، برۆ خوارەوە، برۆ..

پیاوەکە: من... تۆ..

ژنەکە: بەداخەوە بە تەنیا لێرەدەبم، ئەگەر بەیانی کە لە خەو هەڵسام تۆم لێرەبینی هیچ سەرم سوڕنامێنێت، لەو باوەڕەدام تۆ هەمیشە حەزدەکەیت لەمماڵەدا بەیەکەوەبین و پێکەوە بژین، تۆ دەزانی هەموو شتەکان لە کوێن، تەلەفزیۆنەکە، خواردنەوەکان، سەلاجەکە، ژووری نوستن... هتد لە ناو ئەو هەموو خۆشییەدا بەجێت دێڵم و دەچم دەنووم، لەو باوەڕەشدام بەیانی بگەڕێیتەوە بۆلای خوێندکارەکانت.

لێرە بە دواوە ڕێم لێمەگرە و منیش هیچ عیلاقەیەکم بە تۆوە نەماوە، با لە دەرەوە گوێ لە ئاوازی باڵندە بگرین، ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئوتێل، بەڵام لە ئێستادا کات زۆر کورتە، ڕەنگە ئەوان بزانن کە تۆ بێ ئیشی.

پیاوەکە: بۆ ماوەیەکی زۆرتر دانیشە.

ژنەکە: دادەنیشم بۆ ماوەیەکی کورت.

پیاوەکە: تۆ ئێستا خەوتویت، تۆ خەوت لێکەوتووە.

ژنەکە: بەداخەوە من ناتوانم پێشبینیی سبەینێ بکەم.

## پێڕست:


| | |
|---|---|
| -تینسی ولیامز بۆ؟ | ٥ |
| -تینسی ولیامزو ئاڕاستە نوێکان... | ١١ |
| -تینسی ولیامز لە شانۆی ئەمریکیدا | ١٣ |
| - گالیسکەی ئارەزوو.. گالیسکەی شێتی | ٣٨ |
| - تینسی ولیامز لە نێو دەقەکانیدا | ٤٣ |
| - پەرەسەندنی چەمکی تراژیدیا... | ٥١ |
| - تراژیدیاو ژیاننامەی نووسەر | ٥٤ |
| -(هاوین و دوکەڵ) نمونەیەکی نوێ | ٦٣ |
| - کۆتەکانی وەهم | ٦٩ |
| - خاڵی دەستپێك (سەرەتا) | ٧٥ |
| - وێنەیەك لە واقیع | ٨١ |
| - دڵە گەورەکە | ٨٨ |
| - چەند تێبینییەك لە دەرهێناندا | ٩٤ |
| - لەنێو میسۆلۆژیای خواوەندەکاندا | ١٠٦ |
| - ئۆرفیوس لە وێنەی تردا | ١٠٩ |
| - ڕێوی یان شەڕی فریشتەکان | ١١٢ |
| - بینینە ئاینییەکان | ١٣٦ |
| - شانۆیی "ناتوانم پێشبینیی سبەینێ بکەم" | ١٥١ |